ڕۆحی حیکایەتخوان لە ڕێگەی شتە سادەکانەوە دەردەکەوێتەوە..
ئەحمەد ڕەسوڵ

بۆ یادی کۆچی دوایی مامۆستا حسین عارف

ئەستێرەیەکی هەرە گەشی هونەری چیرۆکنووسین و حیکایەتخوانیی ئێمە، بۆ هەمیشە لە ئاسمانی ئەدەبیاتدا بە ئارامیی لە خاڵێکدا بۆ هەتا هەتایی جێگیر بوو.
مامۆستا حسەن عارف، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی مەزن و سەردەستەی هونەری گێڕانەوە و حیکایەتخوانیی، کۆچی دوایی کورد و خەرمانێک لە چیرۆکی ئەفسووناویی بۆ جێهێشتنین.
هەردەم لە یادەوەریی ئەهلی ئەدەبیاتدا، یادی مامۆستا حسەن عارف، گەش و هەرمان دەمێنێتەوە.
…
لە سەرەتای منداڵیی و نەرجەوانیمانەوە بە ناوە جوانەکەی حسەن عارف ئاشنا بووین.
یەکێک لەو کتێبانەی لە منداڵییەوە، چووە نێو یادەوەریمانەوە، کتێبی کۆمەڵە چیرۆکی گەلەگورگی مامۆستا حسین عارف بوو. بە وردیی نازانم لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی یان ناوەندیم بوو کە ئەو کۆمەڵە چیرۆکەم خوێندەوە و خەیاڵی منداڵانەی منی چەند هێندەی دیکە فراوانتر و ئەفسووناویتر کرد.
…
پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە چایخانەیەکی لاچەپەک لە ناوبازاڕی سلێمانی دانیشتبووم و چایەکم خواردەوە، لەگەڵ ئەوەی چایەکەی من دیشلەمە بوو، "چای شیرین" ی مامۆستا حسین عارفم هاتەوە یاد. چای شیرینی ئافتاو بۆ مەحمود. هەستی پاکی خۆشەویستی گەنجێکی ١٩ ساڵان بۆ کچێکی گەنج، کە هەردووکیان پڕن لە ئیحساس و هەیەجانی خۆشەویستییەکی سادە و ڕاستەقینە کە بۆ یەکەم جار لە ژیانیاندا ئەو هەستە دەژین.
…
مەزنیی شاعیر، حیکایەتخوان و ئەدیبان لەوەدایە، ڕۆحیان دەچێتە نێو هەموو ئەو کاڵا و شتە ماددییانەی دەوروبەرمان و هەموو دیاردە و دەرکەوت و بوونێکی نێو سروشتەوە. هونەرێک کە بە ئەم کارە

لە بەردەستی ئەواندایە، تەنها ئەدەبیاتە و هیچیتر.
کاتێک دەچینە سەر کانییەک یان سەردەریایەک و سەرنج لە شەپۆلە بەهێزەکانی دەدەین یان مانگەشەوێک، خۆبەخۆ شیعرەکەی مامۆستا گۆران دیتەوە یادمان.
کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو
لە بنیا بلەرزە، مرواری زیخ و چەو.
جوانترە لەلای من، لە دەریای بێسنوور
شەپلە باتە بەر تیشکی ڕۆژ شەپ و هوە.
یان کاتێک ساڵانە دەگەینەوە، یادی ئەنفال، تێکستە قووڵ و ئەفسووناویی و نەمرەکەی شێرکۆ بێکەسمان لەبارەی ئەنفالەوە دێتەوە یاد:
وەی بە سووتانی ڕۆحی ئازیزە.
یان مانگەشەو، دەمانباتەوە لای شیعری "ئەی مانگ" ی فایەق بێکەس کە بە دەنگە نایاب و هونەرە نەمرەکەی مامۆستا عەلی مەردان، کراوە بە مەقام.
ئەی مانگ من و تۆ هەردووو هاودەردین.
یان من وەکو خۆم هەر کاتێک گوێ لە گۆرانیی "ئاتەشەم" ی ئەفخەم موهاجیر دەگرم، ڕاستەوخۆ شیعری "ئاگرەکەم مەسێنەوە" ئ ئازاد سوبحی دێتەوە یادم.
یان هەروەکو شێرکۆ بێکەس خۆی لە دانیشتنەکی سادە و ئاساییدا، باسی ئەوە دەکات، ئەگەر تەماشای زنجیرە شاخی گۆیژە بکەین و بە وردیی سەرنجیان بدەین بە قەدپاڵی هەر لوتکەیەکەوە، وێنەی یەکێک لە کەسایەتییەکانی شاری سلێمانی دەبینین، لە وێنەی پیرەمێرد، فایەق بێکەس، … هتد.
ڕۆحی شاعیران و چیرۆکنووسان و حیکایەتخوانەکان، دەچێتە نێو شەقام و باخچەکانەوە، دەچێتە نێو کاڵا و کەلوپەلەکانەوە، دەچێتە نێو دیاردە سروشتییەکانەوە، دەچێتە نێو بوون و دەرکەوتە سروشتییەکانەوە، دەچێتتە نێو شتە هەرە سادەکانی ژیانی ڕۆژانەمانەوە و لە ڕێگەی ئەو شت، دیاردە، دەرکەوتە، کەلوپەل، کاڵا و شتە سادانەوە هەردەم شاعیران، چیرۆکنووسان و حیکایەتخوانەکانی ڕۆمانەکانمان دێنەوە یاد.
…
ڕۆحی مامۆستا حسین عارف، بە هەمیشە شاد و لە ئاشتیی و ئارامییدا، لە چایەکی شیرین، لە بینینی گەلەگورگەکدا با لە ڕێگەی شاشەی تیڤی یان مۆبایلەکانیشمانەوە بێت، یان لە خودی شاردا دەردەکەوێتەوە و دێتەوە بەر دیدەمان ودێتەوە نێو خەیاڵ و یادەوەریمان.

نەخوێندنەوە یان تێنەگەیشتن.. وەڵام بە هەمەر محەممەد.. ئەحمەد ڕەسوڵ

بەڕێز هەمەر محەممەد نووسینێکی بە ناونیشانی "پشیلەی مردوو یان ئەژدیهای زیندوو؟" وەکو وەڵامێک بۆ وتارێکی پێشتری من بە ناونیشانی "تەعریب، ستراتیجی پشیلەی مردوو" بڵاوکردووەتەوە.

من کاک هەمەر ناناسم و هیچ لە بارەی پاشخانی سیاسیی ئەو بەڕێزە نازانم و گرنگیش نییە بۆم، بەڵکو من مامەڵە لەگەڵ دەقی نووسینەکەی دەکەم. هەڵبەت ئەوە دەزانم کە نووسەرێکی بواری پرۆسەی ئەنفالە.

لە دوو ڕۆژی ڕابردووەوە تا ئێستا کۆمەڵێک هاوڕێی فەیسبووک لە مەسنجەرەوە لینکی وتارەکەیان بۆ ناردووم و پرسیاریان کردووە ئایا هیچ وەڵامێکم دەبێت لە کاتێکدا پێش ئەو هاوڕێیانە، خۆم بینیم.

دوای ئەوەی بە وردیی وتارەکەم خوێندەوە تێنەگەیشتم ئایا کاک هەمەر وتارەکەی منی بەو شێوەیەی کە هەیە نەخوێندووەتەوە یان تێینەگەیشتووە لە کاتێکدا ڕوون و سادە بە خوێندنەوەیەکی ورد لە مانا و مەبەستە دروستەکانی وتارەکە تێدەگەیت. سەرەتا نەمویست وەڵامی بدەمەوە لەبەرئەوەی پێم وابوو کاک هەمەر وتارێکی نووسیوە کەمترین وەڵامدانەوەی تێدایە بۆ وتارەکەی من سەرباری ئەوەش کە هەڵەی لۆژیکی زۆری تێدایە، بەڵام دوای سەرنجی چەند هاوڕێیەکم کە وتارەکەشیان بۆ ناردبووم، ئەوەم بە باشتر زانی کە وەڵامی بدەمەوە.

هەڵە لۆژیکییەکان

ڕاستە نووسینەکەی کاک هەمەر، هەندێ کۆتەیشنی "کۆتەیشن واتا وەرگرتنی واژەیەک، دەستەواژەیەک، ڕستەیەک، دێڕێک یان چەند دێڕێک یان بەشێک لە نووسینێک و لە نێو کەوانەدا دایدەنێین بۆ پشتگیریکردن یان وەڵامدانەوە یان ڕەخنەکردنی نووسینێک" وتارەکەی

منی تێدایە، بەڵام لە پەیوەند بە کۆتێیشنەکانەوە چەندین جۆر هەڵەی لۆژیکی تێدایە کە ئەمانەن:

یەکەم: لە هەندێکیاندا مانای پێچەوانەی پێداون "misrepresenting" و لەسەر ئەو مانا پێچەوانانە بینای گوایا ئارگیومێنتەکانی خۆی کردووە، ئەمەش پێی دەگوترێ "Straw man" واتا داهۆڵ کە یەکێک لە هەڵە لۆژیکییەکانە "Logical Fallacies" واتا بیناکردنی ئەرگیومێنت لەسەر مانا و تێگەیشتنی هەڵە، کە دەرئەنجام ئارگیومێنتێکی نادروستی لێدەکەوێتەوە.
نموونە: کاتێک دەڵێت: "پرسیاری جەوهەری ئەوەیە: تۆ بە لۆژیکی پشیلەی مردوو دەکەیتە ئارگیومێنت لەکاتێکدا ئەوەی مەترسییە ئەژدیهای زیندووە."
هەر لە بنەماوە کاک هەمەر کێشەی تێگەیشتنی هەیە لە کڕۆکیترین بەشی وتارەکەی من و لە ستراتیجی پشیلەی مردوو. من لە وتارەکەمدا بە وردیی و ڕوونیی هەم ستراتیجی پشیلەی مردووم باسکردووە و هەم هۆکار و ئامانجی بەکارهێنانی ئەو ستراتیجەم باسکردووە و هەم ئەوەشم ئاماژە پێداوە کە ئەوانە کێن کە ئەم ستراتیجە وەکو تاکتیک بەکاردەهێنن و هەروەها لە چ کاتێکدا و کەی بەکاریدەهێنن. هەر کەسێک بگەڕێتەوە بۆ وتارەکەی من و بە سادەیی بیخوێنیتەوە لێی تێدەگات.
ستراتیجی پشیلەی مردوو، چەمکێکە یان ناوێکە بە هەر پرس و بابەتێک بەکاردەهێنرێت لە نێو چێوەی سەرقاڵکردنی سیاسییەکان و بە ئامانجی دابەشکردنی کۆمەڵگای سیاسیی بەکاردەهێنرێت کە وەکو تاکتیک لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پەنای دەبرێتە بەر بە ئامانجی لابردنی سەرنجی دەستەبژێری کۆمەڵگا و ڕووبەری میدیایی و هاونیشتمانیان بۆ گشتی لەسەر ئەو پرس و بابەتانەی کە دەسەڵاتداران لاواز و دۆڕاون تێیاندا و نیگەرانن بە باسکردنیان. لینتن کڕۆسبی ئەو ستراتیجەی ناوناوە پشیلەی مردوو کە مەبەست لە وروژاندنی هەستی خەڵکە و ڕاکێشانی سەرنج و بیرکردنەوەی ئەوانە بۆ ئەو بابەتێکی سیاریکراو و لابردنی سەرنجیان لەسەر بابەتێک یان بابەتگەلی دیاریکراوی دیکە.
بە کورتیی، ئەگەر ئەم کێشەیەی کە ئێستا بە تەعریب لەلایەن کاک هەمەر و ئەوانیدیکەوە باسی لێوە دەکرێت و دەیانەوێت هاونیشتمانیان و میدیا و ڕووبەری گشتی کۆمەڵگای ئێمەی پێوە سەرقاڵ ببێت و دابەشکاریی سیاسیی بهێنێتە ئاراوە، تەنانەت ئەگەر بە ئەژدیهای زیندووش ناویبەرین هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت و لەو کاتەدا ئەوە ئەژدیهای زیندووە کە دەسەڵاتداران لە ژێرەوە و ناڕاستەوخۆ هەڵیانداوەتە سەر مێزی گفتوگۆی دەستەبژێران و میدیا و

ک□م□□گا ب□گشتیی و ه□مووانیان پ□و□ س□رقا□کردوو□ ل□ کات□کدا باب□ت و پرسی س□ر□کیی و گرنگی خ□□ک پشیل□ی مردوو یان ئ□ژدیهای زیندوو ن□بوو□ ب□□کو پرس و باب□تگ□لی دیک□ بوون ک□ مای□ی گفتوگ□ و پ□و□س□رقا□بوونی خ□□ک بوون ب□□ام ئ□وان ب□و پرس و باب□تان□ نیگ□ران بوون و ت□یاندا لاواز و د□□او بوون و باب□ت□کان ل□ دژی ئ□وان بوون ک□ واقعیی□تیان ه□بوو□. ل□ وتار□ک□مدا باسی ئ□و پرس□ گرنگ و کاریگ□ر□ واقعیی و □است□قینان□م کردوو□ ک□ باب□تی ئ□ستایی خ□□کن و ل□ دژی د□س□□اتداران و ب□□ام ب□ه□ی پشیل□ی مردوو یان ت□ ب□□ ئ□ژدیهای زیندوو□و□ ه□و□د□در□ت ک□ خ□□ک باب□تی گرنگ و □□ژان□یی و واقعیی□کانی خ□ی ل□ بیربب□ر□ت□و□ و ب□ باب□ت□کی تر□و□ س□رقا□ بکر□ت. ئ□م□ س□رباری ئ□و□ی ک□ کاک ه□م□ر د□ست□واژ□ی ئ□ژدیهای زیندووی ل□ شو□نی تر□و□ و□رگرتوو□ ب□ب□ ئ□و□ی ئاماژ□ی پ□بکات.

واتا کاک ه□م□ر ئ□و□ی ف□رام□ش کردوو□ یان ت□ین□گ□یشتوو□ ک□ ستراتیجی پشیل□ی مردوو، تاکتیکی د□س□□اتداران□ ب□ س□رقا□کردنی ک□م□□گا ب□ باب□ت□ک□و□ و لابردنی س□رنج و بیرکردن□و□ی گشتی ل□س□ر باب□ت□کی تر. واتا ئ□و□ د□س□□اتداران ک□ گ□م□ک□یان دیاریکردوو□ و کاک ه□م□ر و ئ□و ب□□□زان□ی دیک□ش ک□ و□کو کاک ه□م□ر ه□موو وز□ی خ□یان خسوو□ت□ گ□□ ل□و پ□ناو□دا و ل□ ب□رئ□نجامدا منیش و ز□ری دیک□شی پ□و□ س□رقا□ کراو□. ناوی ستراتیج□ک□ ه□رچیی□ک ب□ت هیچ ل□و □استیی□ ناگ□□□ت ک□ ئ□م□ تاکتیکی س□رقا□کردنی نوخب□ و ف□زای میدیایی و □ووب□ری گشتی ک□م□□گای□ ب□و پرس و باب□تان□و□ ک□ د□س□□اتداران ل□ پشتییان□و□ن، ک□ من ل□ وتار□ک□مدا ب□ دروستکراو یان ب□رهەمه□نراو□ سیاسیی□کان “مانیفاکت□رکراو□ سیاسیی□کان” ناومه□ناون.

واتا ئ□گ□ر ت□عریب و□کو ئ□و□ی کاک ه□م□ر و ئ□و ب□□□زان□ی دیک□ش ک□ باسی ل□و□ د□ک□ن □استیی□ک و □□وای□تیی□کی ل□ ن□و خ□یدا ه□□گرتب□ت، ه□شتا ه□ر و□کو تاکتیک یان ستراتیجی پشیل□ی مردوو یان ب□و ش□و□ی□ی ک□ کاک ه□م□ر د□یخواز□ت ئ□ژدیهای زیندوو، ب□کاره□نراو□ و مام□□□ی ل□گ□□ کراو□ ک□ ل□لای□ن د□س□□اتداران□و□ ب□ ش□و□ی□کی نا□است□وخ□ و ل□ □□گ□ی بریکار□ ب□ر س□ب□ر□کانیان□و□ تو□ه□□دراو□ت□ س□ر م□ز□ک□ و ه□مووانی پ□و□ س□رقا□کراو□ و ل□ر□و□ د□ست□بژ□□ و میدیا و ک□م□□گا دوورخراو□ت□و□ ل□ باب□ت□ □□ژان□یی، واقعیی و □است□قین□کان.

کات□کیش ک□م□□گا ب□و باب□ت□و□ س□رقا□کراو□، خ□ ئ□م□ ب□ چار□س□ری ئ□و ک□ش□ی□ نیی□، یان □□گ□ گرتن ل□ زیاتر گ□ور□بوونی ک□ش□ک□، ل□لای□ن د□س□□اتداران□و□. ت□نها س□رقا□کردن□ و هیچی تر. ل□

وتارەکەشمدا ئاماژەم بەوە کردووە کە دەشێت دەرئەنجام دەسەڵاتدارێتییە خێڵەکییەکەی بزووتنەوەی کوردایەتیی، بیکاتە دەستمایەی خۆی بۆ ساتوسەودا لەگەڵ بەغدا بۆ خۆ دەربازکردن لە هەندێ کێشەی شەخصیی و حزبیی و بنەماڵەیی خۆیان و بەدەستهێنانی هەندێ دەستکەوتی شەخصیی، سیاسیی و بنەماڵەیی.

نموونەیەکی دیکە: کاتێک کاک هەمەر دەنووسێت: “ئەوەی دێت بۆ بازرگانی و سپیکردنەوەی پارە دەیفرۆشێتەوە” کە مەبەستی خەڵکی هاتووی عەرەبە بۆ کوردستان، کە گوایا ئەمەی لە وتارەکەی منەوە وەرگرتووە و دەرئەنجامگیریی کردووە و گوایا بەڵگەیەکە لە دژی خۆم. بەڵام ئەمە پێچەوانەی مانا و مەبەستی ڕوونی نێو نووسینەکەی منە لە بارەی سپیکردنەوەی پارە کە من لە وتارەکەمدا باس لە بەڵێندەران و وەبەرهێنەرانی کورد دەکەم کە بەشێکیان “ڕەنگە ئەگەر بڵێم زۆرینە هەڵە نەبێت” بە هاوبەشیی لەگەڵ دەسەڵاتداران یان وەکو بریکارێکی ئەوان، پڕۆژەی یەکەکانی نیشتەجێبوون بونیاد دەنێن و ئەمەش لە بەشێکی زۆریدا سپیکردنەوەی پارەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانە.

ئەمە لە وتارەکەی مندا کە ماناکەی سادە و ڕوونە، بەڵام کاک هەمەر مانایەکی پێچەوانەی دەداتە پاڵ، کە هەڵەیەکی لۆژیکییە.

ئەم دوو نموونەی سەرەوە، هەڵەی لۆژیکی نێو وتارەکەی ئەو بەڕێزەن کە مانای پێچەوانە “misrepresenting” دەداتە پاڵ دەستەواژە یان دەربڕنەکانی نێو وتارەکەی من. جا هەڵە لۆژیکییەکە بە مەبەستەوە بێت یان بەبێ مەبەست و لە تێنەگەیشتنەوە بێت هیچ جیاوازی نییە.

لە نێو هەڵە لۆژیکییەکاندا ئەم هەڵە لۆژیکییە پێی دەگوترێ داهۆڵ “Straw man” و تێ دەیت لە دەستەواژە و ڕستەکانی نووسینی ئەو کەسەی کە بە ئامانجت گرتووە، مانای پێچەوانە دەسازێنیت و ڕەخنەیان دەکەیت. واتا داهۆڵێک دروست دەکەیت و دەیکوتی لە جێگای مانا دروست و ئارگیومێنتە ڕاستەقینەکان. ئەمەش لە بەرئەوەی ئاسانترە و ناتوانیت مانا دروست و ئارگیومێنتە ڕاستەقینەکانی نووسینەکە ڕەخنە بکەیت و پووچەڵیان بکەیتەوە.

دووەم: لەهەندێک کۆتەیشنی دیکەدا، هەندێ واژە یان دەستەواژەی بەکارهێناوە کە وایدادەنێت “assuming” و وەها پیشاندەرێت کە من وام نووسیوە یان مەبەستم ئەوە بووە لە کاتێکدا وتارەکەی من هیچ واژەیەک و دەستەواژەیەکی وەهای تێدا نییە و بە تێگەیشتنێکی سادە و خوێندنەوەیەکی سادەش ناگەیت بە وەها مەبەستێک ، کە دیسانەوە ئەمەش هەڵەیەکی تری لۆژیکییە.

نموونە: کاتێک دەڵێت: “من نە حزبییم نە شۆڤێنیی” یان لە شوێنێکی

تردا دەڵێت: "لە کاتی دەنگ بەرزکردنەوەم لە دژی ئەم نادادییە بکەم بە شۆڤێنیی" لە چەند شوێنێکی تریشدا واژەی شۆڤێنی یان شۆڤێنیستی بەکارهێناوە کە لە کۆنتێکستی نووسینەکەیدا ئەوە پیشان دەدات و ئەو مانایە دەدات کە گوایا وەکو ئەوەی من لە وتارەکەمدا وەهام نووسیوە یان مەبەستێکی وەهام هەبووە و ئەویش هاتووە وەڵامی داوەتەوە.
لە کاتێکدا لە وتارەکەی مندا، بەهیچ جۆرێک ووشەی شۆڤێنی یان شۆڤێنیست نەهاتووە و لە هیچ شوێنێکی وتارەکەشمدا ئەو مانایە یان ئەو مەبەستە نادۆزیتەوە لە ئاست ئەو کەسانەی باسی تەعریب دەکەن.
واتا کاک هەمەر، هەر بە خەیاڵی خۆی واژەیەک دەداتە پاڵ نووسینەکەی من، چ ئەوەی وەهام نووسیبێت یان مەبەستم ئەوە بێت، و دواتر دێت وەڵامی دەداتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت، کاک هەمەر وەڵامی خەیاڵ و لێکدانەوەی خۆی دەداتەوە نەوەکو نووسینەکەی من و مانا و مەبەستەکانی. کاک هەمەر هێندە ترس و خەیاڵی لای ئەوە بووە بە شۆڤێنی لە قەڵەم بدرێت، هاتووە ئەمەی بەسەر نووسینەکەی من و مانا و مەبەستەکەیدا شکاندووەتەوە و ئینجا وەڵامی داوەتەوە و بەرگری لە خۆی کردووە، گوایا شۆڤێنی نییە. ئەمە هەڵەیەکی لۆژیکییە کە پێی دەگوترێت: وەها دانان "assuming"

سێیەم: لە هەندێک شوێنی تردا هەمان ئارگیومێنتی نێو وتارەکەی من دەهێنێت و دەیکاتەوە بە گژ مندا. لە کاتێکدا من ئەو ئارگیومێنتەم بونیاد ناوە و دەرئەنجامی وتارەکەی منی لەسەر بینا کراوە، چۆن دەکرێت لە بەرانبەر مندا بەکاربهێنرێتەوە، کە ئەمەش هەڵەیەکی تری لۆژیکییە.
نموونە: کاک هەمەر باسی ئەوە دەکات کە منیش هەر وەکو ئەو هیچ ئامارێکی ورد و ڕاستەقینەم لەبەردەست نییە. واتا وەکو ئەوەیە کە چۆن من داوای ئامار لە ئەوان دەکەم؟ ئەوانیش داوای ئامار لە من دەکەن؟
بەڵام ئەمە چ بەماناییەکە! ئەوانەی بانگەشەی مەترسیی گەورەی! تەعریب! لە نێو هەرێمی کوردستان دەکەن، داوای ئامار لەو کەسانە بکەن کە ئەو بانگەشەیە لەم کاتەدا و بەو قەبارەیە و لەلایەن گروپێک لە دەستبژێرانەوە، بە سیناریۆیەکی تاکتیکیی سیاسیی و حزبیی بزانن.
ئەوە کاک هەمەر و هاوبانگەشەکارانی کاک هەمەرن کە باسی تەعریب دەکەن، دەبێت ئامارێکی ورد و ڕاستەقینە و باوەڕپێکراویان لەبەردەست بێت و بیخەنە پێش چاوی ئێمە و خەڵکی کوردستان و بەمەش بەڵگەی بەهێز بە ئارگیومێنتی خۆیان دەستبەر بکەن و قەناعەت بە

خەڵک بهێنن.
بەڵام سەیرەکە لەوەدایە، من لە وتارەکەدا باسی ئەوەم کردووە کە هیچ ئامارێکی وورد و ڕاستەقینە لەبەردەست ئەو بەڕێزانەدا نییە، بەڵام کاک هەمەر هەمان ئارگیومێنتەکەی خۆم دەکاتەوە بە گژ مندا. ئەمەش هەڵەیەکی تری لۆژیکییە.

هەندێک هەڵەی لۆژیکی دیکە

کاک هەمەر هەندێک بابەت باس دەکات کە لە وتارەکەی مندا باس نەکراون لەسەر ئەمەش حوکم دەدات. ئایا دەبێت وتارێک بخرێتە ژێر لێپرسینەوە لەسەر ئەوەی کە باسی بابەتێک یان کۆمەڵێ بابەتێکی نەکردووە؟ لە دوای ئەوەش بڕیار بدەین کە ئەو کەسە دیارە ئاگاداری ئەو بابەتە یان بابەتانە نییە. چۆن ئەزانی و چۆن بڕیارتدا کە دیارە ئاگاداری ئەو بابەتە یان بابەتانە نییە؟ هیچ و هەر لە خۆڕا بەبێ هیچ بەڵگەیەک و تەنها لەبەر ئەوەی لە وتارەکەیدا باسی نەکردوون؟ ئاخر ئەمە چ لۆژیکێکە بەبێ بنەما وایدابنێی کەسێک ئاگاداری بابەتێک یان بابەتگەلێک نییە، تەنها لەبەرئەوەی باسی نەکردوون؟ ئەمە هەڵەیەکی گەورەی لۆژیکییە کاتێک لە ڕەخنەکردن، گفتوگۆکردن و وەڵامدانەوەی وتارێکدا، بابەت یان بابەتگەلێک بکەیتە بنەمای بڕیاردان و حوکمدان لەبەر ئەوەی باسیان لێوە نەکراوە.
نموونە: دەنووسێت: “دیارە ئاگادار نییە کە تەعریب وەک دیاردە لە سەردەمی فتوحاتەوە نەک تەنها دژی کورد، بەڵکو دژی هەموو نەتەوەکانی ژێر دەستی سوپای ئیسلام دەستیپێکردووە. بەڵام ئەگەر باس لە تەعریبی چەی دەوڵەتی عێراق بکەین، ئەوا بە پراکتیکی لە ساڵی ١٩٢٤ ەوە دەستیپێکردووە، نەک تەنها لە ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٤ کە ئەو ئاماژەی پێداوە. تەنانەت مێژووی نزیکیشی لە دەرکردنی کوردە فەیلییەکانەوە دەستپێدەکات کە تەواوی شارەکانی کوت و عەلی غەربی و عەلی شەرقی و بەشێکی گرنگی بازاڕەکانی بەسرەو بەغدا و دیالەیان بەدەستەوە بووە. تۆبڵێی کاک ئەحمەد لە سێدارەدانی (٤٠٠) بازرگانی فەیلی لەساڵی ١٩٨٠دا نەبیستبێ ؟!”
ئاخر ئەو بەشە لە نووسینەکەی ئەم نووسەرە، کوا پەیوەندی بە تەوەری سەرەکیی بابەتەکەی منەوە هەیە کە برێتییە لە بانگەشەی ئەو بەڕێزانە لە مەترسیی گەورەی تەعریبکردنی شار و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و منیش باسی ئەوەم کردووە. هەروەها لە وتارەکەمدا ئاماژەم بەوە کردووە کە بە ئامانجگیراوی من بە قسەلێکردن چوار پارێزگاکە و چوار ئیدارە سەربەخۆکەی هەرێمی کوردستانە “چوار

پارێزگاکە: هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە و هەروەها چوار ئیدارە سەربەخۆکەش: گەرمیان، ڕاپەڕین، سۆران و زاخۆ" و تەنانەت ناوچە دابڕێنراوەکان یان ناوچە کێشە لەسەرەکان یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان "کەرکوک، خانەقین، جەلەولا … هتد" ناگرێتەوە، ئەمەش لەبەر هۆیەکی سادە و ڕوون، ئەویش ئەوەیە لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانەی باس لەو مەترسییە گەورەیەی تەعریب دەکەن، ئاماژە بە چوار پارێزگاکە و چوار ئیدارە سەربەخۆکەی هەرێمی کوردستان دەکەن و منیش وەڵامی ئەوانم داوەتەوە.
بەڵێ ئەوە هەڵەیەکی گەورەی لۆژیکییە کە کاک هەژار ئەو بابەتانەی لە چەند دێڕێکدا ڕیز کردووە و دواتر بڕیاریداوە دیارە من ئاگاداریان نیم. کاک هەژار هەر بەو لۆژیکە هەڵەیەی خۆی دەیتوانی چەندین بابەتی دیکە ڕیز بکات جا تەنها بە ناونیشان بێت، یان چەند دەستەواژە و ڕستەیەک لەبارەیانەوە بنووسێت و بڕیاریبدایە کە ئاگاداری ئەوانەش نیم، بە کورتییەکەی لە کۆتاییدا بڵێت کە من ئاگاداری هیچ نیم.

تەنها ڕاستییەک و ڕێوایەتییەکی سادە

ڕەنگە تەنها ڕاستییەک و ڕێوایەتییەک لە نێو وتارەکەی کاک هەژاردا ئەوە بێت کە باس لەوە دەکات کە ئەو نە حزبییە و نە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەر بە دەسەڵاتدارێتییە خێڵەکییەکەی کوردستانە و بگرە لە دژیشیان وەستاوەتەوە. ئەو مافی ڕەوای خۆیەتی بەرگری لە خۆی بکات لە بەرانبەر ئەو پەرەگرافەی مندا کە وتومە ئەوانەی بانگەشەی تەعریب دەکەن لە پەرلەمانتار و وەزیری خانەنشینکراوی کوردستان و عێراق، نووسەر و شیکەرەوەی سیاسیی و میدیاکارانە و … هتد، پێکڕا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەر بە دوو حزبە خێڵەکەی کوردایەتیین یان بە ناڕاستەوخۆ و بە دەستی دوو و سێ و لە سەبەردا سەر بە ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی دوو حزبە خێڵەکەی کوردایەتیین.
لە ڕاستییدا، ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت، ئەگەر بڵێم بەبێی هەرە گەورە وتارەکەی کاک هەژار لەبەر ئەم خاڵە نووسراوە و ئەمە هەرە گرنگ و لەپێشینە بووە بۆ ئەو بە وەڵامدانەوە. لەمەشدا مافی خۆیەتی و ڕەنگە ڕێوایەتیی و ڕاستییەکی تێدا بێت. هەروەها ڕەنگە کەسانی دیکەش هەبن وەکو کاک هەژار، کە ئەو گروپە لە دەستەبژێری کۆمەڵگای ئەمە کە من ئاماژەم پێکردوون، نەیانگرێتەوە. بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە زۆرینەی ئەوانەی باس لە تەعریب دەکەن لەو تایپە لە دەستەبژێرن کە من باسم کردوون.

بەڵام ئەم تەوەرەیەش هێشتا خاڵی نییە لە کێشە. کاتێک کە تێیشنی لە وتارەکەی منەوە وەرگرتووە ئەو دەستەواژەیەی فەرامۆش کردووە کە ووتوومە سەر بە ئایدیۆلۆژیای دوو خێڵەکەی کوردایەتیین. واتا مەرج نییە ئەو کەسانەی ئەم بانگەشەیە دەکەن ڕاستەوخۆ سەر بە دوو حزبخێڵە دەسەڵاتدارەکەی کوردایەتیی بن بەڵکو دەکریت سەر بە ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی دوو حزبخێڵە دەسەڵاتدارەکە بن. لێرەدا مەبەست ئەوەیە نووسەرێک یان چالاکوانێک ڕەنگە لە ئاستە ڕاستەوخۆ و ڕواڵەتییەکەدا دژ و ناکۆک بێت بە سیاسەت و کار و کردەوەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و ئەکتی بەرەنگاریشی هەبێت لەبەرانبەریاندا. بەڵام لە ئاستێکی قووڵی فیکریی سیاسییدا سەر بە هەمان دەزگا گوتارییەکەی ئەوان بێت و بە ئەمەش لە نێو هەمان چێوەی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی ئەواندا چالاک بێت و ڕۆڵ بگێڕێت. واتا ڕەنگە کەسێک دژ بە سیاسەتی ڕاستەوخۆ و ڕواڵەتییانەی دەسەڵاتداران بێت بەڵام لەسەر ئاستە قووڵە فیکرییەکەیدا هەر لە هەمان فەلەکی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتداراندا خول بخوات. ئەمەش وا دەکات بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات و دەرکی بکات، بەشێکی گەورەی وزە و چالاکیی و هەڵوەستوەرگرتنی ئەو کەسە بڕژێتەوە نێو جێگەی بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانەوە و دەچێتەوە خزمەتی ئەجێنداکانی ئەوانەوە.
هەڵبەت لە نێو ئەو گروپەی دەستەبژێری کۆمەڵگای ئێمەدا ئەوانەش هەن، کە خۆیان وەکو نەتەوەپەروەر نمایشدەکەن و لەسەر شاشەکان خۆیان توڕە دەکەن بەڵام لە ژێرەوە بە ئاغاکانی دەسەڵاتدارانی کوردایەتییەوە گرێدراون.

تێکەڵکردن یان دیسانەوە هەڵە تێگەیشتن

کاک هەمەر پرسیار لەبارەی ئیسلامیی سیاسییەوە دەکات لە پەیوەند بە مەسەلەی تەعریبەوە.

من لە بارەی تەعریبەوە لە وتارەکەمدا بە وردیی قسەم کردووە و شەش خاڵم لەو بارەیەوە ڕیز کردووە و هەروەها ئەوەی لە کێیەوە دەستپێدەکات و هەروەها بۆچی پرسی تەعریب لەم کاتەدا کراوە بە ڕۆژەڤ و هەمەووانی پێوە سەرقاڵکراوە و هۆکار و ئامانجی ئەم ماجەرایە چییە و بە پەیوەستی نازانم لێرەدا و لەم وتارەشدا دووبارەیان بکەمەوە و خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ وتاری "تەعریب، ستراتیجی پشیلەی مردوو"
ئێستا با بێمە سەر ئەو تەوەرەیەی کە کاک هەمەر باسیدەکات، ئەویش پەیوەندیی نێوان ئیسلامی سیاسیی و پرسی تەعریبە.

لەمەشدا کاک هەمەر کەوتووەتە هەڵەوە و هەردوو پرسی تەعریب و داگیکاریی کولتوریی تێکەڵ کردووە لە کاتێکدا ئەو دوو پرسە جیاوازیی گەورە لە نێوانیاندایە.

داگیرکاریی کولتوریی “Cultural Conquest”

ئیسلامیزم ئادیلۆژیایەکە وەکو هەر یەک لە ئایدیۆلۆژیاکانی لەدایکبووی مۆدێرنیتی وەکو ئایدیۆلۆژیای نازیزم و فاشیزم.

ئیسلامیزم سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. ئیسلامیزم واتا ئایدیۆلۆژیزەکردنی ئیسلام کە هەردوو ئیخوانیزم و سەلەفیزم دەگرێتەوە.

ئیخوانیزم لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە میصر سەریهەڵدا وەکو بە ڕووداوەستانەوەی خۆرئاوا و داگیرکارییەکانی پیاوی سپی “White Man” بۆ دنیا. سەلەفیزمیش بە مەبەستی بەڕووداوەستانەوەی ئیخوانیزم و بەرگرتن لە هەژموونی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئیخوانیزم لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبیی و ئیسلامییدا، لە سعودییە سەریهەڵدا.

ئیخوانیزم و سەلەفیزم سەرباری ناکۆکیی و دژبەرییەکیی قووڵ لەنێوانیاندا بەڵام لەوەدا هاوبەشن کە ئیسلام لە دینێکی ترانسدێنتاڵەوە دەگۆڕن بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی مێژوویی و زەمینی.

ئیسلامیزم واتا مامەڵەکردنێکی ئایدیۆلۆژیی لە تەک دینی ئیسلام.

ئیسلامیزم، لە دین خستنی ئیسلامە و کردنییەتی بە ئایدیۆلۆژیا.

ئیسلامیزم لە ئاستە دەسەڵاتدارێتیی و سیاسییەکەیدا هەوڵدانە بۆ هەژموونکردنێکی ستوونیی “ڤێرتیکاڵ” کە بریتییە لە ئیخوانیزم.

ئیسلامیزم لە ئاستە میللییە کۆمەڵایەتییە جڤاکییەکەیدا کە هەوڵدانە بۆ هەژموونکردنێکی ئاسۆیی “هۆریزۆنتاڵ” بریتییە لە سەلەفیزم.

لێرە لە هەرێمی کوردستان، دوای هاتنی ئیسلامیزم وەکو ئایدیۆلۆژیایەک “ئیخوانیزم بە تەمەنی پەنجا ساڵە و سەلەفیزم بە تەمەنی سی و شتێک ساڵەی خۆیەوە لە هەرێمی کوردستان” بکەرانی پلە یەک و پلە دوو و سێی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیزم “ئیخوانیزم و سەلەفیزم” خەڵکی کوردن و بە کڵاو و جامانە و جلوبەرگی کوردییەوە هەوڵ بۆ ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستان دەدەن.

بەڵام ئەوەی ئیسلامیستەکان “ئیسلامیست واتا بکەر و چالاکوان و قسەکەرانی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیزم” دەیکەن و ئەنجامی دەدەن بەرانبەر بە کۆمەڵگای کوردستان، پێی ناگوترێ تەعریب، بەڵکو پێی دەگوترێ داگیرکاری کولتوریی “Cultural Conquest”

ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیزم، لە نێو خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک بەها و

نەهێمە. شێوە ژیانێکی دیاریکراو و فەرهەنگ و کولتورێکی تایبەت بە خۆی هەیە و سیستەمێک لە بونیادی کۆمەڵایەتیی و هیرارکییەتی هەیە، کە هەڵگران و باوەڕدارانی ئەو ئایدیۆلۆژیایە لەگەڵ بکەران و ئایکۆنەکانیدا، هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو کولتورە و ئەو بەها و نۆرمانە دەدەن لە کۆمەڵگای ئێمەدا و دەیانەوێت بە کەڵکئاوەژوو وەرگرتن لە مێژووی دێرینی دینی ئیسلام لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ڕێگە خۆشبکەن و زەمینەسازیی بکەن بۆ ئەو هەژموونە ئایدیۆلۆژییەی ئیسلامیزم بەسەر کۆمەڵگای ئێمەوە.
بۆیە گرنگە لە ناونان و ناسینەوەی دیاردەکاندا ووریا و هۆشیار بین و چەمکەکان تێکەڵ نەکەین.
واتا ئەوەی ئیسلامیزم دەیکات، داگیرکارییەکی کولتورییە و هەڕەشەیە لەسەر کولتور و شوناسی کولتوریی و فەرهەنگیی کۆمەڵگای ئێمە و بەها و نۆرمەکانی کە هەر ئێستا مەترسییەکەی لە هەموو شوێنێکی کۆمەڵگای ئێمەدا و لەسەر هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێمە دەرکەوتووە. بەڵێ هاوڕام لەگەڵ کاک هەمەر کە ئەمە مەترسییەکی گەورەیە، بەڵام ئەمە جیاوازە لە تەعریب وەکو ئەوەی کاک هەمەر دەیڵێت و ناوی دەنێت.
واتا داگیرکاریی کولتوریی لەلایەن ئیسلامیزمەوە بە سەر کۆمەڵگای ئێمە هەژموونی بەسەر هەموو توێژ و پنتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێمەوە دەرکەوتووە کە جیاوازە لە تەعریب و هەموو ئەوانەی ژێر ئەم هەژموونکاریی یان داگیرکارییە کولتورییە کەوتوون هەموویان کوردن و قسە لە ڕەسەنەتیی کوردبوونی خۆیان دەکەن.
لەبەرئەوە ناونانی دەرکەوتە و دیاردەکان و بەکارهێنانی دروستی چەمکەکان بە مەبەستی دیاریکراوی خۆیان بەشێکی گرنگە لە توانای تێگەیشتنمان وشیکردنەوەی ئەو دیاردە و دەرکەوتانە.

پرسی هەنووکەیی خەڵکی کوردستان

قسەکردنی کاک هەمەر بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە کە هاتوونەتە دەنگ لە دژی تەعریبی شار و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، زێدەڕۆیکردنە ” Exaggeration ” و کە ئەمەش هەڵەیەکی لۆژیکییە، بەڵام بەڕاستی با بپرسین، خەڵکی کوردستان لە تەعریب هاتوونەتە دەنگ یان لە کەمئاویی ماڵان، قەیرانی مووچە، قەیرانی سووتەمەنی “بەنزین، گاز و نەوت” و نرخ بەرزیی لە ڕادەبەدەری کارەبا و … هتد.
بەڕاستی خەڵکی کوردستان داد و بێدادیانە لە دەست تەعریب یان لە دەست قەیرانە دروستکراوەکانی دەسەڵاتدارانی خێڵەیی کوردایەتی و گەندەڵیی بەسەروبن و تاڵانکردنی سەر لەبەری سەرزەویی و ژێرزەویی

کوردستان؟!
ب□استی باب□تی گرنگ، □□ژان□یی و واقعیی ب□ خ□□کی کوردستان باب□ت□ ه□ما ب□کراو□کانی پ□شترن یان ت□عریب؟
کات□ک باب□تی ه□ر□ گرنگ و ل□ پ□ش ب□ خ□□کی کوردستان باب□ت□ واقعیی و □□ژان□یی□کانی ق□یرانگ□لی دروستکراوی د□س□□اتدارانی دوو حزب□□□ک□ی بزووتن□و□ی کوردای□تیین، خ□ر□ گروپ□ک ل□ د□ست□بژ□ران ل□ نووس□ر، ئ□کاد□میست، چالاکوان، میدیاکار و شیک□ر□و□ سیاسیی□کان و و□زیر و پ□رل□مانتار□ خان□نشینکراو□کانی کوردستان و ع□راق، قس□ی□کیان ل□س□ر باب□ت□ ژیانیی□کانی خ□□کی کوردستان نیی□ و ب□□ام نووسین و شر□ق□ ل□س□ر ت□عریب ب□ □یز ب□اود□ک□ن□و□؟
ب□□است، ئ□و□ چ ج□ر□ک ب□رپرسیار□تیی□، گروپ□ک ل□ د□ست□بژ□ر "ئ□لیت" □ ل□ ئاست خ□□کی کوردستان و هاونیشتمانیی□کانی خ□یاندا، کات□ک قس□ی□ک ل□ و□رانبوونی ژیانی خ□□ک ناک□ن ب□ د□ست د□س□□اتدارانی خ□□ی کوردای□تیی؟ قس□ی□ک ل□ ه□□لوشینی داهاتی گشتی ه□ر□می کوردستان ناک□ن ل□لای□ن بن□مال□ د□س□□اتدار□کان□و□ و ئ□م ه□موو ست□م و ف□قر و ف□لاک□ت□ی ب□س□ر خ□□کی کوردستاندا س□پاندوویان□؟

ئ□حم□د □□سو□

ت□عریب، ستراتیجی پشیل□ی مردوو.. ئ□حم□د □□سو□

ئ□م ماو□ی□ باب□تی ب□ع□ر□بکردنی کوردستان، ک□نا□□کانی □اگ□یاندن و س□شیا□ میدیای کوردیی ت□نیو□.
ب□ پارل□مانتاری خان□نشینکراوی کوردستان و ع□راق□و□، ب□ و□زیری خان□نشینکراوی کوردستان و ع□راق□و□، ب□ نووس□ر و شیک□ر□و□ی سیاسیی□و□، ب□ ئ□کادیمیی و مام□ستایانی زانک□و□، ب□ س□رمای□دار و ب□□□ند□ر□و□، ب□ کاد□ری حزبیی و ت□نان□ت ب□ میدیاکار□کانیش□و□، پ□ک□ا ک□ □است□وخ□ س□ر ب□ دوو حزب□□□ک□ی کوردای□تیین یان ب□ نا□است□وخ□ و ب□ د□ستی دوو و س□ و ل□ س□□ب□ردا س□ر ب□ ئاید□ل□ژیای کوردای□تیی دوو حزب□□□ک□ی کوردای□تیین، باسی

تەعریبکردنی کوردستان دەکەن.
ئایا تەعریبی شارەکانی کوردستان، وەکو شۆڕشگێڕەکانی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەمڕۆ و ئەم ماوەیە دەستیپێکردووە یان ئێستا گەیشتبێتە بەرزترین ئاستی خۆی؟
واتا ئەگەر پرسێک بە ناونیشانی "بەعەرەبکردنی کوردستان" هەبێت! و کەمترین بۆی ڕەوایەتی! هەبێت، یەکەم پرسیاری هەرە سادە کە لە بەردەم پرسەکەدایە، ئەوەیە، ئایا بەعەرەبکردنی کوردستان، لە کەیەوە دەستپێدەکات، ئەم چەند ڕۆژ و مانگەی ڕابردوو ڕوویداوە و لەپڕ وەکو پرسێکی گرنگ! و چارەنوسساز! هاتووەتە بەردەممان؟
وەڵامەکەی ئاشکرایە، نەخێر. ئەو دیاردەیەی کە تیۆریسیەنەکانی! ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی باسی دەکەن و بە تەعریب ناوی دەبەن و هاواریان لێبەرز بووەتەوە لە بارەیەوە، لە چەند ڕۆژ و مانگی ڕابردووەوە نییە و لەپڕ نەبووە.
ئەی کەواتە بۆچی ئەو بەڕێزانە لەپڕ بیریان کەوتەوە؟!
ئایا ئەوەی ناودەبرێت بە تەعریب، چۆن و لە کەیەوە دەستیپێکردووە؟
پرۆسەی هاتنی بە لێشاوی خەڵکی عەرەبی ناوچەکانی ناوەڕاست و هەندێک لە ڕۆژئاوای عێراق و هەندێکیش لە خەڵکی شارەکانی موسڵ و سەلاحەدین و دیالە لە دوای کەوتنی ڕژێمی دەسەڵاتداری بەعسەوە لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ وە سەرەتاکەی دەستپێدەکات و لە دوای شەپۆلە توندوتیژییەکان و نائارامییەکانی ناوەڕاستی عێراق و ناوچە سوننەنشینەکان لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ ەوە زۆر زیاتری کرد، بەهۆی ئەوەی کە هەڕەشە لەسەر گیان و کار و ژیانیان هەبوو. هەروەها لە دوای سەرهەڵدانی داعش "دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام" و کەوتنی موسڵ و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن ئەبوبەکر بەغدادییەوە لە ساڵی ٢٠١٤ گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی و تا نزیکەی سێ ساڵێک دواتر، ئەو کۆچە بەلێشاوەی خەڵکی عەرەب هەر بەردەوام بوو.
لە دوای ساڵی ٢٠٠٩ وە و ئەو جێگیریی و ئارامییەی گەڕایەوە بۆ بە شارەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای عێراق، بەشی زۆری ئەو عەرەبانەی پەنایان هێنابووە بەر شارەکانی کوردستان، گەڕانەوە بۆ شار و ناوچەکانی خۆیان.
هەروەها بەشی زۆری ئەوانەش کە لە دوای کەوتنی موسڵ و بە دەسەڵات گەیشتنی داعشەوە هاتبوون بۆ شارەکانی کوردستان، لە دوای ڕووخانی خەلافەتە ئیسلامییەکەی داعش و ئەبوبەکر بەغدادییەوە بە پرۆسەیەکی درێژخایەن گەڕانەوە بۆ شار و ناوچەکانی خۆیان.
بە کورتی هەموو ئەو عەرەبانەی کە بە کۆچی بەلێشاو بە هۆکاری نائارامیی هاتنە کوردستان، گەڕانەوە بۆ شار و ناوچەکانی خۆیان تەنیا بەشێکی زۆر کەمیان بە هۆکارێک یان پتر، لە کوردستان

مانەوە.

ئەوەی ئێستا باسدەکرێت، ئەوەیە کە گوایا پرۆسەی بەعەرەبکردن لە ڕێگەی کڕینی یەکەکانی نیشتەجێبوونەوە بەڕێوەدەچێت، لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی بەڵێندەرەکان و سەرمایەدارانەوە کە دەگمەنیان تێدایە لە نێو سەرمایەداران و بەڵێندەران، هاوبەشی دەسەڵاتدارێک نەبێت و پڕۆژەی نیشتەجێبوونەکەی وەکو ڕێگایەک بۆ سپیکردنەوەی سامانی گوماناویی و سەرچاوە نەزانراو بەکارنەهێنابێت.
واتا کاتێک سەرمایەدارانی کوردستان لە پێناوی قازانج و بەدەستهێنانی دارایی تایبەتی خۆیاندا، هەموو کوردستان نقوم دەکەن لە پڕۆژەی یەکەکانی نیشتەجێبووندا کە بەشێکیان پارە سپیکردنەوەی تاڵانچێتیی دەسەڵاتدارانن کە داهاتی گشتی کوردستانیان هەڵلوشیوە و بەردەوامیشن "ڕەنگە ئەگەر بڵێم بەشێکی زۆر لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لەو جۆرەی سپیکردنەوەی پارەن، هەڵە نەبێت"، دەبن لە پێناوی ساغکردنەوەی یەکەکانی نیشتەجێبوونی خۆیاندا بە بڕیاری دەستەی وەبەرهێنان کە دیسانەوە بڕیاری هاوبەشی دەسەڵاتداران و سەرمایەداران خۆیانە، بڕیار دەدرێت ئەو یەکەی نیشتەجێبوونانە بفرۆشرێن بە خەڵکی عەرەب، ئایا ئەم پرۆسەی نیشتەجێکردنەی خەڵکی عەرەب لە کوردستان جگە لە کاری دەسەڵاتداران و سەرمایەداران کێیە؟ هەڵبەت کە ئەوە دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانی هاوبەشیانن کە یەکەی نیشتەجێبوونیان بۆ خەڵکی عەرەب دروستکردووە و پێیان فرۆشتوون و دەفرۆشن.
ئێستا با بپرسین تەعریب چییە؟
تەعریب، بریتییە لە پرۆسەیەکی بەرنامەڕێژکراو و پلان بۆ دانراوی تەنگپێهەڵچنین و ناچارکردنی خەڵکی سەر بە نەتەوە و ئیتنیک و کەمینە زمانیی و ئایینییەکانی دیکەی عێراق جگە لە خەڵکی سەر بە نەتەوەی عەرەب، بە کۆچکردن و بەجێهێشتنی شوێنی ژیان و زێدی باب و باپیرانیان و لە جێگایاندا نیشتەجێکردنی خەڵکی عەرەبی شار و ناوچەکانی دیکە بۆ ئامانجی گۆڕینی دیمۆگرافیای شار یان ناوچەکە.
ئەم پرۆسەیە بە سەرپەرشتیی دامەزراوە دەوڵەتییەکان و سوپا و دەزگا ئەمنیی و هەواڵگرییەکان بەڕێوەدەچوو هەروەکو لە سەردەمی ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتداری پێشوو بۆ ماوەی چەندین دەیە ئەنجامدرا.
جا لێرەدا باسەکەی ئێمە لەبارەی کوردەوەیە. واتا پرۆسەی بەرنامەڕێژکراو و پلان بۆ دانراوی تەنگپێهەڵچنین و ناچارکردنی خەڵکی سەر بە نەتەوەی کورد و کورد زمان، بە جێهێشتنی شوێنی ژیان و زێدی باب و باپیرانیان لە ناوچەکانی ئەوەی ناودەبرێن بە "ناوچە کێشە لەسەرەکان – جاران، هەروەها بە زمانی عەرەبیش "مناطق متنازع

"علیها" کە لەو دەستوورەی عێراقدا هاتووە کە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە کاتی خۆیدا خەڵکی کوردستانیان ئاڕاستەکرد و هاندا لە ڕاپرسییەکی گشتییدا دەنگی پێبدەن و هەر ئەوەش ڕوویدا" و "ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم – ئێستا و لە چەند ساڵێک پێشترەوە" وەکو کەرکوک، خانەقین، جەلەولا، … هتد و لە بەرانبەردا نیشتەجێکردنی خەڵکی سەر بە نەتەوەی عەرەب لە جێگایاندا کە لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە دەهێنران بە شێوەیەکی دەزگایی و سیستماتیک بە سەرپەرشتی دەوڵەت.

واتا پڕۆسەی تەعریب ناچاریی و لە ژێر فشاردا بووە و لەو ناوچانە بووە کە دەسەڵاتدارانی هەرێم بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا و بە گوێرەی دەستوور ناویان لێناون ناوچە کێشە لەسەرەکان.

بەڵام ئاشکرایە ئەوەی ئەو بەڕێزانەی بانگەشەکارانی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی باسی دەکەن، ئەو ناوچانە نیین، بەڵکو مەبەستیان لە چوار پارێزگا و چوار ئیدارەی سەربەخۆکەی هەرێمی کوردستانە. ئایا دەکرێت و ڕاستە، پڕۆسەی هاتنی خەڵکی عەرەب و کڕینی یەکەی نیشتەجێبوون لە شارەکانی کوردستان بە تەعریب، یان بە عەرەبکردن ناوببرێت.

هەڵبەت کە ناوبردنی پڕۆسەی هاتنی خەڵکی عەرەب بۆ کوردستان و کڕینی یەکەی نیشتەجێبوون، بە تەعریب هەڵەیە و هەندەی مەبەستەکی ئایدیۆلۆژییە، هێندە ناونانەکی دروست نییە.

بۆچی ناوبردنی ئەم پڕۆسەیە بە تەعریب، هەڵەیە؟ لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

یەکەم: ئەمە پڕۆسەیەک نییە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەکی داگیرکەری بێگانەدا ڕوویدات، بەڵکو لە ژێر دەسەڵاتدارێتییەکی کوردیی خۆماڵییدا، ڕوودەدات. ئایا هیچ دەسەڵاتدارێتییەک هەیە لە قەڵەمڕەوییەکەیدا دژ بە میللەت و نەتەوەکەی خۆی، پڕۆسەی گۆڕینی دیمۆگرافیی بەڕێوەبچێت؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە، کەواتە هەر لە بنەماوە پڕۆسەیەک بە ناوی تەعریب لە گۆڕێدا نییە و ئەگەریش وەڵامەکەی بەڵێیە، ئەوا لایەنی تاوانبار، دەسەڵاتدارێتییەکەی کوردایەتییە نەوەکو عەرەب یان عێراق.

دووەم: ئەمە پڕۆسەیەک نییە بەسەرپەرشتی دەوڵەت و دەزگاکانی، بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو و پلان بۆ دانراو بەڕێوەبچێت، بەڵکو هەڕەمەکییە و هەندێکیان دوای ماوەیەک یەکەی نیشتەجێبوونەکەیان دەفرۆشنەوە.

سێیەم: لەم پڕۆسەیەدا هیچ کەسێکی کورد ناچار نەکراوە بە هەرزانفرۆش یان چۆڵکردنی خانوو و ماڵەکەی یان لێی زەوت و داگیرکرابێت و ناچار بە جێهێشتنی شار و ناوچەکەی خۆی کرابێت.

چوارەم: دەوڵەتی عێراق پارەی نەداوە و پاڵپشتیی دارایی هیچ کەسێکی عەرەبی نەکردووە و هانی نەداون لە ناوچە و شارەکانی ناوەڕاست و باشوورەوە بێن و لە شار و ناوچەکانی هەرێم نیشتەجێ ببن، هەروەکو لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتدار دەیکرد.
بەپێچەوانەوە، ئەوەی ئەو بەڕێزانە بە تەعریب ناوی دەبەن، دەسەڵاتدارێتییەکەی بزووتنەوەی کوردایەتییە کە هەموو ئاسانکارییەکی یاسایی کردووە و هاندانی زۆری هەیە هاوشانی بەڵێندەران، کۆمپانیاکان و ژوورەکانی بازرگانیی و پیشەسازیی و یەکێتی بەڵێندەران، لەژێر ناوی بووژانەوەی کەرتی گەشتیاریی و جووڵەی ئابووریی و بازاڕ.
پێنجەم: ئایا ژمارەی هاتنی عەرەب و کڕینی یەکەی نیشتەجێبوون و جێگیربوونیان لە شارەکانی هەرێم، هێندە زۆرە، کە کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت و ڕێژەیەکی هێندە بەرز بێت کە مەترسی گۆڕینی دیموگرافیی شارەکانی هەرێمی لە نێو خۆیدا هەڵگرتبێت. من هیچ ئامارێکی ورد و ڕاستقینە شک نابەم. وا دەزانم ئەو بەڕێزانەش کە هاواریان لێبەرز بووەتەوە، ئامارێکی ورد و ڕاستەقینەیان لە بەردەست نەبێت.
ئەگەر ئامارێکیش لەبەردەست نییە، ئایا لە بازاڕەکانی شارەکانی هەرێم، پرسیاریان کردووە و گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە لە هەر خاوەن ١٠٠ دوکان و مۆڵ و باڵەخانەی بازرگانیی و تەنانەت خانوو و شووقەیەکیش، یەکێکیان کەسێکی عەرەب بێت و ئەمەش ترسی گۆڕینی دیمۆگرافیی دروستکردبێت لەلای ئەو بەڕێزە نەتەوەپەروەرانە!
شەشەم: تەعریب چۆن دەکرێت، لە کاتێکدا ئەوانە سو□□ت قەید و کارتی نیشتمانیی و هەموو بەڵگەنامە فەرمییەکانی دیکەیان لە شارەکانی دیکەی عێراقە نەوەکو شارەکانی هەرێم. لە کاتێکدا، نە مافی دەنگدان و ڕاپرسییەکی گشتییان لێرە لە هەرێم و شارەکانی هەیە و دەبێت. نە دەتوانن نوێنەرایەتیی و ڕێژەی نوێنەرایەتیی لە پەرلەمان و دەزگاکان بەدەستبهێنن.
ئایا ئەم خ□□انەی سەرەوە و چەندین خاڵی دیکەش کە دەکرێت ڕیز بکرێن، بەس نیین بۆ ئەوەی کە بانگەشە و هاواری بەعەرەبکردنی شارەکانی هەرێمی کوردستان، پووچەڵ بکەنەوە و بە بانگەشەیەکی ئایدیۆلۆژیی و سیناریۆیەک لە کاتێکی دیاریکراودا و بۆ هەندێک ئامانجی تایبەتی سیاسیی و حزبیی، دایبنێین و لێکیبدەینەوە!
خاڵێکی تریش کە لێرەدا پێویستە بەبیر ئەو بەڕێزانەیدا بهێنینەوە، ئەوەیە کە یاساکان و بڕیار و ڕێنماییەکانی وەزارەتەکانی هەرێم "لەوانە ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، ناوخۆ و دەستەی

و□ب□رھ□نان" ن ک□ □□گ□یان ب□ و□ھا کار□ک داو□ و یاسایی و ب□گرفت□. ھ□رو□ھا یاساکانی ع□راق و د□ستوور□ک□شی ئ□و مافی□ ب□ ھ□موو ع□راقیی□کان داو□ ک□ ئازادن و د□توانن ل□ ھ□ر شو□ن□ک، ناوچ□ی□ک و شار□کی ع□راق نیشت□ج□ ببن و مافی ک□ین و خاو□ندار□تییکردنی خانوو و ز□وی و دوکان و با□□خان□یان ھ□ی□.
ئ□م□ ب□ ھ□موو ع□راقیی□کان مافی ھاونیشتمانییبوون□، ب□ب□ جیاوازی ن□ت□و□ و دین و زمان و ئیتنیک، ماف□کی بن□□تیی□.
ئایا ئ□و□ ئ□گ□ر ئ□م□ ب□ ت□عریب داد□ن□ن، د□توانن یاساکانی ھ□ر□م و ع□راق بگ□□ن و ئ□و ماف□ی ھاونیشتمانییان ن□ھ□□ن! ئایا ک□ ناتوانن ئ□و□ بک□ن، د□تان□و□ت ل□م ھ□□□ا و ھ□نگام□ی□ چی س□وز بب□ت! د□تان□و□ت ب□ ئا□استی□کردنی □ای گشتیی خ□□کی کوردستان، دژای□تی ع□ر□ب و ب□غدا بک□ن و دواتریش ل□ ع□راق جیاببن□و□ و د□و□□تی س□رب□خ□ پ□ک بھ□نن؟! ئایا ئ□م□ د□کر□ت؟!
من نازانم ئایا ب□□استی ئ□م□تان د□و□ت و کاری ب□ د□ک□ن یان نا! ب□□ام تا □ادد□ی□کی ز□ر ل□و□ د□نیام ک□ ھ□موو ئ□و ک□□ا□□ گ□ور□ی□، پ□ک□ا و ل□م کات□دا، جگ□ ل□ تاکتیک□کی دیک□ی د□س□□اتدارانی خ□□ی کوردای□تیی و ئایدی□ل□ژیای کوردای□تیی چیتر نیی□ ک□ توانیوی□تی ل□ □□گ□ی د□ستی ی□ک و دوو و س□و□ ل□ □□گ□ی ک□سای□تیی□ ھ□ما ب□ کراو□کانی پ□شتر□و□ و ب□ و□گ□□خستنی ئیمپرات□ر□تیی□ میدیایی□ک□یان م□ ب□□ایزی ب□ش□کی گ□ور□ی د□ست□بژ□ر "ئیلیت"ی سیاسیی، □ووناکبیریی، ئ□کادیمیی و میدیایی ک□م□□گای ئ□م□ بک□ن و بیانخ□ن□ خزم□ت ئ□ج□نداکانی خ□یان□و□.
ئ□ستا با باسی "ستراتیجی پشیل□ی مردوو" بک□ین و دواتر د□ین□و□ س□ر باس□ک□ ب□ ت□کھ□□ک□ش ل□گ□□ ئ□م ستراتیج□دا.

ستراتیجی پشیل□ی مردوو (Dead Cat Strategy)*

(با و□ھای دابن□ین ک□ ت□ ل□ گفتوگ□ی□کدا خ□ریک□ د□د□□یت، □استیی□کان ب□ ش□و□ی□کی س□رس□ختان□ دژی ت□ن و تا خ□□ک زیاتر س□رنجیان ل□س□ر واقیع ب□ت، ب□ ت□ و ک□یس□ک□ت خراپتر□. باشترین گ□ر□و ل□م بارود□خان□دا ئ□و□ی□ ک□ مان□□□ک ئ□نجام بد□یت، ک□ ستراتیجیست□کی سیاسیی و ک□مپ□ینکار□کی گ□ور□ی ئوستو□الیی ب□ ناوی "لینتن ک□□سبی"، چار□ی د□خ□ک□ ب□م ش□و□ی□ باس د□کات: "ف□□دانی پشیل□ی□کی مردوو ب□ س□ر م□ز□ک□" چار□س□ر□ک□ی□.
ئ□م کار□ ل□ب□ر ئ□و□ی□ ک□ شت□ک ھ□ی□ ک□ ب□ ت□واوی ل□ی د□نیای□، ل□ ف□□دانی پشیل□ی□کی مردوو ب□ س□ر م□زی ژووری نان خواردن، م□ب□ست ئ□و□ نیی□ ک□ خ□□ک توو□□ ببن، ز□نگ ل□بد□ن و ب□زار ببن.

ئەوانە ڕاستن و دەرئەنجامن، بەڵام مەبەستەکە ئەوە نییە. بەڵکو خاڵە سەرەکییەکە ئەوەیە کە هەمووان ڕاستەوخۆ و دەمودەست هاوار دەکەن “پشیلەیەکی مردوو لەسەر مێزەکەیە!”؛ بە واتایەکی تر باسی پشیلە مردووەکە دەکەن، ئەو شتەی کە تۆ دەتەوێت باسی بکەن و باسی ئەو بابەتە یان بابەتانە ناکەن کە لە دژی تۆن و پێیان نیگەرانیت.)**

واتا ئیتر باسی ئەو بابەتە یان بابەتانە ناکەن کە تێیاندا لاواز و دەڕاویت و نیگەرانیت بە باسکردنیان. کەواتە هەمووان پێکڕا، هەم لایەنگرەکانت و هەم ڕکابەرەکانت و نەیارەکانت، باسی ئەو بابەتە دەکەن کە تۆ پێشنیارت کردووە و خستووتەتە بەردەمیان و بەمەش باری لاری خۆت ڕاست دەکەیتەوە.

ستراتیجی پشیلەی مردوو، لە نێو چێوەی سەرقاڵکردنی سیاسییەکان و دابەشکردنی کۆمەڵگای سیاسی و گۆڕینی ئاڕاستەی بابەتە سیاسییە بەرهەمهێنراوەکان یان دروستکراوەکان “مانیفاکتەرکراوە سیاسییەکان” وەکو تاکتیک “Tactic” هەژمار دەکرێت.

دەسەڵاتدارانی سیاسی و کارگێڕیی لە پلەی باڵادا پەنا دەبەنە بەر ستراتیجی پشیلەی مردوو وەکو تاکتیک لە کاتێکدا کە گەندەڵییەکانیان، سەروەت و سامانی سەرچاوە نەزانراو و گوماناوییان، ناپاکی نەتەوەییان، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتیان، یان شکستی بەڕێوەبردن، یان قەیرانی ئابووریی و سیاسی و کارگێڕیی یان سەرکوت و ستەمکارییەکەیان دەبێتە گفتوگۆی گشتی کۆمەڵگا یان بابەتی گەرمی ڕاگەیاندن و بابەتی چالاکییەکانی توێژی چالاکوانان “ئەکتیڤیست” ی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و شیکەرەوە سیاسییەکان و تەنانەت بابەتی گفتوگۆی ڕۆژانەی هاونیشتمانیان لە ڕووبەری گشتی کۆمەڵگادا.

لێرەدا ئەم دەسەڵاتدارانە بە ئامانجی گۆڕینی ئاڕاستەی باری سەرنجی فەزای گشتیی و دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیریی و دواتریش تاکە تاکەی هاونیشتمانییان، پشیلەی مردوو، وەکو بابەتێکی هەستیار و سەرنجڕاکێش، فڕێدەدەنە نێو فەزای گشتییەوە لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە کە بە ئەمەش کۆمەڵێک لە بکەرە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی خۆیان ڕادەسپێرن و بابەتەکە لە ڕوانگەی جیاوازەوە و لە ڕێگەی کەسایەتییە جیاوازەکانەوە دەخەنە سەر مێزەکە و بەردەمی ڕای گشتیی و کۆمەڵگا. لێرەوە ئەم بابەتە سەرنجڕاکێش و هەستەوەر و ناسکە لە کاتێکدا دەوروژێنن کە ڕکابەر و نەیارەکانیان نەتوانن کەمترین پێشگیری لێبکەن و تەنانەت تا ئەو ئاستەی کە ڕکابەر و نەیارەکانیشیان هەستی پێناکەن و دەبنە بەشێک لە یارییەکە و مشتومڕەکە.

واتا پشیلەی مردوو، تاکتیکی لابردنی تەرکیز و سەرنجی خەڵک و دەستەبژێری سیاسیی، فەرهەنگیی و مەدیایی و تەنانەت هاونیشتمانییانە بە ئەکابەر و نەیارەکانیشەوە لەسەر ئەو ڕاستییانە و ئەو بابەتە واقعییانەی کە دەسەڵاتداران نیگەرانن لە باسکردنیان و لاواز و دەڕاون تێیاندا، هەروەها ڕاکێشانی تەرکیز و سەرنجی هەموو ئەو گشتەیە بە بابەتێک کە دەسەڵاتداران تێیدا سەلامەتن و تەنانەت نەوەکو تەنها سەلامەت بەڵکو هەژموونگەرن تێیدا، واتا بابەتێکە و کاریگەرییەکانی لە ژێر هەژموونی دەسەڵاتدارانداییە و بە ئەمەش هەمووان ناچار دەکەن، ناچارکردنێکی تاکتیکی و ناڕاستەوخۆ، لەسەر ئەو بابەتە قسە و گفتوگۆ بکەن کە لە بەرهەمهێنراو و دروستکراوی سیاسیی ئەوانە.

ئێستا ئەگەر وردببینەوە لە هەڵڵا و هەنگامەی مەدیا و سۆشیاڵ مەدیا لەبارەی بەعەرەبکردنی شارەکانی کوردستانەوە، تێدەگەین دەسەڵاتدارانی خۆی کوردایەتیی چۆن لە ڕێگەی وەکیلەکانیانەوە، لە نێو نێوەندی ڕوناکبیریی و نێوەندیی سیاسیی کوردستاندا چۆن هەموو ئەو کەسانەی بەکارهێناوە کە لە نێو چێوەی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتییەکەی دوو حزبخێڵەکەی کوردایەتییدا جێگا دەگرن.

سەرنجبدە، چۆن پشیلەی مردووی بەعەرەبکردنی شارەکانی کوردستان، بەشێکی زۆر لە چالاکوانانی مەدەنیی، نووسەران و شیکەرەوە سیاسییەکان، نێوەندی ڕوناکبیریی، ئەکادیمیی، فەرهەنگیی و کەناڵە جۆراوجۆرە مەدیاییەکان و سۆشیاڵ میدیاشی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و سەرنجی هەموو ئەو گشتەی لەسەر گەندەڵییە گەورە و خەیاڵییەکەی دەسەڵاتدارانی دوو حزبخێڵی کوردایەتیی لابردووە، سەرنجی هەمووانی لەسەر قەیرانی دروستکراوی کەمئاویی لەم ساڵەی باران و ئاو زۆرییەدا کە هەموو پۆند و بەنداوەکان پڕ بوون لابردووە، سەرنجی هەمووانی لەسەر قەیرانی گەورەی کەمیی و نرخ گرانیی بەنزین و غاز و نەوت و مووچە و دروستکردنی ئاستەنگییەکانی بەردەم مووچەی خەڵکی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە لابردووە.

لابردنی سەرنج لەسەر جیاکاریی ناوچەیی لە هەرێم. لابردنی سەرنج لەسەر زیندانییکردنی ڕۆژنامەنووسان. لابردنی سەرنج لەسەر بێکارەبایی و بەڵام لە هەمان کاتدا نرخێکی خەیاڵیی بۆ کارەبا.

لابردنی سەرنج لەسەر پەکخستنی پەرلەمان و نەمانی بودجە و دیاریکردنی بڕە پارەی تەرخانکراو بە شار و ناوچەکان هەر بە میزاج. لابردنی سەرنج لەسەر تەقدیسکردنی بنەماڵە و سیمبول و مێژووی خۆیان. لابردنی سەرنج لەسەر ئەوەی هەر منداڵێکی بنەماڵەی دەسەڵاتدار خاوەنی کۆشکی شاهانە لە وڵاتانی خۆرئاوا، خاوەنی زانکۆ، دەزگای فەرهەنگیی، دەزگای خێرخوازیی، کەناڵە و دامەزراوەی

زە بەلاحی مەدیایی، پاڵاوگەی نەوت، بانک و گروپی کۆمپانیاکانن.
لابردنی سەرنج لەسەر شکستی سیاسیی و کارگێڕیی سەراپاگیر.
بۆچی پشیلەی مردووی بەعەرەبکردن لەم کاتەدا!

ڕاستە قەیرانگەلی پێشتر هەما بەکراو لەمێژە هەن و بەردەوامن بەڵام بەڕێخستنی دیبەیت، کۆڕ و کۆنفڕانس بۆ پشیلەی مردووی بە عەرەبکردنی شارەکانی کوردستان و فەرمانپێدان بە هەموو کەناڵە جۆراوجۆرەکانی میدیا و پەیج و ماڵپەڕە بێشومارەکانیان بۆ سەبەر و بەرتاوەوە کە بیکەن بە بابەتی هەرە گرنگ و لەپێش، بۆچی لەم کاتەدا؟!

بەهۆی شکستهێنان لە بەغدا و نەمانی هەژموونیان، هەروەها لەم ماوەیەدا کە هەڵمەتی ئەوەی کە ناودەبرێت بە پاکتاوکردنی گەندەڵیی و دەستگیرکردنی گەندەڵکاران و دەست بەسەرداگرتنی سامانەکانیان، بەڕێوەدەچێت لەلایەن کابینە نوێیەکەی حکومەتی عێراقەوە و بە پاڵپشتیکردنی زۆرینەی هاوپەیمانەتیی و هێزە سیاسییەکانی عێراق و هەروەها پشتیوانیی ئەمریکا و خودی ترەمپ لە عەلی زەیدی سەرۆکی حکومەتی عێراق، ترسی لە دەی دەسەڵاتدارانی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا دروستکردووە.

ترسی کەمبوونەوەی هێز و هەژموونیان، ترسی لەدەستچوونی بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتیان، ترسی قۆناغ بە قۆناغ دەرخستنی گەندەڵییەکانیان و بەرەو لێژبوونەوەی ڕەوڕەوەی دەسەڵات و ملنەدانیان بە بڕیارەکانی بەغدا، هەروەکو لە ڕابردوو کردوویانە. ترسی نەمانی پاڵپشتیی نێو دەوڵەتیی و لە سەروو هەموویانەوە ئەمریکا. ترسی بە دادگا گەیاندنی هەندێک لە نزیکەکانیان کە ئەمەش خۆ بەخۆ یەکسانە بە شکانی شکۆ و جەبەڕووتیان کە لە درێژایی سی و ئەوەندە ساڵەی ڕابردوودا لەسەر شکاندنی شکۆی ئینسانی کورد و شکستپێهێنانی سایکۆلۆژیای گشتی کۆمەڵگای کوردیی و ئیرادەی ئینسانی کورد، بونیادیان ناوە.

ترس لە چارەنووسی دەسەڵات و داهاتووی سامانی بێشوماریان کە لەسەر تاڵانکردنی داهاتی گشتیی و وێرانکردنی کوردستان کەڵەکەیان کردووە.

ئێستا لە ڕێگەی پشیلە مردووی بە عەرەبکردنی شارەکانی کوردستانەوە، دەیانەوێت ئەگەری شکانی شکۆی خۆیان یەکسان بکەن بە ئەگەری شکانی شکۆی میللەت و نەتەوەی کورد.

هەر لە ماوەی ڕابردوو، خاوەنی کۆمپانیایەکی گەیاندنی سەر بە یەکێک لە دوو خێڵە دەسەڵاتدارەکە، سزادانی کۆمپانیاکەی لەلایەن وەزارەتی گەیاندنی عێراقەوە بە سزادان لەسەر کوردایەتیی و کورد و کوردستان، ناوبرد.

ئەوان "دەسەڵاتداران و سەرمایەدارە هاوبەشەکانیان" لە ڕێگەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونەوە بە سپیکردنەوەی سەروەت و سامانە گوماناویی و سەرچاوە نەزانراوەکانیان و قازانجی خەیاڵیی خۆیان و تێکدانی عیمرانی شارەکان، پشیلەی مردووی بە عەرەبکردنی شارەکانی کوردستانیان وەکو پڕۆسەیەک جێبەجێکردووە، ئێستا دەبێت خەڵکی قوربانیی و ستەملێکراوی کوردستان، شەڕ لە دژی بە عەرەبکردن! بەرپا بکات و ببێتە سەربازی خۆبەختکەری ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی!. دەیانەوێت لە ڕێگەی پشیلەی مردووی بەعەرەبکردنەوە، مۆبیلایزی ڕای گشتیی سیاسیی و خەڵکی کوردستان بکەن بە ئاڕاستەی دژایەتییکردنی حکومەتی عێراق و سیناریۆی پووچ و بێناوەڕۆکی هەڕەشەی خۆجیاکردنەوە لە عێراق و دەوڵەتی سەربەخۆ!

دەیانەوێت نمایشەکە وەها بکەن، کە ئەوە خەڵکی کوردستانە کە ئەمجارەیان دژی عێراقە و خواستی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە نەوەکو پلان و ئەکتی سەرکردە سیاسییەکان و هێز و لایەنە سیاسییەکان.

دواتریش ئەم کارتە بەکاربهێنن وەکو ڕێگەیەک بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بۆ خۆ دەربازکردن لە ئەگەری دەرخستنی گەندەڵییەکانیان و ئەگەری دەستگیرکردن و دادگاییکردنی هەندێک لە نزیک و دەستوپێوەندەکانیان.

لەڕووەیە، تێدەگەین خ[illegible] دەسەڵاتدارەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیی و ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی، دەتوانن تا چەند کاریگەر بن لە ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوەی گشتییدا و هەردەم لەڕێگەی بابەتە هەستیار و وروژێنەرەکانەوە، دەست بەسەر عەقڵی نەوەکو ئاپۆڕای جەماوەرییدا بگرن، بەڵکو دەستبژێرەکانی نێو کایە جیاوازەکانیشدا بگرن لە مەنگەنەی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی خۆیاندا لە قاڵبی بدەن.

پشیلە مردووەکانی سەرانی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی، هێندە زۆرن هەرگیز دوایان نایەت و کەمەڵگاش هەزار جاری دیکە لە هەمان کونەوە، هەمان مار پێوەی دەداتەوە.

ئەحمەد ڕەسوڵ

....

تێبینی١: * ستراتیجی پشیلەی مردوو دەگەڕێتەوە بۆ ستراتیجیستی سیاسیی ئوستوڕالیی، لینتن کڕۆسبی.

تێبینی٢: ** ئەو دوو پەرەگرافەی نێوان دوو کەوانەکان، دەقی دوو کورتە پەرەگرافی نێو ستوونەکی بۆریس جۆنسنی سەرەک وەزیرانی پێشووتری بەریتانیایە کە لە هەندێک بەشی وتارەکەدا لەبارەی ستراتیجی پشیلەی مردوو دەدوێت، کە لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕی زۆ

تەلەگرافی بەریتانییدا لە ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە، کە لە کاتی نووسین و بڵاوکردنەوەی ستوونەکەدا لە ساڵی ٢٠١٣ ، بۆریس جۆنسن، پارێزگار “مایەر” ی شاری لەندەن بوو. ئەمەی خوارەوەش لینکی وتارەکەیە:

This cap on bankers’ bonuses is like a dead cat – pure distraction

---

ئاکاری نزم و فاشیزم، فاشیزمی خێڵ و فاشیزمی ئاپۆڕایی.. ئەحمەد ڕەسوڵ

فاروق ڕەفیق، یەکێکە لە عەقڵە فەلسەفییەکانی کۆمەڵگای ئێمە بە هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیانە فەلسەفییەکەی کرد و پڕۆژەکانی بە تەواونەکراوی بەجێهێشتن.

ناو و یادی ئەو هەمیشەیی و پڕشنگدار.

بیربکەرەوە و وێنای بکە، لە غیابی عەقڵە فەلسەفییەکانی و ئایکۆنە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکانیدا، فاروق وەکو یەکێک لەوان، کۆمەڵگای ئێمە لەسەر دەستی ئاپۆڕای خێڵگەرایی حزبیی و ئیسلامیزمدا، دەبێتە چ بیابانێکی بەرەهوت.

ئادەرنۆ و کۆمەڵگای پێشکەوتووی پیشەسازی
فاشیزم، ئاکاری نزم و ژیانی خراپ

کۆمەڵگای پێشکەوتووی پیشەسازیی دنیایەکی ڕێکخراو و دیسپلینکراوە بەجۆرێک عەقڵی کردووەتە ئامێریی و ئاکاریش لە بەرهەمهێنراوی ئەو تەکنیکە پەرەسەندووە و ئەو عەقڵە ئامێرییەدا بووەتە ئاکارێکی نائینسانی. ئادەرنۆ دەڵێت ژیانێکی باش و ڕاستگۆیانە چیدی لە کۆمەڵگای پیشەسازیی پێشکەوتوودا نەماوە، لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگایەکی نائینسانییدا دەژین. کتێبەکە خۆی لە ڕەهەندێکیدا هەوڵدەدات پێمان بڵێت ژیانێکی باش و ڕاستگۆیانە چییە و چۆن

دەتوانین ئەو ژیانە بژین. کە هەموو ئەمانە لەڕێگەی ووردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و ئەزموونی ئینسانەوە لە بەرکەوتنی بە مرۆڤەکانیدی و ئاکارە گشتییە کۆمەڵایەتییەکان، بە دەزگاکان و بە یاسا و ڕێساکانەوە، باس دەکات. هەروەها باس لە یۆتۆپیای دنیای پێشکەوتووی پیشەسازیی دەکات هەمان شێوەی ئاین دنیایەکی یۆتۆپیی لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤدا دەچێنێت. کتێبەکە باس لەو ژیانە دەکات کە ووردەکارییەکانی ئاکاری نزم تانوپۆی دەتەنێت و دواجار لە بەرهەمهێنانی فاشیزمدا دەردەکەوێت. واتا فاشیزم بەبێ بوونی ئاکاری نزم و ژیانێکی خراپ ناتوانێت ببێت. ئاکاری نزم و ژیانی خراپ زەمینەی لەدایکبوونی مرۆڤی فاشیست و سەرهەڵدانی فاشیزمن. کۆمەڵگای پێشکەوتووی پیشەسازیی و دنیای پەرەسەندووی تەکنیک، ئەو دنیایەن کە فاشیزم وەکو گوتار و دەستەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئاکاری فاشیستی تێیدا لەدایکدەبێت.

...

ئەمەی سەرەوە، لە کتێبی "مینیما مۆڕاڵیا؛ شکانەوەکان لە ژیانی زیانبەرکەوتووەوە" ی ثیۆدۆر ئادۆرنۆر فەیلەسوف، کۆمەڵناس و دەروونشیکاری سەر بە قوتابخانەی فرانکفۆرت. هەڵبەت بەو جۆرە نییە کە بە دەق وەرگیرابێت بەڵکو ئایدیایەکی گشتی کتێبەکەیە.

...

ئەم ماوەیە هەڵمەتێکی فراوان لە ڕووبەرەکانی سۆشیاڵ میدیادا لە دژی د. فاروق ڕەفیق بەڕێوەدەچێت لەسەر هەندێ قسەی "وا تەسەور دەکەم" کە لە سیاقی لێکچەرێکدا بێت و لە میانەی کۆرسە فەلسەفییەکانی و بەشێکی زۆر کەم لە قسەکانی بەدراوە و بڵاوکراوەتەوە کە ئاشکرایە زۆربەی جار کاتێک چەند ڕستەیەک لە کۆی گشتی ووتەکانی کەسێک بە تەنها وەردەگیرێت و لە سیاق دادەبڕێنرێت ئاسایە مانای جیاواز و پێچەوانە بە مانای گشتی کۆی ووتەکانی ئەو کەسە بە دەستەوە بدەن، لەبارەی شارەچکەی زەڕایەن، کە بەچوونە ڕەخنەییەکانی لە بنەمادا لەبارەی پەروەردە بە گشتیی و خوێندنی باڵایە بە تایبەتیی و لەو چوارچێوەیەشدا ڕەخنەکردنی کۆلێژێک لە شارەچکەی زەڕایەن وەکو نموونەیەک. ئەوەی لە پشت ئەم هەڵمەتەوەیە هەم فەندەمێنتالیزمیی دینیی "سەلەفیزمی دینیی و ئیسلامی سیاسیی" و هەم ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی بە دەستلەملانی عەشیرەتگەریی و دیوەخان. لە ڕاستییدا ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی هەر لە بنەماوە لەسەر ئاوەزانبوون بە بونیادەکانی خێڵگەرایی و مەنتاڵیتیی

ئاغاواتی خۆی بیناکردووە. بەڵام لە نزیکەی دوو دەیەی ڕابردوودا باوەشێکی گەورەشی کردووە بە فەندەمەنتاڵیزمی دینییدا. ئەوە بەچەندوچوونە کە لای من و زۆرینەی ئینسانەکانیش خەڵکی زۆڕایەن و هەر شار و شارۆچکەیەکی کوردستان و هەر ناوچەیەک وەکو تاکەکەسەکان و گرووپی کۆمەڵایەتیی، ئینسانی پاک، سادە، خاوەن ڕۆحی جوانی هاریکارییین و مایەی ڕێز و خۆشەویستین نەوەکو هیچ شتێکیتر.

ئاشکرایە، ئەمە یەکەم جار نییە، بە هەزموونی فەندەمەنتالیزمی دینیی یان دەستلەپشتدانی حزب-خێڵەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیی هەڵمەتێکی فراوان بەڕێدەخرێت لە دژی ڕۆشنبیر، چالاکوانی بواری مافەکانی مرۆڤ، چالاکوانی مافەکانی ژنان، ئەدیب و شاعیران تەنها لە بەرئەوەی تێگەیشتن و جیهانبینی ئەوان بە عەقڵی بچووک و داخراوی ئەوان نایاتەوە و بگرە ترسە تا ئاستی فۆبیا لە کاریگەریی گوتاری فیکریی و جیهانبینی ئازادانە و یەکسانیخوازانەی ئەوان و لەوەشەوە گۆڕانکاریی ڕیشەیی سیاسیی، فیکریی، کۆمەڵایەتیی، کولتوریی و بەهایی لە نێو کۆمەڵگادا. لە ڕاستییدا ئەوەی هەر جارە و بە بیانوویەک و بە پاساوێکی بێناوەڕۆک، هەر سێ ئاپۆڕای کوردایەتیی، فەندەمەنتالیزمی دینیی و خێڵ بەڕێیانخستووە گوایا وەڵامدانەوە بە سوکایەتیی و بێڕێزی بووە، تەنها لە یەک خانەدا جێگا دەگرێت، ئەویش خانەی تێرۆری کەسێتییە. هەڵبەت ئەوەش بە ئامانجی زاڵکردنی کەشوهەوای ترس، ترس لە دەربڕینی ئازادانەی بیرکردنەوەکانت، کە ئەمەش جگە لە فاشیزمی ئاپۆڕایی چیدیکە نییە.

پرسیار ئەوەیە، ئایا ڕۆشنبیر ئەگەر ڕەخنەی سیستەمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی نەکات، قسەیەک لەسەر سەلەفیزمی دینیی و ئیسلامی سیاسیی نەکات، ڕەخنەی بونیادە قەبیلەییەکانی کۆمەڵگای ئێمە نەکات، قسەیەک لەسەر سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵا وەکو کایەی ڕازیکردنی ئەو مەنتاڵیتییە سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئایینییە دواکەوتووخوازانەیەی کۆمەڵگای ئێمە نەکات و قسەیەک لە توێژێک و چینێکی کۆمەڵایەتیی نەکات، ئەی چی بکات؟ ئایا تەنها سەرقاڵ بێت بە فەلسەفەوە لە ئاستێکی موتەعال و وەکو کێڵگەی موناقەشەیەکی نەبڕاوە لەبارەی بوون و دەرکەوتنەکانی بوون؟ تەنها سەرقاڵ بێت بە فینۆمینە و نۆمینە؟ تەنها سەرقاڵ بێت بە عەقڵی ڕەها و ئامانجی بوونەوە؟ تەنها سەرقاڵ بێت بەوەی کە هەر شتێک لە نێو خۆیدا هەڵگری دژەکەی خۆیەتیی؟ ...هتد

هەڵبەت وەڵامەکە بە زۆرینەمان زانراوە و ڕوونە. خواستی ئەم سێ ئاپۆڕایە ئەوەیە، ڕۆشنبیر سەرقاڵ بێت بە موناقەشەیەکی بێزەنتی کە

هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی واقعی و ڕاستەقینەی تاکەکەسەکان و کۆمەڵگاوە نەبێت و ئەو موناقەشەیە و ڕۆشنبیرانیش بوون و نەبوونیان وەکو یەک بێت، هیچ کاتێک هەڵگری هیچ ئەگەرێک، هەرچەندە لاوازیش، نەبێت بۆ گۆڕانکاری لە میانەی ئەو گفتوگۆ و دیبەیت و نووسینانەوە هەم لە عەقڵییەتی تاکەکەسەکان و کۆمەڵگادا هەم لە سیستمی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، کولتوریی و بەهاییدا.
ئەگەر لە هەمبەر قسەیەک، لێدوانێک و ڕەخنەیەکی ڕۆشنبیر، چالاکوان و ئەدیبان ئەم هەموو هێرشە ئاست نزمانە لە مینبەر، سۆشیاڵ میدیا، میدیا و تەنانەت ڕێپێوانیش بەڕێوەدەخرێت لەلایەن ئاپۆڕای کوردایەتیی، ئاپۆڕای فەندەمێنتالیزمی دینیی و ئاپۆڕای خێڵ، هەرجارەی بە بیانوویەکەوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی قسە بە توێژێک وتراوە و جارێک بە بیانووی ئەوەی قسە بە حزبێک و بە ڕەمزێک وتراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی سووکایەتی بە مێژوومان و سیمبولەکانمان کراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی قسە بە پێشمەرگە وتراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی کارێکی هونەری جلوبەرگی ژێرەوەی ژنانی تێدا بەکارهێنراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی سەما لە شوێنی گشتییدا کراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی لە پارکی ئازادی کچ و کوڕێک بە ئاشکرا یەکتریان ماچ کردووە لە ڕۆژی خۆشەویستیدا و لە بەردەم پەیکەری خۆشەویستیدا، جارێک بە بیانووی ئەوەی لە درامایەکدا باس لە مەلا بە خراپە کراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی لە شانۆییەکدا هێڵی سوور بەزێنراوە، جارێک بە بیانووی ئەوەی قسە بە شارێک، شارۆچکەیەک و ناوچەیەک وتراوە … هتد

ئەی ئەو کاتەی کە مەلایەک قسە بە تەواوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەڵێت ئەوە بە میدیا و سۆشیاڵ میدیاتان لە پێ نەکرد؟! ئەی کە مەلایەک ژنی بە دایناسۆر شوبهاند، کە لە ئەوە هاتە دەنگ هیچ نەبێت وەکو ڕێزگرتن لە دایک و خوشک و کچی خۆتان. ئەی کە مەلایەک ووتی زانکۆ هەمووی فەسادیی و بێئەخلاقییە و ئەستەمە کچێک لە زانکۆ بە ساغی دەربچێت، کە لە ئەوە نقەی لێوەهات هیچ نەبێت بۆ داکۆکی کردن لە کچ و خوشکەکانی خۆتان؟! ئەی کە مەلایەک ووتی پەیمانگای هونەرە جوانەکان پڕە لە بێڕەوشتیی، کە لە ئەوە هاتە دەنگ، بە ئەوەی مەلایەک تێبگەیەنن بێڕێزیی و سوکایەتی بە دەزگایەکی هونەریی پەروەردەیی ڕەوا نییە و مافی ئەوەی نییە هەرچی بێت بە خەیاڵیدا لە دەمییەوە هەڵیڕێژێت؟! یان کاتێک مەلایەک ووتی لە سەدا ٩٥ ی کۆمەڵگای کوردیی کافرە، بە کەس لە ئەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڵوێستێکتان نەبوو لانیکەم بە داکۆکی و ڕێزگرتن لە خودی خۆتان و بنەماڵە و کەسوکارتان کە خۆتان بە موسڵمان و دیندار دەزانن؟ ئەی

بە ئەو کاتەی مەلایەک ووتی هەر ژنێک بۆنی خۆش لە خۆی بدات و بڕواتە دەرەوە لە ماڵە، بێڕەوشتە و وەکو ئەوەیە زینای کردبێت، بە هەمووتان گوێی خۆتان لێ خەواند و خۆتان لە گێلیی دا، مەگەر دایک، خوشک، کچ و هاوسەرتان بۆنی خۆش بەکارناهێنێت یان بەکاری نەهێناوە؟!

ئەم هەموو پرسیارانەم ڕووبەڕووی ئاپۆرای کوردایەتیی، ئاپۆرای فەندەمێنتالیزمی دینیی و ئاپۆرای خێڵە، بە بانگەشەکاران، نووسەران و شوێنکەوتووانیانەوە.

ه□موو ئ□و گوتار□ پفدراو□ی پدک ب□ناوی کوردستانیبوون، شک□ی ه□ر□م، ه□□و□شان□و□ی ه□ر□م، کوردای□تیی و کوردبوون، جگ□ ل□ گوتار□کی موز□ی□ف و ب□رگ□کی ساخت□ ه□چیتر نیی□ ک□ ن□و□□□ک و ک□□ک□ک□ی ترس□ ل□ ناس□نت□ا□بوون و د□ستگرتن□کی ش□تان□ی□ ب□ د□ست□□اتداربوون ب□س□ر مووچ□ی خ□□کی ه□□□م□و□ و د□ستگرتنی توند□ ب□ پ□□ژ□ی "ه□ژماری من!" ک□ ئ□و د□س□□اتدار□تیی□ی ب□س□ر قووتی خ□□کی کوردستان□و□ ب□ ت□حقیق د□کات جگ□ ل□ قازانج□ خ□یا□یی□ک□ی ک□ ب□ بن□ما□□ی بارزانی خ□ی□تیی و ل□ ن□و بن□ما□□ک□شدا لق□کی. ئاشکرای□ چ□ک□کی کاریگ□ریش د□ب□ت ب□ د□ستیان□و□ ب□رامب□ر ه□ر ک□س□ک ک□ ئ□وان ئار□زووی ن□ک□ن و ن□یان□و□ت.

ل□مپنیزم دژ ب□ □□حی نا□□زای□تیی و ب□ر□نگاریی.. ئ□حم□د □□سو□

د□س□□اتدار□تیی ب□رپرسیار – خزم□تگوزاریی□ گشتیی□کان

ل□ در□ژایی م□ژووی د□زگای د□و□□ت ل□ ف□□م□ م□د□رن□ک□یدا ب□ دام□زراو□ گشتیی□ ک□م□□ای□تیی□کانیی□و□، ب□ش□ک ل□ شوناسی خ□ی ل□ □□گ□ی ن□و□□□ک و سیمای نو□گ□ران□ و پ□شک□وتووی چ□ندین کای□ی خزم□تگوزاری گشتیی□و□ ب□رج□ست□د□کات. خزم□تگوزاریی□ گشتیی□کانی و□کو پ□رو□رد□ و خو□ندن "باخچ□ی ساوایان تا خو□ندنی با□ا"،

تەندروستیی، شەقام و ڕێگەوبانەکان، پارک و ڕووبەرەکانی سەوزایی، خزمەتگوزارییەکانی دابینکردنی ووزەی کارەبا و ئاوی پاکی خواردنەوە، چاودێری کۆمەڵایەتیی "سەرپەرشتییکردن، هاوکاریی و پشتگیریکردنی بەساڵاچووان، منداڵانی بێسەرپەرشت و خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان".

چەندەتیی و جۆرەتیی “Quantity and Quality” ئەم خزمەتگوزارییە گشتییە بنەڕەتییانە پێوەری ئاستی بەرپرسیارەتیی و پێشکەوتوویی دەسەڵاتدارەتیی ڕامیاریی و کارگێڕیی هەر کۆمەڵگایەکە. ئاستی بەرپرسیارەتیی و کارایی هەر دەسەڵاتدارەتییەک بە تایبەتی نێوەندی بەیاردانی سیاسیی و کارگێڕیی "حکومەت و حزبەکان"، بە گوێرەی بە و شێوازی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ئاستی داهات و توانایی ئابووریی تاکەکەسەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکان و دواجار کۆمەڵگا بەگشتیی، دەپێورێت.

هەڵەی گەورەی سیاسیی یەک بە دوای یەک، گەندەڵیی بێسنوور و ویستی هەژموونێکی گشتگیری حزبیی لە هەر جومگەیەکی حوکمڕانییدا، مامەڵەکردنی خێڵەکییانە لە تەک سیاسەت و حوکمڕانیی، بە بنەماڵەییکردنی دەسەڵاتدارەتیی و … هتد ئەو ڕیزە هۆکار و ئەنجامە یەک بە دوای یەکانە بوون کە کوردستانی گەیاند بە دۆخێک لە نزیکەی دە ساڵەی ڕابردووەوە ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەردەوام لە دابەزین و نزمبوونەوەدان تا ڕادەی نزیکبوونەوە لە داڕمان و هەرەسهێنان. لاوازبوونی کوشندەی خزمەتگوزاری تەندروستیی و پزیشکیی لە کەرتی گشتییدا تا ڕادەی نزیکبوونەوە لە نەمان، شەقام و ڕێگەوبان نەوەکو زیادنەکراون و بونیادنەنراون بەڵکو ئەوەشی هەبووە بەرەو وێرانەیی و هەڵوەشانەوە دەڕوات، خزمەتگوزاریی دابینکردنی کارەبا دابەزیوە تا نزمترین ئاستی خۆی لە ئەم وەرزی سەرمایەدا و کە لە هاویندا کێشەی کەمئاوییشی سەربار دەبێت. سیستمی پەروەردە و خوێندن لە نزیکەی دە ساڵەی ڕابردووەوە لە پاشەکشەی بەردەوام و بەرەودوا گەڕانەوەدا بووە لە سەر هەموو ئاستەکانی.

داهاتی تاکەکەس – ئابووریی گشتیی

پێوەرێکی دیکە لە هەڵسەنگاندن و نمرەپێدان، هەوڵە بەردەوامەکان و پڕۆژە ئێستایی و ستراتیژییەکانی هەر دەسەڵاتدارەتییەکە بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی تاکەکەس و توانایی ئابووریی کۆمەڵگا بە گشتیی.

دەسەڵاتدارەتییەک کە هەردەم سەرقاڵ بێت بە گەورەکردنی ڕووبەرەکانی توانایی ئابووریی و دەستکراوەیی بنەماڵە سیاسییە حوکمڕانەکان لەسەر شانی حزب، حزبیش لەسەر شان و ملی حکومەت و لە

بەرامبەریشدا بچووککردنەوەی ڕووبەرەکانی ئازادیی، ئیرادە و توانایی ئابووریی تاکەکەسەکان، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و فەزای گشتیی کۆمەڵگا جگە لەوەی دەبێتە کابووس لە ژیانی ئەو کۆمەڵگایەدا هیچیدی لەبەرهەم نایەت. دەسەڵاتدارێتییەک کە تەک ڕوئیا و بەرنامەیەکی ڕاستەقینە و واقعیی بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی تاکەکەس و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکەی نەبێت و بگرە هەردەم لە هێرشکردنە سەر ژیانی خەڵک و قورسترکردنی گوزەرانییاندا بێت، هەڵبەت کە بۆشایی نێوان دەسەڵاتداران و خەڵک دەبێتە خەرەندێکی قووڵ و فراوان بە ئەندازەیەک دنیای خەڵک و دنیای دەسەڵاتداران دەبنە دوو دنیای بە تەواوی لێکدابڕاو و بگرە دژبەیەکتری وەکو ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێت.
لە چەند ساڵەی ڕابردووەوە کە پلەی بەرزکردنەوەی فەرمانبەران و مامۆستایان ڕاگیراوە و ئەو هەموو مووچەیەی کە نەدراوە کە وا مووچەی ئەم سێ مانگەی کۆتایی ئەمساڵیشی دێتە سەر بۆ ئەو هەموو لێبڕین و پاشەکەوت و ئەو قسە بێمانایانەی داهێنراوی دەسەڵاتدارێتیی حزب-خێڵەکانی کوردایەتیی، سەرباری زیادکردنی چەند هێندەی هەموو جۆرەکانی باج و ڕسومات، سەرباری زیادکردن و داهێنانی چەندین جۆری باج و سەرانەسەندن، ئەوە سەرباری بەردەوام بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنیی “غاز و نەوت و بەنزین” و کارەبا و … هتد، جگە لە دابەزینی کەمەرشکێنی داهاتی تاکەکەس و داڕمانی ئابووریی گشتیی کۆمەڵگا هیچیدی لە بەدینایەت هەروەکو ئەوەی ئێستا کۆمەڵگای ئێمەی پێدا تێپەڕدەبێت.

لۆمپن – لۆمپنیزم

واژەی لۆمپن “Lumpen” بۆ یەکەم جار لەلایەن کارڵ مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) و فرێدریک ئەنگڵز (١٨٢٠-١٨٩٥) لە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستدا “The Communist Manifesto” بەکار هێنرا کە لە زمانی ئەڵمانییەوە گواستییانەوە نێو زمانی ئینگلیزی “Lumpenproletariat”، بە واتای ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە دێت کە لە ڕووی پلەبەندیی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و چینایەتییەوە لە خوار چینی پرۆلیتاریا “چینی کرێکار” وەن. لۆمپن، ئەو بەشەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە کە پێکدێت لە سواڵکەر، لەشفرۆش، دز و تاوانکار. لۆمپن تا ئاستێک لە ملکەچیی و بێئیرادەیی دابەزیوە کە چیدی نەوەکو ئیمکانی بەرەنگاربوونەوەی تێدا مردووە بەڵکو دژی هەر جۆرە ئەکتێکی بەرەنگاریی و ڕەحەکی یاخیبوون و ئیرادەتمەندیی دەوەستێتەوە. لۆمپن تا ئاستێک تەسلیمبووە بە وەزعی مەوجود و قەدەری ڕەشی خۆی، کە وایلێهاتووە دژ بە هەر هەوڵێک بە گۆڕانکاریی

لە دەخی هەنوکەییدا دەوەستێتەوە. لەمپن بە سروشتیی پێکهاتەی چینایەتیی خۆیان و بەهۆکاری نزمیی ئاستیی خوێندەواریی، تێگەیشتن و بیرکردنەوەیان نەوەکو نابنە بەشێک لە شۆڕشی چینی کرێکار دژی خاوەنکار و سیستمی سەرمایەداریی بەڵکو ڕێگەی دژەشۆڕش دەگرن.
لە دەخی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا، لەمپنیزم، ئاماژەیە بەو جۆرە مەنتاڵیتیی و بیرکردنەوەیەی کە دژ بە هەر ڕۆحێکی تەسلیمنەبوو و ئیرادەخواز دەوەستێتەوە. لەمپنیزم، ئەو ڕۆحییەت و عەقڵییەتە دەستەمۆ، ملکەچ، بێدەنگ و بێهەڵویستەیە دەشێت لای کەسێکی بڕوانامەدار یان تەنانەت نووسەر یان پلەدار و پێگەدار لە هیرارکییەتی ئیداریی و سیاسییدا، یان خاوەن بڕوانامەی باڵا “ماستەر و دکتۆرا” بێت، کە بە نووسین و ڕەخنە دژ بە ڕۆحی بەرەنگاریی و توانای دەربڕینی ناڕەزایەتیی توێژێک یان بەشیکی کۆمەڵگا دەوەستێتەوە یان هەندەجار بە سوخرییەت و گاڵتەجاڕیی.

تۆمەت و ڕەخنە لە سەر بنەمایەکی هیچ یان لەمپنیزم

مامۆستایان لە پێناوی داواکارییە سەرەتاییی، ڕەوا و یاساییەکانی خۆیان، فەرمانبەران و تەواوی مووچەخۆران بەرەوڕووی دەسەڵاتدارەتیی و دەسەڵاتداران بوونەتەوە بە شێوازە مەدەنییەکان. بایکۆت لە دوای گرتنەبەری هەموو شێوازەکانی خەباتی مەدەنییەوە پەنای بۆ براوە. ئاساییە هەر جۆرە خەبات و ئیرادەکردنێک ڕووبەڕووی چەندین جۆری تانەلێدان، ڕەخنە و تەنانەت گاڵتەجاڕیی ببێتەوە. سروشتیی هەر سەرکەشیی و ئیرادەردنێک وەهایە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی و لەمپەرە جۆراوجۆرەکان ببێتەوە.
لە پەیوەند بە ناڕەزایەتیی، خۆپیشاندان و بایکۆتی مامۆستایانەوە چەندین سەرنج و ڕەخنە خرانە ڕوو. بۆ نموونە سەرنجێک ئەوە بوو گوایا هەموو ئەوەی ڕوودەدات لەم دەڤەرە لە کاری ژێربەژێری پارتییە بۆ تێکدانی دەخی (زۆنی سەوز) کە ئەم بۆچوونە لەوکەسانەوە دەبیسترا کە لایەنگیری یەکێتیین ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بێبنەمایی و پووچێتیی ئەم تۆمەتە لەوەدا دەرکەوت کاتێک وەزیری پەروەردە “کە لە پشکی پارتییە” هەوڵیدا بە شکاندنی بایکۆت و کۆتاییهێنان بە ناڕەزایەتی مامۆستایان تەنانەت بە ووشەی “دەبێت” فەرمانیکرد و نەوەکو سەرینەگرت بەڵکو ناڕەزایەتیی مامۆستایان توندتر بووەوە، سەرنجێکی دیکە ئەوە بوو گوایا هەموو ئەوەی ڕوودەدات دروستکراوی یەکێتییە و بە فشاردانانە لەسەر پارتیی و کارتێکی سووتاوە و کاریگەری نابێت، ئەم بۆچوونەش لەو کەسانەوە دەبیسترا کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لایەنگیری پارتیی یان گوتارە سیاسییەکەی پارتیین. پووچیی و بێبنەمایی ئەم تۆمەتەش لەوەدا

دەرکەوت کە جێگری سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانیی داوای لە مامۆستایان کرد بۆ گەڕانەوە بۆ ناوەندەکانی خوێندن و دواهەمین هەوڵی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانیی بۆ هەموو توانایانەوە بۆ شکاندنی بایکۆت، بەڵام بە ناڕەزایەتیی توندتری مامۆستایان و خۆپیشاندنی فراوانتر وەڵامدرانەوە. هەروەها هەبوون دەیانگوت نەوەی نوێی لە پشتە، ئەمەیان نەوەکو پووچ و بێنەما بەڵکو تۆمەتێکی هێند ئاست نزمە شایان بە قسە لەسەرکردن نییە کە ئەمانە تێیاندا هەبوو لایەنگیری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی یەکێتیی و پارتییش.
هەموو ئەو تۆمەتە ڕیزکارانە لە نێو بازنەی لۆمپنیزمدا جێگادەگرن. لۆمپنیزم ئەو بیرکردنەوە و تێگەیشتنەیە، بە ئەوەی لە ئیرادەکەوتن و ڕۆحە تەسلیمبووەکەی خۆی پاساو بداتەوە، دەبێت لە بەهای ڕۆحی تەسلیمنەبوو و ئیرادەتمەندیی ئەوانیتر کەم بکاتەوە بە تۆمەتی پووچ و قسەی هەڵیت و پەڵیت. لۆمپن و لۆمپنیزم دژ بە هەر ئەکتێکی بەرەنگاریی دەوەستێتەوە.

ناڕەزایەتیی گشتیی – بەرئەنجامێکی حەتمیی

مامۆستایان وەکو توێژێکی زیندووی ئەم کۆمەڵگایە، لە چەند ساڵی ڕابردووەوە بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر گوزارشتیان لەو دۆخە سەختە و لە ناڕەزایەتیی گشتیی کۆمەڵگا کردووە و هەردەم بە فشاری جیاوازی مەدەنیی و نەرم، بەڕێخستنی چەندین خۆپیشاندان و تادەگات سکاڵا تۆمارکردن لە دادگا و … هتد هەردەم لە ڕووبەڕوونەوەدا بوون لە دژی ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی دەسەڵاتداران، تا گەیشتووەتە بایکۆتی ناوەندەکانی خوێندن و ڕاوەستانی پەروەردە. پەروەردە، یەکێک لە پڕۆسە هەرە گرنگەکانی هێمای زیندووێتیی و بەردەوامیی ژیان و گەشە و بەرەو پێشچوونی هەر کۆمەڵگایەکە. دۆخی ئێستا سەرباری هەموو ئەوەی پێشتر هێمای بۆ کرا، بایکۆتی مامۆستایان و پەککەوتنی پەروەردە و خوێندنیشی هاتووەتە سەر.

دۆخێکی کارەساتباری بەو شێوەیە کە ئەم دەسەڵاتدارێتییە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای کردووەتەوە، هەڵبەت بۆ هەر کۆمەڵگایەک گەر لە نزمترین ئاستی زیندووێتیی و هۆشیار بە ماف و ئازادییەکانیدا بێت، ناڕەزایەتیی لە هەموو جۆر و ئاستەکانیی، خۆپیشاندان و هەر جۆرە ئەکتێکی بەرەنگاریی بە دەستەوەدەگرێت و پەنای بۆ دەبات لە دژی دەسەڵاتدارێتیی و دەسەڵاتداران.
لە وەها دۆخێکی کارەساتبار. کە خزمەتگوزارییە گشتییەکان تا نزمترین ئاست دابەزیون، باج و رسومات تا بەرزترین ئاست

بەرزکراونەتەوە، مووچەش بە ئەو جۆرەیە، مرۆڤ ئاخێزێک نەکا و دەنگ هەڵنەبڕێت، ناڕەزایەتیی توندی خۆی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە دەرنەبڕێت و تووڕەیی خۆی لە خۆپیشاندان و هەر ئەکتێکی دیکەی بەرەنگارییدا بەرجەستە نەکات، دەتوانێت چ ئومێد و خەونێکی هەبێت و دەتوانێت قسە لە چ ئیرادە و ئازادییەک بکات! بەهەڵوێستیی و بێدەنگیی لە ئاست وەها دۆخێکدا دەتوانێت جگە لە کڕوتن، بیماریی و کڕوتنی بوون و کڕینوونەی مرۆیی، چ ناوێکی دیکە و چ تەفسیرێکی دیکەی هەبێت!

ئاوابوونی بتەکان.. ئەحمەد □سو□□

ناونیشانی ئەم وتارە، ناونیشانی پەڕتوکێکی فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی (فرێدریک نیتشە "نیچە") یە، بەبێ ئەوەی کە ناوەڕۆکی ئەم وتارە هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەڕۆکی پەڕتوکەکەوە هەبێت. لە بەشی چوارەمی پەڕتوکەکەدا ناونیشانێکی بەمجۆرە هەیە (هەتا کۆتایی پێنەهێنین، چۆن بەیانی؟ جیهانی ڕاستەقینە، خورافەیەک – مێژوویەکی هەڵە) وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەی.
لە دەستەواژەی مێژوویەکی هەڵە، خەیاڵم ڕۆیشت بە مێژوویەکی درێژی خەبات و قوربانییدانی خەڵکی کوردستان "ئەوەی حزبخێڵەکانی کوردایەتیی بە شۆڕش و شۆڕشگێڕیی خۆیان ناوی دەبەن" کە زیاتر لە سەدەیەک دەبێت و دواتریش مێژووی ٣٢ ساڵەی دەسەڵاتدارێتیی و قەوارەی هەرێمی کوردستان. بەڕاست چ مێژوویەک بوو؟! ئەگەر داوەرییەکی خێرا و سەرپێی نەکەین لە ئاستییدا و قووڵتر و لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە سەرنجی بدەین هەر ئاوا ئاسان نابێت ئەو ناونان و داوەرییەی تا ئێستا وەکو قەوانێک هەزاران بارە کراوەتەوە.
بیرکردنەوەیەکی جیاواز و پەرسپێکتیقی جیاواز، مێژوویەکی هەڵە.
سەرنجڕاکێشە و ڕاتدەگرێت، "مێژوویەکی هەڵە"
دواتر لە ناونیشانی کتێبەکەوە "ئاوابوونی بتەکان"، کە ئێستا ناونیشانی ئەم وتارەشە، سەرنجم ڕۆیشت بەرەو ئاوابوونی حیکایەتەکانی دەسەڵاتدارێتیی لە هەرێمی کوردستان، ئاوابوونی ئەو

بتانەی بە هەموو شتێک دروستیان کردبوون. لە ٣٢ ساڵ لەمەوپێشەوە هەر ڕۆژەی بەشیک لەو بتانە هەڵوەریوە. ئاوابوونی بتەکانی شۆڕش و شۆڕشگێڕیی، ئاوا بوونی بتی کوردایەتیی،. ئاوابوونی بتی دروشمە قەبەکانی دیموکراسیی، هەڵبژاردن، ئازادیی، پێکەوەژیان، یاسا و دادپەروەریی. ئاوابوونی بتی دنیا لە پشتمانە، ئاوابوونی حیکایەتی پێشمەرگە، شەهیدبوون و گیانفیدایی. ئاوابوونی بتی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و دەیان بت و حیکایەتی دیکەی دەسەڵاتدارێتیی حزبەکانی کوردایەتیی.

هەر کەسێک ئەو ڕاستییە سادەیە دەزانێت، کە دەسەڵاتدارێتیی لە هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتدارێتیی سیاسییە پلە یەکەکانی حزبەکانی کوردایەتیی بووە نەوەکو دەسەڵاتدارێتیی خەڵکی کوردستان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بپرسین ئایا لاوازبوون یان ئاوابوونی دەسەڵاتدارێتیی لە هەرێمی کوردستان لە کەیەوە و لە چییەوە دێت؟

جوبران خەلیل جوبران دەڵێت، مردن بە یەک جار ڕوونادات. بەڵکو هێواش و بە چەندەها جار ڕوودەدات. هەر خەمێک و ئازارێک مردنێکی بچووک و بەشیی “جزئی”ە، بە جیابوونەوە لە خۆشەویستەکمان بەشێکمان لێ دەمرێت، بە ڕۆیشتنی هاوڕێیەک بەشێکی دیکەمان لێ دەمرێت، بە مردنی ئازیزێک بەشێکیترمان لێ دەمرێت … هتد دواجار هەموو مردنە بچووک و بەشییەکان پێکڕا مردنە گەورە و گشتییەکە پێکدەهێنن.

هەر کۆمەڵگایەک پێویستییەکی حەیاتی بە ئەو دەزگا و عەقڵە قووڵە شیکەرەوە و ڕەخنەگرانە هەیە، کە جیا لەو چاوەی کۆمەڵگای تەماشای خۆی پێدەکات، چاوێکی دیکە بە کۆمەڵگا دەبەخشێت کە لە دەرەوەی خۆی سەرنجی ووردی دەدات. ئەو دەزگایانە و ئەو ناوەندانە بە عەقڵە بیرکەرەوە و سەربەخۆکانیانەوە، لە سەرووی ئینتیما لۆکاڵیی، ناوچەیی، ئایینیی، ئایدیۆلۆژیی و سیاسییەکانەوە ڕەخنەی کۆی کایەکانی کۆمەڵگا دەکەن، لە کایەی سیاسیی و سیستمی حوکمڕانییەوە بە کایەی ڕۆشنبیریی و کلتوریی، لە سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە بە سیستمی تەندروستیی و … هتد. ڕەخنەکردنی هەر کایە و بوارێکی دەزگایی و ئیدارییی کۆمەڵگا جگە لە هەوڵی پێبەخشینی ئەو چاوەی دیکە بە کۆمەڵگا و بە خودی ئەو کایە و بوارە بە بینینێکی ڕاستەقینەی خۆی چیدیکە نییە.

هەموو سیستمێکی حوکمڕانیی لە ڕێگای ئەو ناوەند و دەزگایانە و ئەو عەقڵە بیرکەرەوە و ئاگاییە ڕەخنەکارەوەیە، بەردەوام چێکی خۆی دەکاتەوە و هەمیشە ئەو ئەگەرەی بەرەو هەڵدێر و هەڵەی گەورەی دەبات، لاوازتر و بچووکتر دەکاتەوە.

دەسەڵاتدارێتیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەسەر نەریتێک دەژی، نەریتی

ڕەتکردنەوەی چاوی دەرەوە و ڕەخنەکانی، نەریتی نەبینینی ئەگەرەکان و نەریتی دژوەستانەوە بە ئازادیی و گۆڕان. ئازادیی لەسەر هەموو ئاستەکان و گۆڕانیش لە ئاستێکی قووڵ و ڕیشەییدا وەکو پڕۆسەسی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا. لەڕووەوە سیستمی حوکمڕانێتیی، خۆی پارێزەرێکی کۆنەپارێزیی چەقبەستوویی دەزگایی، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بووە.
ئەم دەسەڵاتدارێتییە نەوەکو بەوەوە نەوەستا کە بە هەر نووسینێک و وتارێکی ڕەخنەیی ڕۆشنبیران، هەر چالاکیی و میتینگێکی ناڕەزایەتی چالاکوانانی مەدەنیی و کەمپەینە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوە مەدەنییە نێوخۆییەکان کۆمەڵێک لە کادیر و جنێونووسەکانی خۆی بە چەندین دەزگای مەدیایی جۆراوجۆرەوە تەرخان کردبوو بۆ ئێستاشەوە، بە سووکایەتیپێکردن، ڕیزکردنی تۆمەت و تەشهیر، بەڵکو دەستەیەکی لە ئاستی وەزارەتدا دامەزراند بە وەڵامدانەوە و ڕەتکردنەوەی بەردەوامی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکانی ڕێکخراوە جیهانییەکان و هەر ڕاگەیاندن و بەیاننامەیەکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی کە سەرنج و ڕەخنەیەکی تێدا هاتبێت دەربارەی پێشێلکاریی مافە ئینسانیی، یاسایی و مەدەنییەکان، گەندەڵکاریی و ئیدای خراپی دەسەڵاتداران.
ئەو ڕێکخراو و ناوەندە سیاسیی، کولتووریی، ژینگەیی و مرۆییە جیهانییانەی کە خۆیان بەشێک لە پاڵپشتیی و هێزی دروستبوونی دەسەڵاتدارێتیی لە هەرێمی کوردستان بوون.
لاوازبوون و ئاوابوونی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارێتییەکەی نە لە نووسین و ووتاری ڕەخنەکارانەی نووسەران و ڕۆشنبیرانەوە، نە لە خۆپیشاندانی چین و توێژەکان و کەمپەینی چالاکوانان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە، نە لە ناڕەزایەتی گشتییەوە لە مەدیا و سۆشیاڵمیدیاوە، نە لە حزبی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنەوە لە هەندێ قۆناغدا بە ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانییشەوە و نە لە لێدوانی پەرلەمانتارانی بەغدا بە هەندێ مەدیای قەومیی عەرەبیی عێراقیی و نە لە سەکۆکانی پەرلەمانتارە کوردەکانی بەغداشەوە لەسەر دەسەڵاتدارێتییەکەی هەرێمی کوردستانەوە هاتووە و دەستیپێکردووە.
لاوازبوون و ئاوابوونی ئەم دەسەڵاتدارێتییە لە ۳۲ ساڵە لەمەو بەرەوە دەستیپێکردووە، ڕۆژ بە ڕۆژ و هەنگاو بە هەنگاو تا بە ئەمڕۆ دەگات کە خەریکە لاوازبوون و ئاوابوونی دەگاتە دوا قۆناغی کۆتایی خۆی.
لاوازبوون و ئاوابوونی دەسەڵاتدارێتییەکەی هەرێمی کوردستان لە ئەمانەی خوارەوە هاتووە، تەنها بە بیرهێنانەوە. ئەگەر دەسەڵاتداران، ماستاوچیی و ئینشانووسەکانیان بیریان نەماوە، ئەوا با بزانن خەڵکی کوردستان زۆر بە باشی هەمووی لە بیرماوە و وەکو

نەخشی سەر بەرد لە یاداوەریی خەڵکدا هەڵکۆڵراون. هەڵوەرینی بتەکانی دەسەڵاتدارێتیی کوردایەتیی و کەوتنی حیکایەتەکانی، بەشبەش و ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئەمانەی خوارەوە هاتووە:

- لە ئاودیوکردنی شەفە و ئامێرە پیشەسازییەکانی کارگەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ وڵاتانی دەوروبەر بە قاچاغ، بەشێکی لە ئاوابوو
- لە دەستبەسەرداگرتنی خاڵە گومرگییەکان و مەرزەکان و بە حزبییکردنیان و بگرە بە بنەماڵەییکردنیشیان، بەشێک لە کەسێتیی و کاریزمای خۆیان دۆڕاند.
- لە شەڕی نێوخۆدا، بەکوشتدانی هەزاران ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە و جەرگسووتانی دایک و باوکیان و بێباوک کردنی منداڵەکانیان تەنها بۆ میزاجی سیاسییە پلە یەکەکانی حزبخۆڵە دەسەڵاتدارەکان، بەشێکیتری گەورەی پاڵپشتیی و خۆشەویستیی خەڵکیان بۆ خۆیان لەدەستدا.
- لە پێشلەشکرییکردنی سوپای وڵاتانی دەوروبەر و داگیرکەرانی کوردستان، بەشێکی گرنگی دیکەی قورسایی و پاکیی خۆیان لەدەستدا.
- لە پاڵپێوەنان و دەرگا بەڕوودا داخستنی بنەماڵەی شەهیدانی هاوسەنگەریان، لایەک لە مۆڕاڵ و بەهای خۆیان لەکەوت.
- لە فەرامۆشکردن و نەناسینەوەی کۆمئەندامانی هاوسەنگەری خەباتیان، بەشێکی دیکەی وەفا و ئەمەکدارییان لەبزربوو.
- لە بێئەمەکیی و بێنمەکیی لە بەرامبەر ماڵە هەژارەکان و گوندەکانی کوردستان کە جگە لەوەی نان و خوانیان لەبەردەمی منداڵەکانیان هەڵدەگرت و دەیانخستە بەردەمی مەفرەزە و پەلە پێشمەرگەکانی نیوە شەوان و بۆیان دەکردنە تێشوو و بۆیان دەپێچانەوە بۆ ڕێگا و دواتریش بوون بە سووتەمەنیی شۆڕش و خەبات بەوەی کە ماڵ و ژیان و گوندەکانیان سووتێنران ، خاپور و چۆڵکران، بەشێکی بەهاداریی دیکەی جوانیی، سادەیی و ڕەوایەتییان لەدەستدا.
- لە تێرۆرکردنی بەکر عەلییەوە لە سلێمانی، شاپور عبدالقادر، قابیل عادل، صلاح هەورامی و سەردەشت عوسمان لە هەولێر، سەرانی مامە حەمە و د.عبدالستار طاهر شریف لە کەرکوک، ویداد حسین لە دهۆک و کاوە گەرمیانی لە کەلار بەشێکی زۆر گەورەی ئەخلاقی بەپرسیارێتیی و مرۆڤبوونیان دۆڕاند.
- لە سوکایەتیپێکردن، لێدان و گرتنی ڕۆژنامەنووسان و

ڕاگەیاندنکارانەوە بەشێکی گەورەی دیکەی ڕەحی سەردەمیانەی بەرپرسیارێتیی لە ڕێزگرتنی جیاوازیی و ئازادیی بیروڕایان لەدەستدا.

- لە چەند ساڵ زیندانییکردنی چەندین چالاکوان تەنها بەهۆکاری خۆپیشاندانی هێمنانە و مەدەنییانە بەشێکی گەورەی متمانەی نێوخۆیی و دەرەکییان لەدەستدا.
- لە تراژیدیای خانەنشیان لە سەرەی وەرگرتنی مووچەکانیاندا، چەندین جار بە دەشکاوی و دەستبەتاڵیی گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان، پاڵەپەستەی قرچە قرچی گەرمای هاوین و سەرما و سۆڵەی زستان و تا ڕادەی بوورانەوە و لەهۆشخۆچوون و تەنانەت مردنیش، بەشێکی هەرە گەورەی دیکەی ئینسانییەت، پێزانین و وەفادارییتان لەدەستدا.
- لە بێزاریی زۆری خەڵک لە ئەو هەموو بازگەیەی نێوان شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بەشێکی دیکەی بەرپرسیارێتیی لە دابینکردنی ئاسایش و ئارامییان لەدەستدا
- لە ئەو هەموو جیاکارییەی نێوان کادیر و ئەندامە حزبییەکانتان لە بەرامبەر هاونیشتمانییانی سەربەخۆی کوردستان لە هەر فەرمانگەیەک و دەزگایەکی حکومییەوە بیگرە تا دەگات بە وەزارەتەکان، بەشێکی دیکەی ڕەحی بەرپرسیارێتیی لە مافی یەکسانیی هاونیشتانییان لەدەستدا.
- لە قۆرخکردنی بازاڕ و بازرگانیی و پڕکردنی کوردستان بە خۆراک و کاڵای خراپ و بێکوالیتیی و بوونی کوردستان بە زەنی باڵادەستبوونی نەخۆشیی شێرپەنجە و نەخۆشییە قورس و درێژخایەنەکان، بەشێکی دیکەی بتەکانیان هەڵوەرین.
- لە فەرامۆشکردنی و بەرەو وێرانەیی بردنی کەرتی گشتی لە بواری تەندروستیی و ئەو هەموو سەنتەر و نەخۆشخانە ئەهلییە سەبەرەی لەپرساوە تەرنەخەر و چاوچنۆکەکان بە نرخی خەیاڵیی و قۆرخکردنی بازرگانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی، ڕاستگۆیی و ڕەوایەتییان درزی گەورەی تێکەوت.
- لە خاوەندارێتییکردنی بەرپرسان و منداڵە کۆمپرادۆرەکانیان لە زانکۆی تایبەتیی و کۆرپەرەیشنەکان، بتی بێتەماحیی، خۆنەویستیی و پارە نەویستییان بەتەواوی هاڕەی کرد.
- لە دیقەدیقپێکردنی مامۆستایان، فەرمانبەران، خانەنشینان و هەموو مووچەخۆرانی کوردستان لانیکەم لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا و ئەو هەموو پاشەکەوت و لێبرین و فەوتانی مووچەی تەواوە، ئیتر چییان لێمایەوە نەیدۆڕێنن!
- لە کردنی لایەکی هێزی چەکدار بە پاسەوانی خۆیان و خێزان و

منداڵەکانیان، کردنیان بە پاسەوان و باخەوانی باخ و قەڵاکانتان، ئیتر دەسەڵاتداران جگە لە بوونیان بە مەتەکەیەک بەسەر ژیانی خەڵکەوە هیچیدیان لێمایەوە!

- لە داگیرکردن و دابەشکردنی هەر بە ئارەزووی خۆیان، هەرچی زەوی ناوشارەکان و تەنانەت دەوروبەری شارەکان و بەشێکی زۆری دەرەوەی شارەکانیش، جگە لەوەی بوون بە تاڵانکار و داگیرکار چیدیکەیان لێمایەوە!
- لە زەلیلکردنی یاسا و دادگاکانەوە بیگرە تا بە خوێندنی باڵا و بە نوقەکردنی بڕوانامەکانی ماستەر و دکتۆرا دەگات. چییان لەپێیدابوو!
- لە دامەزراندنی ئەو ئمپراتۆرێتییە ئیعلامییانە لەسەر داهاتی گشتی کوردستان و بودجە زەبەلاحەکانیان و مووچەی قەبەی هەر کارمەندێکی ئاساییان تا دەگات بە مووچەی خەیاڵیی پێشکەشکار و بێژەرە زمان نەزانەکانیان و داهێنەرانی ڕستەی شێواو و ئاست نزم و تەعبیری تێکشکاو. چ بوونەوەرێکیان لێ خولقا!
- لە وەڕامدانەوەی هەر ناوەناوەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ئەمنستیی ئینتەرناسیۆنال، ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا … هتد، ناوهێنانیان بە ناڕاست و چەواشەکراو … هتد هیچ ڕاستیی و ڕاستبێژییەکیان لێمایەوە!
- لە سەرو بەرە تاشینی چەندین کەس، لێدان و زەلیلکردنی چەندینی تر لەبەر زوومی کامێرا و بڵاوکردنەوەی لە سۆشیاڵمێدیا، لێدانی پزیشک لە نێو حەرەمی نەخۆشخانە، لێدانی مەلا لە نێو حەرەمی مزگەوت، لێدانی مامۆستا لەسەر شەقام … هتد، ئیتر بت لە دوای بتیان هەڵدەوەری.
- لە هەر خۆپیشاندانێکی هێمنانە و مەدەنییانەی خەڵک، بە تەڕا و کوتەک مامەڵەکردن، بە پێداڕشاندنی غازی جۆراوجۆر و دواتریش تەقەلێکردنیان بە فیشەک وبریندارکردن و شەهیدکردنی گەنجانی خاوەن هیوا و ئاوات، ئیتر جگە لە بوونیان بە جەلاد و خوێنڕێژ چیدیکەیان لێ هاتەدەر!
- لە گەندەڵیی بێشومار لە هەر بوار و سێکتەرێکدا، بە ملیاردلەر بوونی ئەوانەی لە بڕیاربەدستانەوە نزیکن، جگە لە بوونیان بە کلیپتۆکرات هیچیدیکەیان لێ سەوز بوو!
- لە کردنی کادیری حزبەکانتان و کادیری دەزگا مێدیاییەکانتان بە بوونەوەی بێکاراکتەر، ماستاوچیی و پێداهەڵدەر، چگە لە وێرانکەری ڕۆحی ئینسانی کورد چیدیکەیان لێمایەوە!

من هەر ئەوەندەم ڕیزکردن کە دڵنیام هەر خوێنەرێک چەندین

خاڵی دیکەی لە یادە لەلای گرنگن و ڕیزیان دەکات کە لەگەڵ هەر یەکێک لەوانە، هەروەها لەگەڵ هەر یەکێک لەو خاڵانەی لەسەرەوەش ڕیز کراون بەشێک لە سیحری دەسەڵاتدارێتییەکەی کوردایەتیی بەتاڵ بووەتەوە. لەگەڵ هەر یەکێکیان بەشێک لە ڕەوایەتیی لەدەستداوە و لەگەڵ هەر یەکێکیان بەشێکی لە مردووە، لەگەڵ هەر یەکێکیان بەشێک لە بتەکانی هەڵوەریوە، لەگەڵ هەر یەکێکیان بتێکی ئاوا بووە. ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدا خەریکە مردن دەبێتە گشتێکی تەواو و خەریکە هەموو بتەکانی بە تەواوی هەڵدەورن و هەموو بتەکانی ئاوا دەبن.

کوندێرا و سووکیی بوون..
ئەحمەد ڕەسوڵ

ڕۆماننووس لە پشتی کاراکتەرانی ڕۆمانەکەیەوە خۆی حەشاردەدات.
“گۆستاڤ فلۆبێر- ڕۆماننووسی گەورەی فەڕەنسیی، نووسەری ڕۆمانی بەنێوبانگی مادام بۆڤاری”
ژیانی کاراکتەرانی ڕۆمان، ئەگەری هەشتا بەدینەهاتووی ژیانی ڕۆماننووسن.” میلان کوندێرا”
...
لەسەر ڕێزنەگرتنی تەواوی بە شەممەی پیرۆز، سەرزەنشتیان کرد. شەممەی پیرۆزیان بۆ مرۆڤ دروستکردووە نەوەکو مرۆڤ بۆ شەممەی پیرۆز. “ڕۆمانی ئاهەنگی ماڵئاوایی”
هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر و غەمهێنەرتر نییە کە شەو بێدار دەبیتەوە و دەبینیت کەسێک لە تەنیشتت بە ئەوپەڕی بێباکییەوە خەوتووە. “تۆماس، پاڵەوانی ڕۆمانی سووکەڵەیی لە تاقەت بەدەری بوون”
...
ڕۆمانی “سووکەڵەیی لەتاقەت بەدەری بوون”

تۆتالیتاریانیزم، نادڵنیاییەکی بەردەوام

تۆتالیتاریانیزم لە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانیدا ئەوەیە کە بە دیوێکدا جۆرێک لە ژیان زاڵ دەکات بەسەر مرۆڤەکاندا لە فەزای گشتییدا کە هەمیشە هەست بە نادڵنیایی بکەن و ئەمەش نائارامیی و

ترس لە ژیانیاندا دەکاتە دەخەکی بەردەوام. لە ڕاستییدا مرۆڤەکان بەیەک لە نادڵنیایی بەردەوامدان چونکە بەردەوام دەیانەوێت دڵنیایی لە پەیوەند بە دەوڵەتەوە بەدەستبهێنن، واتا بەردەوام دەیانەوێت دڵنیا بن لەوەی دەوڵەت هیچ گومانێکی لێیان نییە، نەوەکو گومانی لێیان نەبێت، بەڵکو دەیانەوێت لەوە دڵنیا بن کە دەوڵەت لە دڵسۆزیی و ڕاستگۆیی ئەوان لە ئاست دەوڵەتدا دڵنیایە، کە دەوڵەت، تەنها کۆمەڵێک دەزگا نییە، بەڵکو هەر کەسێکە، کەسێک ئەگەر بیناسیت و نەیناسیت، کەسێک تەنانەت ئەگەر منداڵێکیش بێت کە لە ڕاڕەوی باڵاخانەکەتدا کە تیایدا نیشتەجێی ڕێکەوتی بکەیت، یان تەنانەت ئەو بێدەنگیی و تەنیاییەی لە ژوورێکی ئاپارتمانەکەتدا دەوری داویت هەندێجار هەندەی دڵسۆزانە نوێنەرایەتیی دەسەڵات و دەزگا و سەرەکەکانی دەکات هێندە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیی ژیانی خۆت و خواست و بیرکردنەوە و ئارەزووەکانی خۆت نییە. لە کورتیدا دەوڵەت لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێک و هەر کەسێکە.
تەماس، پزیشکەکە، لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە تێیدا دەسەڵاتدارێتییەکی تۆتالیتار پایەدارە و ڕۆچووەتە هەموو کونج و کەلەبەرێکی نەوەکو فەزای گشتیی و دەزگا دەوڵەتییەکانەوە بەڵکو ژیانی تایبەتیی مرۆڤەکانیشەوە. تەماس دوای ئەوەی هاوسەرگیریی کردووە تێدەگات، کە جۆری کەسێتیی ئەو بە هاوسەرگیریی و ژیانێکی پابەند و سۆزدارانەی هەمیشەیی نابێت، بۆیە لە هاوسەرەکەی جیادەبێتەوە. لە ڕاستییدا تەماس ئارەزووی ژیانێکی ناپابەند دەکات و دەیەوێت ژیانێکی زۆر تایبەتیی هەبێت بە پێچەوانەی شێوە ژیانی داسەپێنراوی کۆمەڵگاکەیەوە کە هیچ نهێنییەک و گۆشەیەکی نادیاری لە ژیانی تاکەکەسەکاندا نەهێشتووەتەوە.

تەماس، تاکگەرا و ناپابەند

تەماس دەڵێت: هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر و غەمهێنەرتر نییە کە شەو بێدار دەبیتەوە و دەبینیت کەسێک لە تەنیشتت بە ئەوپەڕی بێباکیی خەوتووە. یان ئەوەی کاتێک سەرتناوە بەسەر کتێبەکەوە و بە ماوەیەکی درێژ بە دنیای نێو کتێبەکە ئاوێتە بوویت و لە ناکاوێک سەر هەڵدەبڕیت و دەبینی کەسێک لە ژوورەکەتدا بە لاموبالاتییەوە دانیشتووە. لەو دەخانەدا پرسیارێک، کە غەمگینیی و تووڕەیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بە مێشکی تەماسدا بێت ئەوەیە کە ئەم کەس لە کەیەوە لەم ژوورەدا دانیشتووە یان خەوتووە و من ئاگام لێی نەبووە؟!، یان پرسیاری ئەوەی کە ئایا بە بەبێ مۆڵەتی من و بە ئاگای خۆم هاتووە لە ژوورەکەم دانیشتووە یان خەوتووە؟! هەمیشە لەو دەخانەدا تەماس هەستی بە غەریبیی خۆی دەکرد لەو ماڵە و لەو

ژوور□. ل□ ما□□کدا و ل□ ژوور□کدا ئ□گ□ر ب□رد□وام ک□س□کی غ□ریب ب□ ت□نیشتمان□و□ و ل□ نزیکمان□و□ بوو ئ□وا خ□مان د□بین□ غ□ریب، ب□ ئ□و ما□□ غ□ریب د□بین و ژیان□کی غ□ریبان□ د□ژین.

ت□ماس خانم□ک ب□ ن□وی سابیناو□ د□ناس□ت و پ□یو□ندیی ئیر□تیکی و س□زداریيان ب□ دروست د□ب□ت. ش□و□ک ت□ماس ل□ ما□□ک□ی خ□ی ل□ دوای خواردن□و□ی، شوش□ی بوت□□ ش□راب□ک□ د□ک□ش□ت ب□ ز□وی ژوور□ک□دا و داوا ل□ سابینا د□کات ب□س□ر پارچ□ شکاو□ تیژ□کانیدا ب□ پ□خواسی ب□وات. سابینا ک□ خ□ی عاشق ب□ ت□ماس□، وای ل□ک□دات□و□ ئ□م داواکاریی□ ئاما□ژ□ی□ ب□ ئ□و□ی ک□ ت□ماسیش عاشقی ئ□و بوو□ و د□ی□و□ت ب□ ئ□م داواکاریی□ س□خت□ خ□ی ل□و پ□یو□ندیی□ عاشقان□ی□، ک□ ک□توب□ند□ک□، ئازاد بکات یان ئ□و□ب□ت □ادد□ی عاشقبوونی سابینا تاقیبکات□و□، ب□ دیو□ک□یتریشدا ل□وان□ی□ ل□ ب□زاریی و □قی ت□ماس□و□ ب□ت ل□ سابینا.

و□فاداریی □□شنایی و خیان□ت تاریکیی

سابینا س□رسام□ ب□ ناپاکیی. واتا ئار□زوو د□کات ه□ر ک□س□ک ک□ خ□شید□و□ت و ئار□زووی ل□گ□□دابوونی د□کات، ئ□م خیان□تی ل□بکات، د□زان□ت ک□ ت□ماس ب□رد□وام ل□ پ□یو□ندیدای□ ل□گ□□ کچان و ژنانی دیک□ش. ش□و□ک ک□ د□زان□ت ت□ماس ئاگادار□، سابینا ل□گ□□ ی□ک□ک ل□و پیاوان□دا د□خ□و□ت ک□ ل□ ن□و□ندی □□ژنام□گ□رییدا کارد□کات ب□□ام ل□ □استییدا ئ□ندامی د□زگا نه□نیی و سیخو□یی□کانی د□و□□ت□ ب□ سیخو□ییکردن ب□س□ر هاونیشتمانییان□و□. ئیتر دواتر ک□ د□گ□□□ت□و□ ب□ لای ت□ماس ل□ ما□□ک□ی خ□ی، ت□ماس تو□□ د□ب□ت و داواد□کات پ□یو□ندیی□ک□یان ک□تایی پ□ ب□ه□نن و چیتر ی□کدی ن□بینن□و□. سابینا وا ت□د□گات ک□ ت□ماس ه□ند□ ئ□قیداری بوو□ ن□یتوانیو□ ب□رگ□ی خیان□ت□ک□ی بگر□ت و ل□ی جیابوو□ت□و□، ب□□ام ل□ □استییدا ت□ماس ب□و ه□کار□ پ□یو□ندیی□ک□ی ل□گ□□ سابینا پچ□اند، چونک□ ه□ستیکرد ئ□و پیاو□ سیخو□□ی د□و□□ت ب□ه□ی سابیناو□ هاتوو□ت□ ن□و ژیانی ت□ماس□و□ و سیخو□ی ب□س□ر□و□ کردوو□. واتا سابینا بوو□ ب□ ئ□و درز□ی ک□ د□زگاکانی د□و□□ت و پیاو□ سیخو□□کانیان ل□ی□و□ ب□ن□ ن□و ژیانی تایب□تیی ت□ماس□و□ و نه□نیی□کانی بزانن.

سابینا ل□ باسکردنی پ□ر□شیی خ□ی ب□ ناپاکیی و ق□زهاتن□و□ی ل□ و□فاداریی، ئ□و□ د□گ□□□ت□و□ کات□ک ت□م□نی چوارد□ سا□ان بوو□ عاشق ب□ کو□□ک بوو□، باوکی ک□ ب□ پ□یو□ندیی□ک□ د□زان□ت چیدی ل□ ما□□و□ ناه□□□ت ب□ت□ د□ر□و□ و ه□ر کات□کیش بهاتبای□ت□ د□ر□و□ ل□ ژ□ر چاودر□ریی□کی توندی باوکیدا بوو. واتا ژیانی تایب□تیی و نه□نی ب□ ن□مابوو□و□ و ه□مووی ئاشکرا و زانراو بوو□ ل□لای باوکیی و ه□میش□ چاود□ر بوو□ ب□س□ری□و□. ه□□ب□ت گوایا باوکی ز□ری خ□شویستوو□ و

نەیویستووە تووشی دەشکان و هەڵەی کوشندە ببەت بە ئەو تەمەنەیەوە کە بە هەموو ژیانی کاریگەریی خراپی لەسەر دابنێت. باوکی ئەندامێکی حزبی کۆمۆنیست و هاونیشتمانییەکی دڵسۆزی دەوڵەت بووە. ئەویش کە هەر لە منداڵییەوە بەهرەی نیگارکێشانی تێدا بووە، بەردەوام وێنەی گوڵەکانی لەسەر مۆدێلی کوبیزم و لەسەر شێوازی پابلۆ پیکاسۆ کێشاوەتەوە. بەڵام دواتردەچێتە پڕاگ بۆ خوێندنی هونەری جوانەکان، لەوێش ڕێگای لێدەگرن بە دڵخوازی خۆی لەسەر مۆدێلی کوبیزم و لەسەر شێوازی پیکاسۆ نیگاربکێشێت، بەڵکو دەبێت لەسەر مۆدێلی ڕیالیزمی سۆشیالیستی وێنە بکێشێت. لێرەوە دەوڵەت دەبێتەوە بە نموونەی باوکی لە ڕێگریکردن لێی بە وێنەکێشانی دڵخوازانەی خۆی هەروەکو چۆن باوکیشی ڕێگربوو لەبەردەمیدا بە عاشق و دڵخوازەکەی. دایکی سابینا دەمرێت و باوکی لە قەهر و خەمی لەدەستدانی هاوژینەکەی خۆی دەکوژێت، کە ئەمەش نیشانەی وەفاداریی باوکی سابینایە بە هاوسەرەکەی، کە نەیتوانی بەبێ ئەو هەڵبکات و بژی. بۆیە لێرەوە لە داخی باوکی، قێزهاتنەوە لە وەفاداریی و پەرۆشیی بە خیانەت لە ناخیدا چەکەرەی کرد و ڕەگی داکوتا. بە خیانەت لە دەوڵەت، بە دزییەوە وێنەی گوڵەکان و گوڵدانەکانی لەسەر مۆدێلی کوبیزم و لەسەر شێوازی پیکاسۆ دەکێشا. دواتر هاوسەرگیریی کرد و کە زانیی مێردەکەی خۆشیدەوێت، خیانەتی لێکرد و لێی جیابووەوە. لە قۆناغێکدا تۆماس دەناسێت و پەیوەندییان بە دروست دەبێت بەو شێوەیەی پێشتر باسکرا.
دواتر پیاوێک بەناوی فڕانز دەناسێت، کە پیاوێکی شان و قۆڵ ئەستور و بەهێز و ماسولکە گەورە و هەروەها پێشتر پاڵەوانێکی کاراتەی و تایکواندۆ بوو. پەیوەندییەکی سۆزدارییان بە دروست دەبێت، کە لە ڕاستییدا ئەوە فڕانزە زێتر عاشق بە سابینایە و سابینا ئەسڵەن هیچ خۆشی ناوێت و بەڵام ڕقیشی لێی نییە. بەڵام ئەو فڕانز هێندە توند عاشق بە سابینایە، سابینا ئەمە بە هەلێکی باش دەزانێت تا پەیوەندیی لەگەڵ دروست بکات و زێتر وابەستەی بکات بە خۆیەوە و فڕانز بخاتە نێو خیانەتێکی درێژ مەوداوە لە بەرامبەر ژنەکەیدا، ماری کلود کە زۆر فرانزی خۆشدەوێت. سابینا چێژ لەوە وەردەگرێت کە فڕانز ناپاکیی لە هاوسەرە باش و ئەڤیندارەکەی خۆی بکات و لە پێناوی ئەمدا و بە فشاری سابینا فڕانز لە ژنەکەی، ماری کلود جیاببێتەوە. دواتر لە یەکێک لە گفتوگۆکانیاندا سابینا بە فڕانز دەڵێت تۆ کە ئەو هەموو ماسولکە بەهێزەت هەیە، هێزەکەی تۆ ڕووی لە دەرەوەیە نەوەکو ناوەوە، لە ناوەوە کەسێکی بێهێزی و لاوازیت.
فڕانزیش دەڵێت لە ڕاستییدا ئەم هێزەی کە من هەمە چۆن ڕووی لە ناوەوە نییە، ڕوو لە دەرەوەش نییە، چونکە هەتاوەکو ئێستا نە شەڕم

لەگەڵ کەس بووە و نە دەمولوتی کەسەکم شکاندووە، بۆیە ئەم هێزەی من بوون و نەبوونی وەکو یەکە و لە ڕاستییدا ئەوەی من هەمە هێز نییە. لە درێژەی گفتوگۆکەیاندا سابینا دەڵێت تەنانەت لە پەیوەندیی نێوانیشماندا ئەو هێزەی تۆ هیچ سوودێکت پێنانەبەخشێت.
فڕانز دەڵێت، خۆشەویستی ئەوەیە چاوپۆشیی لە هێزی خۆمان بکەین.
فڕاانز زۆر سەرسامە بە چەمکی وەفاداریی لە ژیانی مرۆڤدا. فڕانز کاتێک پێش هاوسەرگیرییەکەیان لە پەیوەندییدا بووە لەگەڵ ماری کلود، ویستویەتی ماری کلود بەجێبهێڵێت، بەڵام ماری کلود هەڕەشەی خۆکوشتنی لێدەکات ئەگەر بەجێیبهێڵێت. بۆیە لە ئاست ئەو عەشقە توند و قووڵەی ماری خۆی پێناگیرێت و دادەنوێتە سەر ئەژنۆکانی و دەستەکانی ماچ دەکات و دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات. هەرچەندە تەنها ئەو جارە بوو دەربڕینی ئەو سۆز و خۆشەویستییە زۆرە لەلایەن ماری کلودەوە بۆ فڕانز و هەرگیز جارێکی تر دووبارەینەکردەوە و سۆز و خۆشەویستییەکی ئەوتۆی بۆ دەرنەبڕییەوە.

سابینا، بوون وەکو نادیاریی و خەڵوەت

فڕانز ئەو پرسیار و وەڵامە ڕستەییەی کافکای هەردەم لە یادە کە دەڵێت مانای ژیان چییە؟ درۆنەکردن و نەشاردنەوە لە ڕاستییدا ژیانە. بەردەوام ئەو ئەنجامگیرییەش کە ڕاستەوخۆ بە دوای ئەمەدا بە مێشکیدا دەهات ئەوە بوو کە لەو کاتەوەی بە سابینا ئاشنا بووە لە درۆدا دەژی. بەڵام سابینا بۆچوونێکی پێچەوانەی هەبوو، هەر کات و بە هەر شێوەیەکی جیاواز و لە گۆشەی جۆراوجۆرەوە بەیانی دەکرد و بە توندی داکۆکی لێدەکرد و ئارگیومێنتەکانیشی بۆی گەلێک بەهێز و پتەو بوون. بەبۆچوونی سابینا. لەگەڵ خۆ و خەڵکیتر درۆنەکردن، تەنیا کاتێک دەکرێ کە مرۆق لەگەڵ خەڵک نەژی. هەر کە زانیمان کەسێک ئاگاداری کارەکانمانە، بمانەوێت و نەمانەوێت لەگەڵ ئەو چاوە بینەر و چاودێرانەدا ڕێکدەکەوین، ئیتر لەو ساتەوە هیچ کام لە کارەکانمان ڕاستگۆیانە نین. سابینا، ئەدەب و هونەرێکی بە سووک و ئاستنزم دەزانی کە هەموو کون و کەلەبەری ژیانی تایبەتیی و تەنیایی ئەدیب و هونەرمەندی ئاشکرا بکردایە. سابینا باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە هەر کەس خەڵوەتی خۆی بدۆڕێنێت، هەموو شتێکی دۆڕاندووە. هەمیشە دەیگووت: کەسێک بە خواستی خۆی واز لە خەڵوەتەکەی بهێنێت و بەبێ فشار و ئاسان دەستبەرداریی تەنیایی خۆی ببێت، لە ڕاستییدا غوولە، یان شتێکی کەمتر لە ئینسانە.

پیریی و لاوازیی، دونیایی لە پێکەوەبووندا

تۆماس کە چەند جارێک ڕوودەکاتە شارۆچکەیەکی باشوری ووڵاتەکە کە

هەندە گەڕاوی لێیە و خەڵکی بە چارەسەری پزیشکی ڕوویتێدەکەن. لەوە کچێکی گەنج بە نێوی تەریزا، کە کارمەندە، دەناسێت و لە درێژەی چەند جار سەردانکردنەوەی بە ئەو شارەچکەیە، پەیوەندی لەنێوانیاندا دروست دەبێت. ئیدی بەردەوام لە گرفتی قووڵی ناپابەندیی و بێهەستیی تەماس و پابەندیی و هەستەوەریی تەرێزادا پەیوەندییەکەیان درێژە دەکێشێت و تا لە شوێنێکدا کە بەبێ هیچ مەبەستێک و نائاگایانە لە ئاهەنگێکدا تەرێزا لەگەڵ کەسێکی دیکە بە ماوەیەکی کەم سەما دەکات. دواتر و لە ماڵەوە تەماس پێی دەڵێت کە هەستی بە غیرە و ئیرەیی کردووە کاتێک تەرێزا لەگەڵ هاوکارەکەیدا سەمای کردووە. تەرێزا کە ئەمە دەبیستێت زۆر دڵخۆش بێت و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەشی سووک دەبێت و باری ژیانی هەندە سووک دەبێت کە خەرکە بفڕێت. باوەش بە تەماسدا دەکات و بە سەمایەکی شێتانە و کەویانە بە هەر چوار سووچی ژوورەکەی دەبات.
بەڵام تەماس نەوەکو بە غیرە و ئیرەیی پێبردنەکانی تەریزا لە بەرامبەر خۆیدا دڵخۆش نابێت بەڵکو هەستدەکات باری ژیانی قورس دەبێت و لەشی هەندە قورس دەبێت کە تەنانەت توانای جوڵەی بە پاڵکەوتنیشەوە نامێنێت.
لە قۆناغێکدا تەماس لە کاری پزیشکیی دەردەکرێت و لەگەڵ تەرێزا دەچنە گوندێک لەوێ سەرقاڵی کشتوکاڵ دەبن و لێرەوە تەرێزا هەواش هەواش هەستی دڵنیایی بە پێکەوەژیان دایدەگرێت تا ئەو کاتەی ڕۆژێک تەماس دەبینێت کە خەریکی گۆڕینی تایەی ئۆتۆمبیلەکەیەتی، کە ئۆتۆمبیلێکی کۆنە، و دەستەکانی دەلەرزێت و لە دوورەوە لاوازیی و پیربوونی تەماس دەبینێت و هەست پێدەکات و ئەمەش خاڵی دڵنیایی تەواوەتیی تەرێزایە لە پێکەوەبوونی تاهەتایی لەگەڵ تەماس.
پیربوون و لاوازیی دەبێتە دڵنیایی لە پێکەوەژیان و خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوەی تەماس و تەرێزا و دەکرێت هەمان شت، بە ژیان و مرۆڤەکانی تریش بە گشتیی ڕاست بێت.

...

ئەوەی سەرەوە هەندێ سەرنج و گوزارش بوو بە هەندێ بۆچوون، وێستگە و کاراکتەری سەرنجڕاکێشی نێو ڕۆمانی "سووکەڵەیی لە تاقەت بەدەری بوون" ی "ڕۆمانوسی بەنێوبانگی چیکی- فەڕەنسی، میلان کوندێرا"، کە لەلایەن "عەتا نەهایی" ەوە وەرگێڕدراوە بە زمانی کوردیی، ئەگەر هەندێ لە گوزارشەکان جیاوازییەکیان هەبێت لەگەڵ ڕۆمانەکە بە ئەوە دەگەڕێتەوە کە دە ساڵ زیاتر دەبێت ڕۆمانەکەم خوێندووەتەوە و لە نووسینی ئەم سەرنجانە تەنها بە خێرایی ڕۆمانەکەم چاوپێداخشاندەوە. جگە لەم ڕۆمانەی میلان کوندێرا، هەردوو ڕۆمانی "نەمریی" و "ئاهەنگی ماڵئاوایی" شم خوێندووەتەوە.

…

میلان کوندێرا، ڕۆماننوسیی بەناوبانگی چیکی-فەڕەنسیی، لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری برنۆی لە چیکوسلۆڤاکیا “جاران” لەدایکبووە. باوکی “لودڤیک کوندێرا” پیانۆژەن و میوزیسیانێکی بەناوبانگ بووە. کوندێرا سەرەتا میوزیکی خوێندووە و دواتریش لە زانکۆ سینەمای خوێندووە. چەندین نووسینی فیکریی هەیە سەرباری بەرهەمەکانی لە بواری شیعر و چیرۆکدا، هەروەها ڕۆمانەکانی لەوانە “نەمریی”، “سووکەڵەیی لەتاقەت بەدەری بوون”، ئاهەنگی ماڵئاوایی”، “هێواشیی”، “نەزانیی”، “گاڵتە”، “ژیان لە شوێنێکی ترە” و …هتد. تا ساڵی ١٩٧٠ دوو جار دەبێتە ئەندامی حزبی کۆمۆنیست و دوو جار دەردەکرێت و پاشان لە ساڵی ١٩٧٥ وڵاتی چیک بەجێدەهێڵێت و لە فەڕەنسا نیشتەجێ دەبێت. لە بەشێک لە ڕۆمان و نووسینەکانیدا ڕەخنەگرێکی وورد و قووڵی سیستەمە تۆتالیتارەکانە کە وڵاتەکەی خۆی بەدەستی وەها سیستەمێکەوە بە زەمەنێکی درێژ دەیناڵاند. ڕۆمانەکانی کوندێرا ڕووبەرێکی فراوانن بۆ گفتوگۆیەکی فەلسەفیی قووڵ لە نێوان کاراکتەرەکاندا. خاوەنی چەندین خەڵاتە بە ڕۆمانەکانی. ڕێکەوتی ٢٠٢٣-٧-١٢ ڕۆژی چوارشەممە بە دواجار ماڵئاوایی لە ژیان، نوسین و ڕۆمان کرد و بە هەتایە وەکو ناوێکی درەوشاوەی دنیای ئەدەبیات لە جیهاندا دەمێنێتەوە.

چەند ترسناکە، پێکەنین.. ئەحمەد ڕەسوڵ

لەم زەمینە پان و بەرینەدا،
کە هەمووی لەسەر ڕەوشتپاکیی ئەوە طاپۆ کراوە،
تەنیا ماڵۆچکەیەکیان بۆ مابووەوە،
لەوەش دەرتان کردن.
چەند سەیرە،
زەمینە پان و بەرینەکەی ڕەوشتپاکیی ئەوە،
تەحەممولی ماڵۆچکەیەک، تەنانەت ئەگەر بە بەدڕەوشتییش بێت، نەکات!
لە مەملەکەتە ئاکار بەرزەکەی ئەوەدا،
تەنیا ئەو کوخەیان هەبوو تێیدا لاواز و شکاو بژین،

کوخ□ک□تان ب□س□ردا □ووخاندن.
چ□ند س□یر□،
ل□ م□مل□ک□تی ئاکارب□رزیی ئ□و□دا،
کوخ□ک ت□نان□ت ئ□گ□ر ب□ ب□دئاکارییش ب□ت، ج□ی ن□ب□ت□و□!
ئ□و ش□و□،
ئاه ئ□و ش□و□،
ک□ س□ر□ک□ک□تان ب□ ئاپ□□ای چ□کدار□کانیی□و□،
ب□ ه□موو □□وشتپاکیی و ئاکارب□رزیی خ□یان□و□،
ه□□یانکوتای□ س□ر کوخ□کانی ب□د □□وشتیی،
ب□ ئ□و□ی ئ□وان□ ت□کبشک□نن ک□ خ□یان ل□ بن□□□تدا ت□کشکاو بوون،
من گریام،
ئ□و ش□و□ ز□ر گریام.
گریام ب□ ئ□و کچان□ی ک□ ک□وتن□ س□ر ش□قام□کانی ئاکارب□رزیی ئ□و□،
ب□ ئ□و ژنان□ی □وخساری خ□یان د□شارد□و□ ل□ کام□را ب□□□وشت□کانی ئ□و□.
ئ□و ش□و□ من چاوم ماندوو و بینینم ت□□خ بوو بوو.
ب□□ام □وون د□مبینین، ئ□وان دایک و خوشکی من و ت□ بوون،
خودای□، ئ□ی خودای ب□ □□وشت□کان، چ□ند شکاو و غ□مگین بوون.
دایک و خوشک□کانمان، ت□ش ت□نان□ت ت□ش خ□ت ب□ ن□د□گیرا و د□گریای،
ئ□گ□ر بتبینیبان.
من ب□ □وونی د□مبینین، ئ□وان کچ و هاوس□ری من و ت□ بوون،
خودای□، ئ□ی خودای ئاکار ب□رز□کان، چ□ند ت□نیا و ب□ک□س بوون،
کچ و هاوس□ر□کانمان، ت□ش ت□نان□ت ت□ش خ□ت ب□ ن□د□گیرا و د□تدا ل□ پ□م□ی گریان، ئ□گ□ر بتبینیبان.
ئ□وان م□عشوق□کانی من و ت□ بوون،
ئ□وان هاو□□کانی زانک□ی من و ت□ بوون.
...
ئ□وان ئاوار□ و د□رب□د□ر بوون،
ئ□و ش□و□ ل□ ه□موو ژیانیان ئاوار□تر و د□رب□د□رتر.
ئ□وان ترساو، ب□دا□د□ و ب□پ□ناگا بوون،
ئ□و ش□و□ ل□ ه□موو ژیانیان ترساوتر، ب□دا□د□تر و ب□پ□ناگاتر.
ئ□و ش□و□،
ئاه ئ□و ش□و□،
ت□م بینی پ□د□ک□نیت،
ت□م بینی و□کو جیهادیی□ک و□ها بوویت ب□ ی□ک□م جار ب□ د□م ت□کبیر□و□ پ□د□ک□نیت،
ت□م بینی س□ل□فیی□ک بوویت، د□ستت ب□ □یشتدا د□ه□نا و ب□ غرور□و□

پێدەکەنیت،
تۆم بینی بانگخوازێک بوویت، دکتۆرێک بوویت چەپڵەتلێـدەدا و
پێدەکەنیت،
تۆم بینی نووسەرێک بوویت،
لەوێنەیەکدا بەدەستێکت قەڵەم و دەستەکەی ترت وەکو مشتەکۆڵە
بەرزکردبوونەوە و پێدەکەنیت.
تۆم بینی خوێندکاری زانکۆ بوویت،
دەرچوویەکی بێکار بوویت،
گەنجێک بوویت،
گیرفان گەرم، پۆشتە و پەرداخ، مێشک بەتاڵ،
یان شڕۆڵە و گیرفان سارد و بە بێئومێدی و بێخەیاڵ،
پێدەکەنیت.
تۆم بینی مامۆستای زانکۆ و پڕۆفیسۆر بوویت،
تۆم بینی سیاسیی لە پلە یەکەوە تا پلە دە بوویت،
چالاکوان و میدیاکار بوویت،
پێدەکەنیت.
لە تیڤی و ڕادیۆوە هەر قاقای پێکەنین بوو،
لەسۆشیاڵ میدیاوە هەر وێنە، ڤیدیۆ و ئیمۆجیی پێکەنین بوو،
خودایە چ پەتایەک بوو ئەو شەوە بڵاوبووەوە!
پەتای پێکەنین!
ئێوە هەموو پێکڕا بە دەم پێکەنینەوە هاوارتان دەکرد:
بژی ڕەوشتپاکیی و ئاکاربەرزیی.
بمرێ بەدڕەوشتیی و ئاکارنزمیی.
ئێوە بە هەموو ڕەوشتپاکیی و ئاکاربەرزیی خۆتانەوە،
هیستیریانە پێدەکەنین.
ئەو شەوە بۆم دەرکەوت،
چ ئاپۆڕایەکە پێکەنین،
چەند تەڵخ و کوێرە پێکەنین،
چەند ترسناکە پێکەنین!

ئەحمەد ڕەسوڵ

ژینا، مەرگێک بە ووزەیەکی گەورەوە.. ئەحمەد ڕەسوڵ

خۆپیشاندانەکان و دروشمبازیی کامپنشیینان

زۆرینەمان ئەو دەستەواژەیەمان بیستووە کە دەڵێت فەلسەفاندن واتا فێربوونی ئەوەی چۆن بژیین، بەڵام ڕێک لە پێچەوانەی ئەمەدا سیسرۆ یان سیسرۆن "فەیلەسوف و تاریبێژی گەورەی ڕۆمانیی ١٠٦ پ.ز. – ٤٣ پ.ز." لە بارەی فەلسەفە و مەرگەوە دەستەواژەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە، دەڵێت: "فەلسەفاندن ئەوەیە فێر ببیت چۆن بمریت" هەرچەندە لە ڕواڵەتدا ئەم دوو دەستەواژەیە لەبارەی فەلسەفەوە پێچەوانەن بەڵکو لە ناواخندا هەمان شتمان پێدەڵێن. ئەگەر فەلسەفە ئەوە بێت فێرببین چۆن بژیین هەڵبەت ئەوەش فێر دەبین چۆن بمرین. سیسرۆن لە دەستەواژەیەکی سەرنجڕاکێشی دیکەیدا دەڵێت: "با مردن ژیانت بگۆڕێت" بە واتای ئەوەی کە مرۆڤ نەوەکو لە ژیاندابوونی گۆڕانکاری بسازنێت ڕوودا و دروستکەر بێت و کاریگەی بەسەر تاک و گروپە کۆمەڵایەتییەکانەوە و کۆمەڵگاوە بە گشتی دابنێت، بەڵکو مردنیشی گۆڕانکاری و ڕووداو بێت هەم بە خودی خۆی و هەم بە ئەوانیدیکەش. مەرگێک کە مێژوو دروستبکات یان وەرچەرخان دروست بکات لە نێو مێژوودا.

ئەوەی ئێمە بەرەوڕووی بووینەتەوە مەرگێکە بەبێ بیرلێکردنەوە و بەبێ فەلسەفاندن. هێزی ئەم مەرگە و ئەو ووزەیەی دەیخاتە نێو جڤات و مێژووەوە لە بەرائەت و پاکییەکی بێئەندازە لەلایەکەوە و زوڵم و ناحەقییەکی بێئەندازە لەلایەکیترەوە سەرچاوە دەگرێت. ژینا ئەمینیی، مەرگی بوونەکی پڕ لە بەرائەت و مەرگێکی هێندە ستەمگەرانە و بە زوڵمەکی هێندە گەورەوە، لە مێژوودا دەنگدانەوە و تێپەڕینی بە نێو زەمەن و شوێندا ناکەتا و ئەبەدییە.

...

خۆپیشاندانی ئازایانە و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و تەواوی گەلانی ئێران دژ بە کۆماری کۆنەپەرستیی دژە مرۆڤ و دژە ئازادیی سێدارەی ئێران، سەرباری ڕەوایەتیی و حەقانییەتی بێئەملا و ئەولای، بۆ هەر ئینسانێکی داکۆکیکار لە ئازادیی و دادپەروەریی و وەکیەکیی مرۆڤەکان، پشتگیریی و هاوسۆزیی دەربڕین لە تەکیدا بێچەندوچوونە.

...

خ□□کی کوردستان و گ□لانی دیک□ی ئ□ران ن□ د□رگیرن ب□ ش□□□کی ق□ومیی و ن□ ش□□□کی م□زه□بیی. ب□□کو ل□ ش□□□کی □است□وخ□دان دژ ب□ س□رانی بازرگانانی م□وادی موخ□دیر و م□زه□ب ل□ س□ر□و□ی ه□□□می د□س□□اتدار□تیی جمهوریی س□دار□ی ئیسلامیی و د□ستوپ□و□ند□کانیان.
هاوب□شیی و هاوچار□نووسیی خ□□کی کوردستان و گ□لانی ئ□ران و□کو ئاوی کانیاو□کانی کو□ستان□کانی کوردستان □وون و و□کو خ□ری نیو□□□ □□شن□.
ئ□وان□ی د□یان□و□ت ئاس□ی ئ□م هاوب□شیی و هاوچار□نووسیی□ ل□□ و تاریک بک□ن ب□ دروشمبازیی ناسی□نالیستیی و ش□ڤ□نیی ن□و□کو هاود□رد و هاوخ□می خ□□کی کوردستان نیین و ب□ ب□رژ□و□ندیی □است□قین□ی خ□□ک ناک□کن، ب□□کو ه□ند□ی ک□ماری ش□للاق و س□دار□ دژ ب□ ئازادیی، ژیان و ب□رژ□و□ندیی خ□□کی کوردستان و گ□لانی دیک□ی ئ□رانن.
گرنگ□ خ□□کی ه□شیار و ئازای کوردستانی ئ□ران ل□س□رووی هوتافاتی ک□ن□پ□رستان□ و چ□واش□کاران□ی ق□ومیی ش□ڤ□نییان□ی ب□ش□ک ل□ تاقم□ سیاسیی□ چ□کدار□ پ□اوخ□ر و ویسکیخ□ر□و□ کامپنشین□کان ج□گ□ بگرن.
ه□رو□ک گرنگ□ ب□ شیعاراتی سیاسیی ئ□و حزب و گروپان□ش فریو ن□خ□ن ک□ ب□یاننام□ و ن□خش□□□گای □اپ□□ین و □□□ش د□خ□ن□ ب□رد□می خ□□کی کوردستان و ب□ د□ست□واژ□گ□لی ل□باب□ت “چینی کر□کار و خ□□کی ز□حم□تک□شی کوردستان” د□ستپ□د□کات.
ه□موو ئ□و ک□م□□□ و گروپ□ سیاسیی□ ل□ □وا□□تدا جیاوازان□، ن□و□کو خ□شخ□یا□ن ب□ د□ستگرتن ب□س□ر “ب□ ئ□گ□ر□ک” ش□□ش و □اپ□□ینی ب□ئاکام گ□یشتووی خ□□کی کوردستان و ج□گ□ و □□گ□ سازکردن ب□ خ□یان ل□س□ر□و□ی ک□م□□گا و مام□□□کردنی خ□□ک و□کو □□شخ□□ک، ع□وام و □□عی□ت و س□پاندنی ژ□رد□ست□یی و ژیان□کی ن□ ئازاد و شک□م□ندان□ و ن□ خ□شگوز□رانان□ش ب□س□ریاندا و ل□ ب□رامب□ردا خ□یان ژیان□کی شاهان□ و ئ□ریست□کراتیک، بگر□ ه□ر ئ□ستا ل□م □□ژگاری کامپنشینیی□یاندا س□رانی زل و س□ر□و□ی ئ□و حزبان□ ل□ ژیان□کی ئ□ریست□کراتیی ه□ر ل□ خواردن□و□ و خواردن، پ□شاکی گرانب□ها و گ□شت□ ڤی ئای پیی□کانیان ب□ وو□اتانی خ□رئاوا و ما□ و خان□واد□شیان ه□مانش□و□ ب□□ام ل□ مام□□□ی□کی س□ردار و ک□یل□ ئاسادان ل□گ□□ خودی ئ□و چ□کداران□ی ک□ پاس□وانیی د□ک□ن ل□ خ□یان و ژیان□ خ□شگوز□ران□ک□یان و کامپ و ش□□ش□ کامپنشینیی□ک□یان و ئ□و پ□شم□رگان□یان “ب□ ق□ولی خ□یان” ل□ ب□پار□یی و ب□ئاس□یی ک□م□□ای□تیی و ب□□کو ل□ برس□تییدا □اگرتوو□ تا □ادد□ی ئ□و□ی ک□ ت□نها ص□مون□ □□ق□ و ش□ربای□کی نیسک□ن□ ل□گ□□ ب□□ک پوو□ ک□ ب□شی جگ□ر□کانیان د□کا و ناکا. ئ□م پ□کهات□ و مام□□□ ئ□ریست□کراتیک و

ع□ق□یی□ت□ ش□خای□تیی و ئاغاواتیی□ و□ن□ی□کی □□شن ب□ ه□رک□س□ک ک□
لانیک□می ئاگایی و س□رنجدانی ه□ب□ت ل□ ش□وازی ب□□□و□بردن و
د□س□□اتدار□تییان پیشاند□دا ئ□گ□ر ل□ ئایند□دا شت□ک ل□ د□س□□ات
و ه□ژموونیان ب□س□ر خ□□کدا ه□ب□ت.
ه□رو□ها گرنگ□ خ□□کی □اپ□□یو و خ□پیشاند□ر ن□ک□ون□ ژ□ر کاریگ□ریی
گوتاری پفدراوی ل□لای□ک زو□ناژ□ن□ ناساز□کانی ک□نا□□ ن□وتیی□کان و
خزم□تکار□کانی د□س□□اتدار□تیی□ خ□□□کیی، ئاغاواتیی□ تا□انچیی□ک□ی
کوردای□تی ل□ ه□ر□می کوردستان ل□ پ□یو□ند ب□ خ□پیشاندان□کانی
خ□□کی کوردستان□و□ ک□ ناسی□نالیزم□ک د□□ش□ن□و□ ل□ فاشیزم□کی □ووت
ز□د□تر چیدیک□ نیی□، ل□لای□کی دیک□ش□و□، ئ□م□ س□رباری بووقی د□اوی
ئ□و د□یان و بگر□ س□دان ب□وانام□دارا ن□ی خ□□کی کوردستانی ع□راق و
کوردستانی ئ□ران و نیشت□ج□ی و□اتانی خ□راوا "ئ□مریکا، کان□دا و
ئ□وروپا" و ئوست□الیا ک□ ل□ م□ووچ□ی ق□ب□ی بندیواریی
د□س□□اتدار□تیی□ کلیپت□کراسیی□ ئ□لیگارشیی□ک□ی کوردای□تیی
مش□خ□رن و د□ل□و□□□ن و ل□ ب□رامب□ردا س□رقا□ ب□ ح□قار□ت و
ت□حقیریی ناسی□نالیستیین.
خ□پیشاندان و نا□□زای□تیی□ فراوان□کانی خ□□کی کوردستانی ئ□ران
جگ□ ل□ □□وای□تیی و ب□رح□قبوونیان، ل□ ئ□گ□ری ب□ئاکام گ□یشتنیان
گرنگ□ خ□□ک ف□□م□کی ب□□□و□بردنی ک□م□□ای□تیی ل□ ب□رچاوبگرن ک□
ل□و□ ب□ره□مه□نانی ست□م و ب□مافیی و پل□ب□ندیی هاونیشتمانیان و
مش□خ□ربوون و ب□ئاغابوونی د□ست□ و تاقم□ک یان چ□ند د□ست□ و
تاقم□ک ب□س□ر خ□□ک□و□، ئ□گ□ر□کی ه□ر□ لاواز ب□ت، ه□رو□ها
بونیادنانی باشترین پ□یو□ندی ل□س□ر ه□موو ئاست□کان ل□گ□□ ت□واوی
گ□لانی دیک□ی ئ□ران.
ن□ حزب و گروپ□ کامپنشیین□کان و ن□ ک□□□نا د□نگ ن□شاز□
خزم□تکار□کانی د□س□□اتدار□تیی□ ئاغاواتیی□ک□ی ه□ر□م و ن□
ب□وانام□دار□کانی نیشت□ج□ی ئ□وروپا و ئ□مریکا ب□یان نیی□ □□گ□
چار□ و ن□خش□ و پلان بخ□ن□ ب□رد□می ئ□و□ و ف□□می ئایند□ی
ب□□□و□بردنی ک□م□□گاتان ب□ بخ□ن□ □وو، ه□□ب□ت منیش و□کو نووس□ری
ئ□م نووسین□ ن□ □□گ□ ب□ خ□م ئ□د□م و ن□ ئ□و ماف□شم ه□ی□ ب□دیل و
پلاتف□□می سیاسیی و ئیداریی ب□ ب□□□و□بردن بخ□م□ ب□رد□متان.
ئ□و□ ئ□و□ن خ□تان ل□ □ووب□□ووب□وون□و□دان ل□گ□□ ئاگر و ئاسنی
سوپای ک□ماری ئیسلامیی و ئ□و□ ئ□و□ن ب□ خو□نی خ□تان و
قوربانییدانی خ□تان ئ□گ□ر□ک ب□ باشترکردنی ژیانتان د□ساز□نن.
ئ□و□ ئ□و□ خ□تانن ل□گ□□ وورد□کاریی□کانی ژیانی پ□ ل□ ق□ساو□ت و
ه□ژاران□ی خ□تان د□رگیرن. ئ□و□ ئ□و□ن ل□گ□□ ست□م و نادادیی و
□□ش□کوژیی د□س□□اتداران ب□ر□و□وون.

لەبەر هەموو ئەوانە، هەر ئەوەش بۆتان هەیە بیربکەنەوە و گفتوگۆ بکەن و شێوازێک لە بەڕێوەبردنی جڤاتتیانە بۆ ئاییندەی خۆتان و منداڵەکانتان هەڵبژێرن کە ئەگەری لەوە فەراهەمبوونی ژیانێکی باشتر، شارستانییتر و دادپەروانەتر ئەگەرێکی بەهێز بێت.

هەموو خۆپیشاندانە جەماوەرییە فراوانەکان لە هەموو شار و وڵاتێک لە دنیادا دژ بە هەر دەسەڵاتدارێک و هەر دەسەڵاتدارێتییەک کە بەبێچەندوچوون ڕەوا و حەقخوازانەن لەسەر بنەمای ئەو ئارگیومێنتەی هەر دەسەڵاتدارێک و هەر دەسەڵاتدارێتییەک بەرەمبنای کاتیگۆرییە کۆمەڵایەتیی و دابەشبوونە چینایەتیی و بونیادە خۆسەپێنیی و هەژموونگەرەکەی دەکەونە خانەی دژەحق و خەڵکیش جا کەی گروپ و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا بن پێکەوە یان توێژێک و چینێک وە یان چەند چین و توێژێکی کۆمەڵایەتیی پێکەوە لە ناڕەزایەتیی و خۆپیشاندانیاندا لە بەرامبەر هەر دەسەڵاتدارێک و دەسەڵاتدارێتییەکدا لە خانەی حەقخوازانن، کۆمەڵێک ئەگەر و شێمانە بەڕوویاندا کراوەیە، هەروەک چۆن لە بەرئەنجامی پێکدادان و ململانێی هێزەکان و سەنگی هێزەکان و ئەگەرەکان، هەمیشە ئەگەرەکیان ڕوودەدات و ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی کە دواتر دین بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن کە ئەگەرەکە هەڵگریەتیی. خۆپیشاندانەکانی شارەکانی کوردستانی ئێرانیش، بە ئەگەرێکی دیکە ئەگەر لە هەمان دۆخی ئێستای خەڵکدا کۆتاییان بێت، هێشتا سەرکەوتنێکی گەورە و قۆناغێکی نوێ دەبێت لە پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتداران و دەسەڵاتدارێتییەکەیاندا. سەرکەوتن لە پاشەکشەپێکردنی دەسەڵاتدارێتیی و دەسەڵاتداران لە هێرشە بەردەوامەکانیان بۆ سەر ئازادیی، ژیان و گوزەرانی خەڵک ئەگەر بە ماوەیەکی کاتییش بێت، ئەمە سەرباری پیشاندانی خواستە کۆمەڵایەتییە فراوانەکەی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادیی و ژیانێکی شکۆمەندانە و بەرجەستەبوونی ئیرادە و هێزی دەستەجەمعیی خەڵک.

ئەحمەد ڕەسوڵ

توندوتیژیی لە نێوان دەوڵەت و هاونیشتمانیی لەلای ڤیبەر.. ئەحمەد ڕەسوڵ

لە هەر قۆناغێکی دەربڕینی ناڕەزایەتیی و خۆپێشاندانی ناوەناوەی هەر توێژێک یان چەند توێژێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز دژ بە خۆسەپێنیی، تاڵانیی و بێمافکردنە گەورەکەی دەسەڵاتدارێتییە بنەماڵەییەکەی کوردستان بەسەر خەڵکییەوە، گوتارێکی چنراو بە دیماگۆجییەتێکی پوخت لەپێناو خزمەتکردن بە ماکیاژکردن و ڕەوایەتییدان بە دەسەڵاتداران و سایکۆلۆژیا دەسەڵاتخوازییەکەی دەسەڵاتداران، دەکەوێتە گەڕ لەسەر چەندین ئاستی جیاواز و بە زمان و گوزارشکردنی جیاوازەوە. هەڵبەت ئەو جۆرە گوتارە کە ئاشکرایە لەسەر هیچ پێدراوێکی فیکریی دروست و هیچ بنەمایەکی لۆژیکیی یان مێژوویی بینانەکراوە و جگە لە پاساوهێنانەوەی ئاستنزمانە بە دەسەڵاتدارێتییەکە، هیچ ئەرگیومێنت و ئەنجامێکی نییە و نەوەکو کەمترین گوێگر و لایەنگر لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ خۆی ڕاناکێشێت بەڵکو لە هەندێ حاڵەتدا هەر لەجێدا قسەکەرانی ئەو بۆچوون و گوتارە خۆشیان بڕوایان پێی نییە.
ئەو بابەت و تەوەرانەی کە ئەم جۆرە گوتارە چەواشەکارە هەڵگرییەتی و مایەی لەسەر وەستانن زۆرن، بەڵام ئەوەی لێرەدا من دەمەوێت هەندێک قسەی لەبارەوە بکەم، مەسەلەی توندوتیژییە. لە بچوکترین دەربڕینی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتییانە و گشتییانەی هەر چینێکی کۆمەڵگای ئێمەدا، زنجیرەیەک لە گرتن، ئەشکەنجەدان و توندوتێژیی لەلایەن دەزگاکانی دەسەڵاتدارێتییەوە ئەنجامدراوە دژ بە هاونیشتمانییان.

ئەوەی ئێمە وەکو زانراوێک هەمیشە لەبەردەمماندا ڕوون و ڕۆشن بووە ئەوە بووە کە (گوتەبێژانی دەزگا حکومییەکان، گوتەبێژانی حزب و کادێرانی لەگەڵ گوتاری مێدیایی دەزگا مێدیاییە حزبییەکان و نووسەرانیان) لەگەڵ دەمکردنەوەیاندا زانیومانە کە جگە لە ڕیزکردنی کۆمەڵێک پاساوی نالۆژیکیی بۆ توندوتیژییە هەمەڵایەنەکەی دەسەڵاتدارێتیی هیچیدیکە ناڵێن، بەڵام ئەوەی بابەتی ئەم نوسینەیە، هەندێک لەوانەن کە گوایا نووسەر و ڕۆشنبیری سەربەخۆ یان ئەکادیمیستی بێلایەنن و خۆیان وەکو ناپابەند بە دەسەڵاتدارێتیی، حزب و سیاسەتەکانی، بە کۆمەڵگا پیشاندەدەن. لە

مەسەلەی بەکارهێنانی توندوتیژییدا تاکە کەسەکان و دەزگا حکومییەکان دەخەنە تایەکی تەرازووەوە بەبەکارهێنانی ئەم جۆرە گوزارشانە "نابێت خۆپیشاندەران و هێزەچەکدارەکان پەنا ببەنە بەر توندوتیژی، گرنگە خۆپیشاندەران خۆیان بپارێزن لە بەکارهێنانی توندوتیژی و وێرانکاریی لە بەرامبەر شوێنە گشتییەکان، پێویستە خوێندکاران لە تەک حکومەت و هێزە چەکدارەکاندا زمانی زبر و توندوتیژیی بەکارنەهێنن، توندوتیژیی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە خزمەت بە ئامانجەکانی خۆپیشاندان ناکات، ناکرێت خۆپیشاندەر بیەوێت بە توندوتیژیی و خۆسەپاندن داواکارییەکانی بە جێبەجێبکرێت، توندوتیژیی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بە زیانی خۆیان و خۆپیشاندانەکەیان دەشکێتەوە و ڕەوایەتی لەدەستدەدەن، … هتد"
ئەمجۆرە گوزارشانە و دەیان گوزارشی دیکەی لەوجۆرە ئەوەی پێماندەڵێت ئەوەیە دەربەی ئەم جۆرە بۆچوونە یان بەدەست هەژارییەکی قووڵ و بونیادییەوە گیریخواردووە لە تێگەیشتنییدا بۆ هەریەک لە چەمکەکانی، توندوتیژیی، دەسەڵاتدارێتیی، دەزگا دەوڵەتییە مۆدێرنەکان و تاکە کەس وەکو هاونیشتمانی یان بەمەبەست و ئاگاوە خەریکی خزمەتکردنێکی زەلیلانەیە لە ئاست دەسەڵاتدارێتییەکدا کە کەمترین ئاکاری بەرپرسیارێتیی لە ئاست هاونیشتمانییان و کۆمەڵگادا تیادا نەماوە.
ماکس ڤیبەر "کۆمەڵناس و فەیلەسووفی ئەڵمانی ١٨٦٤-١٩٢٠" لە نوسینێکیدا بە ناوونیشانی "سیاسەت وەکو پیشە Politics as vocation" بە گوێرەی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکەی، دەسەڵاتدارێتیی پۆلێندەکات بە سێ جۆر:
دەسەڵاتدارێتیی کاریزمایی "لە نموونەی دەسەڵاتدارێتیی ئاینیی و دەسەڵاتدارێتیی پاڵەوانان"
دەسەڵاتدارێتیی ترادیسیۆنالە "لە نموونەی دەسەڵاتدارێتیی فیۆداڵیی و پاتریارکیی"
دەسەڵاتدارێتیی یاسایی یان دەسەڵاتدارێتیی عەقڵانیی-یاسایی "لە نموونەی دەوڵەتی یاسایی مۆدێرن و بیرۆکراسیی"
لەباسکردنی دەسەڵاتدارێتیی عەقڵانیی-یاساییدا لە پەیوەند بە توندوتیژییەوە و پێناسەکردنی دەوڵەتدا دەڵێت: (دەوڵەت کۆمیونیتییەکی مرۆییە کە لە مۆنۆپۆلکردنی هێزبەکارهێنانی فیزیکییدا ڕەوایەتیی بەتەنها بۆ خۆی دەدات.) هەروەها لە وەسفکردنی سۆسیۆلۆژیانەی دەوڵەتدا دەڵێت: (قۆرخکردنی ڕەوایەتی بە بەکارهێنانی هێز، چەمکە جەوهەرییەکەی یاسای گشتیی مۆدێرنە.) واتا دەزگاکان و یاساکانی دەوڵەت تاکە بەکارهێنەری هێزی فیزیکیین.
لێرەوە لە دنیای مۆدێرندا کە دەوڵەت وەکو پێکهاتەیەک لە کۆمەڵێک

دەزگا و گورزەیەک لە یاسا ئەرگانیزەکردن، کۆنتڕۆڵکردنی سیاسیانەی کۆمەڵگایە و لەمەشەوە جگە لە هیرارکیەکردنی دەسەڵات قۆرخکردنی هەر جۆرێکی زەبروزەنگی دەزگایی و یاساییە. بە کورتیی لە دنیای مۆدێرن و هاوچەرخدا، دەوڵەت بە دەزگاکان و یاساکانییەوە، ڕەوایەتیی بەکارهێنانی توندوتیژیی لە تەواوی تاک و گروپەکانی کۆمەڵگا دەسەنێتەوە و دەیبەخشێتە خۆی. واتا یاسا و دەزگا دەوڵەتییەکان قۆرخی رەوایەتیی بەکارهێنانی هەر جۆرە زەبروزەنگ و توندوتیژییەک بە تەنها بە خۆیان دەکەن.

هەڵبەت پێش ڤیبەر فەیلەسووفانی دیکەش باسییان لە ڕەوایەتیی پەنابردنە بەر توندوتیژیی لەلایەن دەوڵەتەوە کردووە، لە نموونەی فەیلەسووفی ئینگلیزیی "تۆماس هۆبز ١٥٨٨-١٦٧٩" لە پەیوەند بە سروشتی مرۆییەوە لە وتە بەناوبانگەکەیدا کە دەڵێت: مرۆڤ گورگە بۆ مرۆڤ. باوەڕی وایە بۆ جلەوکردنی سروشتیی شەڕەنگێزانە و دڕندانەی مرۆڤ، دەوڵەت دەبێت بە زەبروزەنگ بێت. بەڵام ئەو جۆرە دەوڵەتەی کە هۆبز تەواو جودایە لەو دەوڵەتە عەقڵانییە-یاساییە مۆدێرنەی کە ڤیبەر باسی لێوەدەکات. هەروەها پێشتریش فەیلەسووفی ئیتالیایی "نیکۆڵۆی ماکیاڤیللی ١٤٦٩ – ١٥٢٧" باس لە جۆرێک لە دەوڵەت لە سایەی میرێکەوە دەکات کە سڵ ناکاتەوە لە هیچ جۆرە زەبروزەنگێک بۆ ئامانجی کۆنتڕۆڵکردنی کۆمەڵگا، هەڵبەت لە سەرەتادا بە ئامانجی یەکخستنەوەی هەموو بەشە پارچە پارچەکراوەکانی ئیتالیا و یەکگرتنیان لە چێوەی دەوڵەتێک یان ئیمپراتۆریەتێکی بەهێزدا و دواتریش پەنابردنە بۆ هەر جۆرێکی توندوتیژیی لەلایەن میرەوە لە پێناو هێشتنەوە، کۆنتڕۆڵکردن و بە یەکگرتوویی مانەوەی ئەو دەوڵەتە یان ئیمپراتۆرێتییەدا کە هەندێک، تێزەکانی ماکیاڤیللی "بۆ نموونە لە کتێبەکانی "میر، هونەری گفتوگۆ و جەنگ" دا بە سەرەتای زانستی سیاسەت دادەنێن. هەڵبەت کە ماکیاڤیللی هەر جۆرێکی درۆ و فێڵکردن یان ناڕاستگۆیی، هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکاریی و بێ ڕەویی بوون بە میر لە ئاست هاونیشتمانییان و کۆمەڵگادا بە ڕەوا دەزانێت ئەگەر پێویست بوو لە هەندێ دۆخدا، هەروەک چۆن دەرخستنی کەڵبە تیژەکانی و بەگورگبوونی میر لەگەڵ بەکارهێنانی هەر جۆرە توندوتیژییەک بەڕەوا دادەنێت ئەگەر پێویست بوو لە هەنفە دۆخی دیکەدا. بەڵام ئەو جۆرە دەوڵەت و میرەی ماکیاڤیللیش وێنەی دەکێشیت تەواو جودایە لە جۆری دەوڵەتە مۆدێرنەکەی ڤیبەر.
ماکس ڤیبەر لە پەیوەند بە توندوتیژیی بەدەزگاییکراو و بە یاساییکراوی دەوڵەتەوە دژ بە هاونیشتمانییان، ئەوەمان ڕوون و ڕۆشن پێدەڵێت کە ئەوەی بەی هەیە و لە توانایدایە توندوتیژ بێت و

توندوتیژی بەکاربهێنێت تەنها دەوڵەتە و بەس. تاکە کەسەکان و هاونیشتمانییان نە بەیان هەیە و نە دەتوانن توندوتیژ بن و توندوتیژیی بەکاربهێنن. بەگوێرەی ڤیبەر هاونیشتمانییان کە خۆیان دەسەڵاتدارێتییان قبوڵکردووە و پێکیان هێناوە، دەبنە بابەتی کۆنتڕۆڵکردن و بەسەردا سەپاندنی دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتدارێتییەکەوە. هاونیشتمانییان کە خۆیان دەسەڵاتیان پێکهێناوە و قبوڵیان کردووە دەبنە ئەو بابەتەی کە دەسەڵاتدارێتییەکە توندوتیژییان بەسەردا ئەنجام دەدات.

بە کورتی ئەوە دەوڵەتە کە بە یاسا و دەزگاکانی پڕاکتیزەی توندوتیژی دەکات بەسەر هاونیشتمانییاندا. ئەوە هاونیشتمانیانن کە بیانەوێت و نەیانەوێت، تاک بن یان کۆ، ناتوانن توندوتیژی پڕاکتیزە بکەن. دەوڵەت هەر خۆی لە هەر دۆخێکدا، لە ئارامییدا بێت یان نائارامیی، توندوتیژە بەرامبەر هاونیشتمانییان. ئەوە هاونیشتمانیانن لە هەر دۆخێکدا بێت، ئارامیی بێت یان نائارامیی، ناتوانن توندوتیژ بن. تەنها لە ساتی داڕمانی دەوڵەت و هەرەسهێنانی تەواوەتیی دەزگاکانیدا لەوە دەکەوێت بتوانێت توندوتیژ بێت و توندوتیژیی پڕاکتیزە بکات.

گواستنەوەی بەماوەییانەی دەسەڵات و دەزگای هەواڵگریی.. ئەحمەد ڕەسوڵ

یەکەم: ڕەگێکی مێژوویی

زۆر بە دواوە نەگەڕێینەوە و لە سەدەی هەژدە و نۆزدەوە واتا لە سەردەمی میرنشینەکانەوە، ململانێی نێوان ئامۆزاکان یان براکان لەسەر دەسەڵات لە دەسەڵاتدارێتییە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، زنجیرەیەکی نەپساوە تا ڕۆژگاری ئێستامان. هەر جۆرە کەڵەکەبوون و تێپەڕبوونێکی دەسەڵات لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا بێبەری نەبووە لەو جۆرە ململانێ بنەماڵەییەی لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدارێتیی. هەر مۆدێل و فۆڕمێکی دەسەڵات وەکو شێخایەتی، ئاغایەتیی، خێڵەکیی و حزبیی یان

تێکەڵ و تێکهەڵکێشی ئەمانە، گواستنەوەی دەسەڵات تیایاندا میراتگرانەی خوێن، پشت و بنەماڵەیی بووە، سەرباری هەر بانگەشەیەکی ڕووکەشانەی هەندێکیان بۆ میکانیزمێکی مۆدێرنانەی دیموکراتییانە. واتا ئەم ململانێیەی نێوان ئەندامانی "ئامۆزاکان یان براکان" بنەماڵەی دەسەڵاتدارەکان لەسەر دەسەڵات و یەکلاییکردنەوەی و دەستبەسەرداگرتنی بە هێزی ڕووت، ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و تا ئێستا کۆمەڵگای ئێمە بە هەر فۆرمێکی ڕێکخستن و دەزگایی مۆدێرن نەیتوانیوە تێیپەڕێنێت و دابڕانێک لەگەڵ ئەو مێژووە درێژەیدا دروست بکات.

دووەم: فۆرمی خێڵەکیی-ئایینیانەی حزب

حزبی سیاسی وەکو پێکهاتەیەکی مۆدێرن بۆ ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگا،دەسەڵات و دەزگاکان، مێژوویەکی کەمتر لە سەدەیەکی هەیە لە کۆمەڵگای کوردستاندا. لە دوای حکومەتەکەی مەلیک مەحمودەوە، حزبی هیوا و دواتریش کۆمەڵەی ژێ کاف کە دواتریش بوو بە حزبی دیموکراتی کوردستان، لەلایەن خوێندەواران و توێژی پێشکەوتووخوازانی ئەو کاتەوە، سەرەتای مێژووی حزبی سیاسیی و فۆرمێکی دیکەی نوێی کایەی سیاسییە لە کوردستاندا، بەڵام هەر زوو ئەوانیش بە جۆرێک کەوتنە ژێر کاریگەریی هەژموونی مەنتاڵیتیی خێڵەکیی و ئایینییانەی کۆمەڵگا. واتا هەر لە سەرەتاوە هەوڵەکانی مۆدێرنیزەبوونی کایەی سیاسیی کە شکستی خوارد و کەوتە ژێر هەژموونی مەنتاڵیتیی خێڵەکیی و ئایینییانەی کۆمەڵگا هەتا ئێستاش درێژەی هەیە و وەکو خانەیەکی کانسەریی بە سەراپای جەستەی کایەی سیاسییدا بڵاوبووەتەوە.

سێیەم: ڕەگی خێڵەکیی-ئایینیانەی بنەماڵەییبوونی دەسەڵات

تووشبوونی کایەی سیاسیی کوردیی بە ڤایرۆسی گواستنەوەی بنەماڵەیانەی دەسەڵات ڕیشەکەی لە نێو بونیادی دەسەڵاتی ئاغایەتیی و شێخایەتییدایە. هیرارکیەت و گواستنەوەی دەسەڵات لە پێکهاتەکانی وەکو ئاغایەتیی و شێخایەتیی لە کۆمەڵگا بەر لە مۆدێرنەکاندا، ئاشکرایە شانداداو لەسەر خوێن و ڕەچەڵەک بووە. ئەم عەقڵییەتە و میکانیزمەی پشتاوپشت گواستنەوەی دەسەڵاتی ماددی و ڕەمزی لە سیستەمە کۆمەڵایەتییە نامۆدێرنە ئاغایەتیی و شێخایەتییەکەی کۆمەڵگای کوردییەوە پەڕیوەتەوە بۆ نێو حزبی سیاسی و کایەی سیاسیی لە سەدەی بیستدا. واتا بنەماڵەییبوونی دەسەڵات لە حزبی سیاسیی کوردیدا، ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر مێژوویەکی کۆنتر لە حزبی سیاسیی و لە نێو مەنتاڵیتیی و بونیادەکانی سیستەمە

دەسەڵاتدارێتییەکانی ئاغایەتیی و شێخایەتییدایە.
سەرنجبدە لە بازنەی یەکەمی دەسەڵاتدارانی هەر حزبێکی سیاسیی لە سەدەی بیستدا لە کۆمەڵگای کوردییدا، لە بنەماڵەی شێخ، ئاغا، سەید، مەلا، خان و بەگ، …هتد، بوون، کە ئەو جۆرە لە پاشناو هەمایە بە هەژموون بەسەر مەنتاڵیتیی و کەنەستی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا و هەروەها هەمایە بە درێژە کێشانی هەژموونی بونیادەکانی مەنتاڵیتیی ئاغا، شێخ و ..هتد بەسەر فۆرم و پێکهاتە مۆدێرنەکەی سیاسەتەوە کە حزبە. بەدیوەکیتریشدا ئەوەمان پێدەڵێت کە گواستنەوەی بەماوەییانەی هێز و هەژموون لە حزبیشدا ناتوانێت ئاغایانە و شێخانە نەبێت. واتا تێکهەڵکێشی بونیادە خێڵەکییەکەی مەنتاڵیتیی ئاغایەتیی و بونیادە ئایینییەکەی شێخایەتیی، بونیادەکانیی مەنتاڵیتی حزبی سیاسیی پێکهێناوە و لەڕووەیە گواستنەوەی بەماوەییانەوەی هێز، هەژموون و دەسەڵات لە حزبی سیاسییدا، ڕێگەکی خێڵەکیی-ئایینیانەی هەیە کە لە مێژوویەکی دێرین و درێژی ئاغاواتیانە و شێخایەتییانەی کۆمەڵگای ئێمەوە سەرچاوە دەگرێت.

چوارەم: دەزگا هەواڵگریی و سیخوڕییەکان

دەزگا هەواڵگریی و سیخوڕییەکان لە هەر ووڵاتێکی دنیادا لە بەشێکی کارەکانیاندا هەواڵگریکردن و سیخوڕیکردنە بەسەر هاوڵاتیانەوە و خزمەت بە هێشتنەوەی دۆخی جێگیر و باوی سیاسیی، ئابوریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا و دەسەڵاتدارێتیی دەکەن. لە بەشێکیتری کارەکانیاندا هەواڵگریکردن و سیخوڕیکردنە لە پێناوی دەوڵەت و کۆمەڵگادا و دژ بە دەوڵەتانی دیکە و نەیارانیان.
لە دۆخی کوردستاندا، دوو دەزگای هەواڵگریی و سیخوڕیی کە سەر بە دوو حزبخێڵە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانن لە هەر دەزگایەکی دیکەی حکومەتیی و ئەمنیی دیکە بەمەسرەفتر و پڕبودجەتر و گرنگترن بە دەسەڵاتدارانی یەکەمی حزب "یان ڕاستتر بە دوو بنەماڵە دەسەڵاتدارەکە". ئەم گرنگیی و بایەخپێدانە گەورەیەی ئەم دەزگایانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی یەکەمی دوو حزبخێڵەوە، لەو تێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەسەڵاتداران بە هێزی ڕووتی سەربازیی، ڕووبەری مەدیایی و ئازادیی دەربڕین، ململانەی سیاسیی نێوخۆیی لە نێوخۆی حزبدا و هەم لە تەک حزبەکانیتردا، چۆنەتیی دەستگرتن بەسەر کۆی جومگەکانی دەسەڵاتدارێتیی و تەواوی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، هەیانە. واتا لە بنەڕەتدا بەشە سەرەکییەکەی کاری ئەم دەزگایانە لە بەرئەنجامی تێگەیشتنی دەسەڵاتدارانەوە بە کۆی پرسەکان و ڕووبەرە کۆمەڵایەتیی سیاسیی و دەزگاییەکانی کۆمەڵگاوە، بووەتە هەواڵگریکردن بەسەر،

سیخو□ییکردن ب□س□ر، ه□□ش□ل□کردن، گرتن و ئ□شک□نج□دانی هاونیشتمانییان جا ئ□و هاونیشتمانیی□ چ ئ□و□ی ک□س□کی نوس□ر و □□خن□گری س□رب□خ□ ب□ت، چ ئ□و□ی ئ□کتیڤیست□کی ک□م□□ای□تی د□ر□و□ی چ□و□ی حزب ب□ت، چ ئ□و□ی ئ□ندام، لای□نگر و کاد□ری حزب□ سیاسیی□کانی دیک□ و ب□تایب□ت دژب□ران و □کاب□ر□ س□ر□کیی□کانی ب□ت یان ت□نان□ت چ ئ□و□ی بازرگان و س□رمای□دار□کی د□ر□و□ی چ□و□ حزبیی و سیاسیی□کان ب□ت. واتا ب□ب□شی گ□ور□ و س□ر□کیی، کاری ئ□م د□زگایان□ دژ ب□ هاونیشتمانییان□، ب□ب□ش□ بچوک و ک□م□ک□ی کاریان ل□ دژی ب□ نمون□ تاوانباران و ت□ر□ریستان□.
د□رئ□نجام، ئ□م د□زگایان□ ل□ ژ□ر د□س□□اتی، د□س□□اتداران□کی م□نتا□□تیی خ□□□کیی-ئایینیان□، ناتوانن د□زگای پار□ز□ری هاونیشتمانیی، ب□ ئازادیی□ ه□م□لای□ن□ک□ی□و□ ل□گ□□ □□ز و ک□رام□ت□ ئینسانیی□ک□ی بن.

ئ□حم□د □□سو□

ه□ر ب□ بیره□نان□و□، ب□ ساد□یی. . ئ□حم□د □□سو□

ئ□م س□ر□ک حزب و د□و□□تان□ی خوار□و□، مشت□کن ل□ خ□رواری ئ□وان□ی خاو□ن د□س□□ات□کی گ□ور□ی س□ربازیی، ئابوریی و کارگ□□یی بوون ب□ دیپل□ماسیی□ت و پ□یو□ندیشیان ب□ وو□اتانی دنیاو□ و د□س□□اتدار□تیی□کی ل□ شکان ن□هاتووی ئاسنینیان دام□زراندبوو س□رباری لای□نگیریی ملی□نیی ل□لای□ن دانیشتوان□و□ ب□یان. ب□ ه□موویان □ووخان و نووچدانی د□س□□اتدار□تیی□ک□یان و دواتر ب□ دادگایی گ□یاندن یان تیربارانکردن و ت□فروتونا بوونیان، ل□لای خ□یان، خ□□ک و ت□ ب□□ دنیاش ل□ و□هم□ک یان خ□یا□□ک زیاتر ن□بوو. ئ□مان□ س□رباری جیاوازییان ل□ ئایدی□ل□ژیای سیاسیی و ش□وازی ب□د□س□□ات گ□یشتنیان و ج□ری حوکم□ان□تییان، ه□موویان هاوب□ش بوون ل□ ئ□شک□نج□دان “ب□ ئاست و ش□وازی جیاواز” ی هاونیشتمانییان و داس□پاندنی د□س□□اتدار□تیی□کی دیکتات□ریی ب□ب□کاره□نانی ه□موو ج□ر□کانی توندوتیژیی و فشاردانان ل□س□ر خ□□ک و ه□ژموونکردن ب□س□ر

ڕۆح و سایکۆلۆژیای هاونیشتمانییان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن.
هەموویان پێکەوە، دەزگاکانی خوێندن و پەروەردەیان بەکارهێنابوو وەکو ڕێگایەک بۆ خۆبەرهەمهێنانەوە لە دەروون و زەینی تاک و گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا نەوە لە دوای نەوەدا بۆ خۆ بە گەورە و پاڵەوان کردن تا ئاستی خۆ بە پیرۆزکردن. هەموویان ناعەدالەتییان تا نێو هەناوی کۆمەڵگا و نێو قووڵایی دەزگاکان بردبوو. لە نێو هەموو سیستەمە جۆراوجۆرەکانی سایەی ئەم مرۆڤە نەخۆشە دەسەڵاتخوازانەدا، گاپی نێوان خەڵک بە گشتی لەلایەک و سەرانی سەرەوەی حزب، حکومەت و دەسەڵاتدارێتیی یان بنەماڵەی ئەم عاشقە هیستیریایانەی دەسەڵات لەلایەکیترەوە هێندە گەورە بوو لە هەموو ڕووەکانی ئابووریی، سیاسیی، ئیداریی، شێوەی ژیان و ئاستی گوزەران، بەها و کەرامەتی ئینسانیی لە دەرەوەی هەر پێوانە، هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنێک بوو.
هەموویان پێیانوابوو “هەروەها ڕایانگەیاندبوو بە دەیان شێواز و ڕێگەی جیاواز و هەروەها بە گوزارش و گوتاری جۆراوجۆر هەزاران پاتەیان کردبووەوە” کە هیچ کەس و لایەنێک لە نێو کۆمەڵگادا لە ئەوان دڵسۆزتر و بە ویژدانتر نییە لە پێناوی هاونیشتمانییان و نیشتماندا. هیچ کەس و لایەنێک لە ئەوان باشتر، داناتر و حەکیمتر نییە لە پێناوی خەڵک و خاکدا. هیچ کەس و لایەنێک لە ئەوان وورياتر، ئازاتر، بەهێزتر و خاوەن دەسەڵاتتر نییە.
هەموویان هەرچی یاسا و دەستوری وڵاتەکە هەیە خستیانە ژێر پێیانەوە، یان یاسا و دەستورێکیان دانا و نووسییەوە کە لە خزمەت دەسەڵات و مانەوەی هەمیشەیی خۆیان و نەوەکانیاندا بێت لە جاهو جەلالی دەسەڵاتدارێتییەکانیاندا. هەموویان هێزی سەربازیی و چەکداری حزب یان وڵاتییان کرد بە هێزی پارێزەری خۆیان، بەرژەوەندییەکانیان، دەسەڵات و دەسەڵاتدارێتییەکەیان.
تێیاندایە، ڕەوایەتی شۆڕشگێڕیی و خەباتی ڕزگاریی نەتەوە، گەل و هاونیشتمانییانی وڵاتەکەی وەکو مەداڵی زێڕین و ئەڵماس لە ئەخەی خۆی دابوو و بەو هۆیەوە دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بەسەر ژیان و چارەنوسی خەڵکی وڵاتەکەیدا سەپاندبوو. تێیاندایە بە ناوی شۆڕشی کۆمیونیستی و خەباتی بۆ یەکسانیی و ئازادیی، دۆزەخێکی بۆ خەڵکەکەی بەرپا کردبوو.
تێیاندایە لە ژێر ناوی نەتەوەچێتییەوە، سوار سەروملی نەتەوەکەی بوو بوو و وڵاتەکەی بە کردبوون بە زیندانێکی گەورە. تێیاندایە لە ژێر ناونیشانی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزمی جیهانی، سەرمایەداری و ...هتد وڵاتەکەی بە خاک و ئاو، سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی و تە بەڵە بە خەڵکەکەشییەوە لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی یان حزبەکەی

"هەیبەت سەرانی زلی حزب و بازنەیەکی هەرە تەسکی سەرەوەی حزب و دەوڵەت" تا پلە کردبوو.
تەیاندایە بە دروشمگەلی قەبەی وەکو پارێزەری ئایین، یەکپارچەیی ووڵات، زمان و نەتەوە یان خۆشگوزەرانیی و ئازادیی گەل و نیشتمانەکەی، هەژاریی و گوزەرانەکی خراپ، ستەم، زیندان و سێدارەی بە هاونیشتمانییانی پێشکەشکردبوو.
تەیاندایە لە هەموو بۆنە گەورە و گرنگە جیهانییەکاندا وەکو پیاوەکی گەورە و بەهێزی جیهان و سەرەکی دەوڵەت یان ئیمپراتۆریەتەکی گەورە ڕێز و ستایشی پێشکەشکرا و هەموو دنیا دەست و دلسۆزی بوو، بەڵام هەر ئەوەندەی خەڵک لەی هەستا و ڕاپەڕی، هەموو دنیا بە دەستان و دەسەڵاتییەوە نەوەکو هاوکارییان نەکرد و پشتیان تێکرد بەڵکو تەنانەت خۆیان لە نەبان کرد و پیرۆزباییان لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ووڵاتەکە و شۆڕشەکەیان کرد و تەنانەت هیچ ووڵاتێک ئامادە نەبوو بیگرێتە خۆی و مافی مانەوە و پەنابەریی پێببەخشێت.
تەیاندایە لە دوای سەرەولێژبوونەوەی دەسەڵاتدارێتییە ستەمگەرە گوایا لە شکان نەهاتووەکەی، نەوەک ئەندامان و لایەنگرانی حزب و حکومەتەکەی یان هەوادارانی خۆی و بنەماڵەکەی پشتییان تێکرد و لە پەناویدا خۆیان بەخت نەکرد، بەڵکو لە خەڵکە ڕاپەڕیوە داخ لە دڵەکە زیاتر ئاگری شۆڕشیان بەڕێشە پەیدا و زیاتر لە ڕامانێین و کەتاییپەهێنانی بەپەلەتر بوون.
تەیاندایە لە دوای نووچدان و کەوتنی دەسەڵاتدارێتییە هەواگرییە سەربازییە پەڕاینەکەیدا، نەوەکو تەنها خۆی و بنەماڵەکەی، بەڵکو بەشێک لە وەزیر، دەستەیشتووە حزبی و حکومییەکان، ژەنەڕاڵ و پلەدارە سەربازییەکانی چوار دەوریشی بە دادگا و سزای خۆیان گەیەنران.
• پۆل پۆتی سکرتێری حزبی شیوعیی و سەرەکی کەمبۆدیا سەرباری ئەو هەموو جەبەڕوت و مێژووە درێژەی لە جەنگ و بواری سەربازیی، سەرباری ئەو هەموو ئەزموونەی بەسەر دەزگا حزبیی و دەوڵەتییەکان و خەڵکی ووڵاتەکەیدا، دوای ئەوەش کە بە هەزاران و تە بەڵە بە ملیۆن خەڵکی لە ئافرەت، پیر و منداڵ کەمەڵکوژ کرد، دواجار بە دیل گیرا و خرایە زیندانەوە و لە زینداندا بە زەلیلی و بە نەخۆشیی دە مرد.
• ئەگەستە پینۆشەی – جەنەڕاڵی سەربازیی- سەرەکی دیکتاتۆریی چیلەیی، سەرباری دەسەڵاتە ئاسنینە تەقەنەرەکەی کە چەندین کەمەڵکوژی ئەنجامدا، دواجار سەرباری هەڵاتنی بە بەریتانیا، ماوەیەک لە مانەوەی ناچارییدا لە ماڵەکەی خۆیدا "اقامە جبریە House arrest" و دواتر گەڕانەوەی بە چیلەی و لەوێش لە مانەوەی ناچارییدا، بە زەلیلیی دووچاری دەوەستان هات و مرد.

• نیکۆڵای چاوسیسکۆ سەرۆکی خۆداسەپاوی ڕۆمانیا لە دوای ئەوەی خۆپیشاندانی خەڵک فراوان بوو لە دژی، لە ووتەیەکیدا بە خەڵکی خۆپیشاندەر ووتی کە ئەوانە گێرە شێوێن و یاخیین و دەیانەوێت شکست بە کۆمارە سۆشیالیستییەکەی بهێنن، بەڵام نەوەکو گوێی لێنەگیرا بەڵکو خۆپیشاندان فراوانتر و گشتگیرتر بوو. کە ویستی بە هەلیکۆپتەرێک لەگەڵ هاوسەرەکەی هەڵبێت، لەلایەن هێزی هەوایی و سەربازیی ووڵاتەکەوە ناچار بە نیشتنەوە کرا و دەستگیرکرا. لە دادگاییکردنیدا هێشتا خۆی بە سەرۆکی ووڵات دەزانیی و باوەڕی بە دادگاکە و دادگاییکردنەکەی نەدەکرد و دانیپێدانەدەنا، تا سزای مەرگی بەسەردا درا و تیرباران کرا.
• موعەممەر قەزافی، سەرۆکی دیکتاتۆریی لیبیا، بە پلەیەک مەغرور بوو لە دوا ساتەکانی دەسەڵاتییدا کە ڕاپەڕینی خەڵک سەرکەوتنی مسۆگەر کردبوو، لە دواهەمین وتاریدا هێشتا خۆی بە سەرکردەی شۆڕش دەزانیی و دەیگوت شۆڕش بەردەوامە و هەموو خەڵکی ڕاپەڕیوی بە دەستی دەرەکی و بێگانە و تۆڕەی دوژمنانی گەل و نیشتمانی لیبیا دادەنا. تەنانەت ئەم سەرۆکە لە خۆڕازییە بە ڕاددەیەک مەغرور بوو لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئاریانا فالاچیی ڕۆژنامەنووس و نووسەری بەناوبانگی ئیتالیی و جیهانی دەیگووت: هەموو ئەوروپا و ووڵاتانی ڕۆژاوا دەتوانن کتێبی سەوز وەکو کەتەلۆگێک بەکاربهێنن بە ئەوەی وەکو لیبیا پێشبکەون. هەڵبەت کە کتێبی سەوز لە نوسینی خۆیەتی "موعەممەر قەزفییە" و پڕە لە وێنە و قسەی هەڵیت و پەڵیت وەکو زۆربەی کتێب و یاداشتەکانی سەرۆکە دیکتاتۆر، خۆسەپێن و نارسیستەکان. ئەوە بوو دواجار کەوتە دەستی خەڵک و بوو بە ژێر دەست و پێی منداڵان و گەنجانەوە و لێیان دەپاڕایەوە کە ئازاری نەدەن و لێی نەدەن و سەرئەنجام دوای ئازارپێگەیاندنێکی زۆری بە فیشەکێک کوشتیان.
• عەلی عەبدوڵا ساڵحی سەرۆکی یەمەنیش تا دواجار ڕایکرد و لە ترسی خەڵک و خۆپیشاندەران بەجێی هێشت.
• زین العابدین بن علی سەرۆکی تونس فریا کەوت هەڵبێت بەرەو سعودیە.
• حوسنی موبارەکی سەرۆکی سی ساڵەی میسر، لە بەرئەنجامی خۆپیشاندانی درێژ ماوەی خەڵک ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرا و دواتر دادگایی کرا و ئەویش سەرئەنجام بە زەلیلی و زەبوونی مرد.
• محمد ڕەزا شای ئێران لە بەرئەنجامی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی دیکتاتۆرێتیی ئیمپراتۆرێتییەکەی لەگەڵ هەژارییەکەی کە بەسەر خەڵکدا دایسەپاندبوو، ناچار بە جێهێشتنی تەختی پادشایی کرا و کۆتاییهێنان بە ئیمپراتۆرێتتیە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵییەکەی.

پێی سەیر بوو کە ئەو خەڵکەی تا دوێنێ دەست و قاچییان ماچ دەکرد و بە هاتوهاوار بەسەر شاهەنشاهدا "شاهەنشاه واتا پادشای پادشاکان کە ئەو نازناوەی لە خۆی نابوو" دنیایان کاس کردبوو، بەڵام وا ئێستا دژ بە دەسەڵات و تەخت و تاراجی ئەو هوتاف دەکێشن و بڕوخێ بڕوخێ دروشمی نەبڕاوەیانە. هیچ ووڵاتێکی دنیا وەرینەگرت و ئامادەنەبوو مافی مانەوەی بداتێ بە ئەمریکای دەست و هاوپەیمانیشییەوە، تا میسر ڕێگای پێدا بچێتە ووڵاتەکەی، هەڵات بۆ میسر و دوای ساڵێک لە ناکاو بە دڵوەستان مرد.

• سەدام حسین دیکتاتۆری بە زەبروزەنگ و خاوەنی سوپایەکی یەک ملیۆن سەربازیی و هێزێکی گەورەی چەکدار و چەکوچۆڵەی جەنگیی لە ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و خاوەنی هێزێکی گەورەی خۆبەختکەرانی سەددام "فیدائیین صدام" و شەڕکەر، ئەوە بوو لە کوردستان لە ماوەیەکی کەمدا بە ڕاپەڕینێک دەسەڵات و سوپاکەی ڕاماڵرا لەلایەن ئەو خەڵکەوە کە بەردەوام چەپڵەیان بۆ لێدەدا و گۆرانی و سروودیان پێدا هەڵدەگوت. دواتر و سەرئەنجام بێکەس و بە تەنیا لە کونە مشکێکدا دۆزرایەوە و بەدیل گیرا و سەرئەنجام دادگاییکرا و لە سێدارە درا.

• بێنیتۆ مۆسۆلینی، سەرۆکی دیکتاتۆریی فاشیستیی ئیتالیا، کە لە خۆڕازییبوون و غروریی وایلێکردبوو خۆی بە پیاوی هەرە گەورە و بەهێزی جیهان و تەنانەت مێژووش بزانێت و دەیگوت کە ئەو لەپێناو ئیتالیا و خەڵکەکەیدا بووەتە سەرۆک و خەڵکی ئیتالیا بەختەوەر و شەرەفمەندن کە سەرۆکێکی وەکو ئەویان هەیە. سەرئەنجام کە لەگەڵ هاوسەرەکەی و چەند ئەندامێکی پارتیی فاشیست ویستیان هەڵبێن بۆ ئسپانیا، بەڵام دەستگیرکران و گوللەباران کران، خەڵک هێندە لێی پڕ بوو بوو دوای ئەوەی کەوتنە دەستیان لاشەکانیان بە شەقامەکاندا ڕادەکێشا و دواتر بە ماوەی چەند ڕۆژێک بە هەڵواسراویی هێشتیاننەوە.

هەموو ئەمانە کە دەڵێی کۆمەڵێک منداڵی لەدایکبووی هەمان منداڵدان، گەشکراوی هەمان ئامێز، پەروەردەکراوی هەمان ئاکار و مێنتاڵێتیی و هەمان شیریان دەرخوارد دراوە، چەند نموونەیەک و بەشێک بوون لەو جۆرە سیستەم، سەرۆک و بنەماڵانەی کە پێیان وابوو هەموو خەڵک و ووڵاتانی دنیا لە پشتیانن و دەیانپارێزن و خۆشیان دەوێن و دەسەڵاتیی ئەوان هەتا هەتاییە و بە سەرەولێژبوونەوە و ڕووخان نییە، لە مێژووی نزیکی حەفتا ساڵەی ڕابردوودا.

گرنگ و پێویستە ئاگاداربوون لە مێژوو و خۆ گێلنەکردن لە ئاستیدا.

ستەمکاریی و گەمژەیی .. ئەحمەد ڕەسوڵ

دەسەڵاتداران و دەسەڵاتدارێتییە ستەمکارەکان، وەک ئەوەی لە هەمان منداڵدانەوە هاتبن و بە هەمان شیر گەورە بووبن،
هەموویان هەمان حەماقەت و هەمان غروری بەش داگیریان دەکات.
هەموویان تا دواهەمین خولەکەکانی دەسەڵاتیان، پێیان وایە:
تەنها ئەوان دڵسۆزی ڕاستەقینەی گەل و نیشتمانن،
تەنها ئەوان خۆشەویست و سیمبولی پیرۆزی تێکڕا یان زۆرینەی خەڵکن،
تەنها ئەوان فریادڕەسی ژیانی کۆمەڵگا یان ڕاگری چەتری ئارامیی و خۆشگوزەرانیی خەڵکن،
تەنها ئەوان پارێزەری گەل و نیشتمانن،
تەنها ئەوانن خاوەن دانایی و بلیمەتییەکی بێوێنە،
تەنها ئەوانن قارەمان و ئازا و چاونەترس،
تەنها ئەوانن خاوەن هێز و قودرەت، هێز و قودرەتێکی لەشکان نەهاتوو.

…

ئەوەی سەرەوە هەست و تێگەیشتنی دەسەڵاتدارانی ستەمکار و خۆسەپێنە سەبارەت بە خۆیان و کۆمەڵگاش.

…

لە کاتێکدا ئەوان ناپاکی ڕاستەقینەن بە گەل و نیشتمان،
ئەوان بێزراو و مایەی نەفرەتی زۆرینەی خەڵکن،
ئەوان وێرانکەری ژیانی کۆمەڵگا و ڕوخێنەری چەتری ئارامیی و خۆشگوزەرانیی خەڵکن،
ئەوان سەرچاوەی هەڕەشەی داڕمانی هەمەلایەنەی گەل و نیشتمانن،
ئەوان لە نێو نادانیی و گەمژەییەکی بێوێنەدا گیریان خواردووە،
ئەوانن ترسنۆک و خۆحەشاردەر،
ئەوانن خاوەن هێزێکی فشەڵ و ساختە، هێزێک کە هەرسات لە ئەگەریی شکان و هەڵاتندایە.

…

واتا لە وەهمێکدا دەژین کە ڕێک پێچەوانەی ژیانی واقعیی و ڕاستەقینەی خۆیان و کۆمەڵگایە.

…

بازنە هەرە بچووکەکەی لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدارێتی بە چەند بازنەیەکی کەمێک فروانتر دەورەدراوە و ئیشی ئەو بازنانە لەو جۆرە سیستم و حوکمڕانێتییانەدا ئەوەیە کە هەم بەرهەمهێنەری ئەو هەست و تێگەیشتنە وەهمییەی دەسەڵاتدارانن لە هەمبەر خۆیان و جڤات، هەم تیۆریزەکەری ئەو وەهمەن ڕووە و دەسەڵاتداران و جڤات بەو ئامانجەی بەرگی حەقیقەتی بەبەریادا بکەن. ئەو بازنانە لە پلەدارە بەرزە سەربازییەکانەوە بیگرە بە شیکەرەوە و نووسەرە سیاسیی و ئابوورییەکان کە تەواوی لەژیکی نێو کایە مۆنۆپۆڵکراوەکانی ئابووریی، سیاسیی و دەزگاکانی پڕوپاگەندە "لەم جۆرە سیستمانەدا دەزگا مەدیاییەکانی سەبەر و خزمەتکاری دەسەڵاتداران لەوە دەکەون پێیان بگوترێ مەدیا، بەڵکو دەبنە دەزگای پڕوپاگەندە" دەگرێتەوە. کە هەڵبەت لە خوار ئەو چەند بازنەیەشەوە چەند بازنەیەکی دیکە دێن کە کاریان ووردکردنەوەی ئەو حیکایەت و وەهمانەیە کە خۆیان لە کادیرە ناوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکان لەگەڵ بەرپرسە مەدیایی، هەواڵگریی و چەکدارییەکاندا دەبینێتەوە.

ئەمانە هەموو پێکڕا بەشداریدەکەن لە هەڵچنینی ئەو کۆشکی وەهمەی کە هەست و دەروونی دەسەڵاتداران لە ئارامییدا ڕادەگرێت. واتا ئارامیی و ئاسوودەییەک کە لە خۆگێلکردن لە ژیانی واقعیی جڤاتەوە و لە وەهمی بینین و تێگەیشتنەوە لە خواستی ڕاستەقینەی هاونیشتمانییانەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە لەم جۆرە سیستمانەدا ئەوەی دەسەڵاتداران و ئەو چەند بازنەیەی دەوریان داگیردەکات، گێلێتیی و وەهمێکە کە تا ئاستی حەماقەت و گەمژەیی دەیانبات.

لێرەوەیە لە نێو سیستمە سیاسییە ستەمگەرەکاندا، هەر جۆرێکی دەسەڵاتدارێتیی سیاسیی لەوەشەوە سەربازیی، ئیداریی و تەنانەت ئابووریش، جۆرێک لە حەماقەت یان گەمژەیی بە کەسی دەسەڵاتدار دەهێنێت. درێژەکێشانی هەرچی زیاتری زەمەنی هەر کەسێک لە نێو ئەتمۆسفیری دەسەڵاتدارێتییدا، دواجار دەبێتە هەرچی زیاتر گەورەتر بوونی بۆی ئەو حەماقەت و گەمژەییە. زەقترین نموونەی ئەم جۆرە لە حەماقەت و گەمژەییش ڕستە بەنیوبانگەکەی ماری ئەنتەینەت "١٧٥٥-١٧٩٣" شاژنی فەڕەنسایە، کاتێک لە وەڵام بە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی هاونیشتمانییانی برسییدا، دەڵێت: با کێک بخۆن "Let them eat cake".

…

جۆرج ئۆروێل "١٩٠٣-١٩٥٠" لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەیدا "١٩٨٤" وورد و جوان تابلۆی ئەو سیستمە ستەمگەرەمان بۆ دەکێشێت کە دەزگاکانی و بەرپرسەکانییان "هەڵبەت بە کاری کارمەند و کادیرانییان" لە

هەڵگەڕانەوەی حەقیقەت و ئاوەژووکردنەوەی هەموو شتێکدا لە نەوکەیی گوتارێ سیاسیی و مێدیاییەکەی سیستەم، حزب و بیگ برەزەدا چەن “ئاشتی، ئازادیی و هێز دەبنە جەنگ، کۆیلایەتیی و نەزانیی”*.

…

چیرۆکی کەوتنی بن عەلی لە تونس، موبارەک لە میسر، قەزافی لە لیبیا لەم چەرخەدا و مۆسۆلینی لە ئیتالیا، چاوسیسکۆ لە ڕۆمانیا، حەمەڕەزا شا لە ئێران، پینۆشە لە چیللی و پۆلپۆت لە کەمبۆدیا، لە سەدەی بیستدا چەند نموونەیەکی کەمن لە مێژووی دەسەڵاتدارێتییە سیاسییە ستەمکارەکاندا کە چیرۆکی کەوتنی هەموویان وەک ئەوەی هەمان چیرۆک بن و هەمان کەس نوسیبێتی چونکە هەمان حەماقەت و گەمژەیی بەرهەمهاتووی وەهمی دەسەڵاتدارێتییەکەیان تانوپۆی تەنیون.

…

دەسەڵاتدارانی ستەمکار، نەوەکو تا دواهەمین ساتی داڕمانی ئیمپراتۆرێتییەکەیان، هێشتا بە قووڵی لەنەو ئەو وەهمەدا چەقیون کە سەرلەبەری تێگەیشتنییان ئاوەژووەدەکاتەوە، بەڵکو لە ساتی کەوتنیشیاندا و دواتریش لە ساتی دادگاییکردن و تیربارانکردنیشیاندا هەموو ئەو ماجەرایە وەکو خەو دەبینن و باوەڕ بە چاو و گوێی خۆیان ناکەن.

....

*”ئاشتیی جەنگە – کۆیلایەتی ئازادییە – نەزانیی هێزە war is peace – freedom is slavery – ignorance is strength ” سێ دروشمە سەرەکییەکەی نەو سیستەمە سیاسییەکەی بیگ برەزە “برا گەورە” ن.

ئارکۆن و ڕەخنەی عەقڵی دینی … ئەحمەد ڕەسوڵ

کۆمەڵگای کوردستان وەکو بەشێک لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییە “کە ناودەبرێن بە” ئیسلامییەکان، دەرگیرە لەگەڵ کێشەگەلی بونیادیی پەیوەندیدار بە عەقڵ و ڕۆشنبیریی دینییەوە. بەشێکی زۆر لە

کێشەکانی ئەمەش هەمانشێوەی بەشێکی زۆر لە کێشەکانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانە لەسەر ئاستگەلی جودا، لەوانە: کێشەی نوێکردنەوەی بەها و نۆرم، ڕۆڵی عەقڵ بە مانا ڕەخنەییە زانستییەکەی لە بەرهەمهێناندا لە نێو تەواوی لقە جیاواز و سەربەخۆکانی زانستدا، بە تایبەتی کایەی زانستە مرۆییەکاندا، کێشەی مێنتاڵێتیی کۆنزەرڤاتیڤانەی نێو کایەی سیاسی، کارگێڕیی، دەزگایی و دەوڵەتدارییە بە گشتی. واتا زۆرینەی بوار و کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئەمە کێشەی چەقبەستوویی و دواکەوتوویی لە پەیوەند بە عەقڵییەتێکەوەیە کە ڕێگەکانی بە قووڵی لە سەرزەمینی عەقڵیی دینیی چەقیون.

تێگەیشتنی لاهووتی

لێکدانەوە و ڕاڤەی دەقەکانی هەر کتێبێکی “کە ناودەبرێن بە” ئاسمانی بە توندی پەیوەندیدارە بە دەسەڵاتدارێتیی سیاسیی هەر دەوڵەت، هەرێم یان ناوچەیەکەوە. لەو چێوەیەشدا لێکدانەوە و ڕاڤەی دەقەکانی قورئان بە توندی پەیوەندیدارە بە دەسەڵاتدارانی ووڵاتانی دنیای عەرەبی و “ئەوەی ناودەبرێ بە” دنیای ئیسلامیی. واتا دەسەڵات لێکدانەوە و ڕاڤەی دەقە دینییەکان قۆرخدەکات بۆ خۆی و بەگوێرەی جۆری تێگەیشتنی دەسەڵات کە هەڵبەت لە خزمەت بەرژەوەندییەکانیدا، جۆرێکی دین دەکاتە تاکە تێگەیشتنی سەرەکیی و زاڵ هەم لە پەیوەند بە نێوخۆی ئەو کۆمەڵگایەوە کە ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتدارە بەسەریدا هەم لە پەیوەند بە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگا و دەوڵەتەوە. واتا ئەمە لە بەردەم جۆرێک لە دینداین کە جۆری تێگەیشتن، لێکدانەوە و ڕاڤەی دەسەڵاتدارانە بۆ دین زیاتر لەوەی مانا و کڕۆکی خودی دین بێت کە هەڵبەت بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کە هەر جۆرێکی دیاریکراوی تێگەیشتن بۆ دین کڕۆکی ڕاستەقینە و بێچەندوچوونی مانای تاک و تەنهای دین بێت ئەوە هیچ نییە جگە لە لێدان لە فرەمانایی تێکستە دینییەکان و دابڕینیی دین لە قووڵاییە فرە ڕەهەندییەکەی لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی دین و لە قاڵبدان و بەرتەسکردنەوەی جیهانیی ناوەکیی و دەرەکیی دین و ماناکانی . ئەوەش ئاشکرایە کە لێکدانەوە، ڕاڤە و تێگەیشتنێک بۆ دین سەروەر کراوە کە هیچ نییە جگە لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنێکی لاهووتیی بۆ دین و لەمەشەوە بەرهەمهێنانی تێگەیشتنێکی دەزگایی کۆمەڵایەتیی لاهووتیی لە ئاستێکی هەم جەماوەریی بەرفراوان و هەم چاندنی لەنێو وە هەم بونیادنانی تەواوی دەزگا و ئامرازەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتدارێتی لەسەر ئەو تێگەیشتن، ڕاڤە و لێکدانەوە لاهووتییە بە

دین و دواتریش ناردنە دەرەوە و بڵاوپێکردنی ئەم جۆرە لە دینو ئەم جۆرە لە تێگەیشتن بۆ دین بە تەواوی دنیادا. تێگەیشتنی لاهووتی بۆ دین ڕێگە بە ئازادییی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دین و تێکستە دینییەکان نادات و هەر جۆرە تێگەیشتنێکی دیکە بۆ دین دەخاتە خانەی کوفر و بە تەکفیرکردن وەڵام بە هەر جۆرە خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ دین دەداتەوە. واتا تێگەیشتنی لاهووتی بۆ دین، لێکدانەوە و ڕاڤە بۆ دین قۆرخدەکات و ڕێگە بە ئازادیی تێگەیشتن لە دین نادات و ئەمەش لە دۆخی دنیای عەرەبی و ئیسلامییدا دەسەڵات ئەنجامی ئەدات، لە نموونەی وەهابیزم و سەلەفیزم وەکو تێگەیشتنێکی لاهووتی بۆ دین و بەرهەمهێنانەوەی لە ئاستێکی بەرفراوانی جیهانییدا.

زۆرینەی زۆری توێژەرانی فیکری دینی، مانا پێکدژەکانی دەق، مێژووی ئیسلامی، ئاماژە زمانەوانییەکانی نێو دەق، خوێندنەوەی دەق لەنێو کۆنتێکستە کۆمەڵایەتیی مێژووییەکەیدا و لێکۆڵەرانی دەقە مێژووییەکان لە تەواوی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییدا، لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە و لە چەقێکدا هەمان ئامانج دیاریدەکەن، ئەویش گەڕانە بۆ دوای ڕەسەنێتییدا "اصالە". ڕەسەنێتی چییە؟ واتا گەڕانەوە بۆ ئەو دەقە مێژوویيانەی جیهانی عەرەبیی ئیسلامیی کە شوناسی ئینسانی عەرەبیی ئیسلامییان لەسەر بونیادنراوە. پرسیارێکە لێرەدا ئەوەیە ئەم گەڕانەوەیە بۆ ئەو دەقە مێژوویانە "دەقە فەلسەفی، سۆسیۆلۆژی، ئاکاریی، سیاسیی، ئەدەبی و زانستییەکان" بۆ کام ئامراز و کام کەرەستانە؟ بۆ کام مێتۆدە؟ ئایا مێتۆدە فیلۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی، ئەنثرۆپۆلۆژییەکان ڕەچاودەکەن؟ هەڵبەت نەخێر. ئایا توێژینەوە لە دەقگەلێکی مێژوویی پاڵپشت بە مێتۆدە فیلۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی و ئەنثرۆپۆلۆژییەکان نەبێت دەرئەنجام دەبێتە چی؟ ئایا هەوڵدان بە خوێندنەوەی دەقگەلیی مێژوویی بە مێتۆد، کەرەستە و ئامرازە زانستییە مرۆییە هاوچەرخەکانی دنیای مۆدێرن نەبێت دەرئەنجام بۆ چی دەگات؟

داستانئامێزیی یان چیرۆکئامێزیی

تەواوی دینەکان پێکهاتەیەکی چیرۆکئامێز "قصصی" یان هەیە. ئەوەی بە زمانی ئینگلیزی "myth" و بە زمانی فەرەنسی " le mythe " ی پێدەگوترێ "کە دەتوانین لە زمانی کوردیدا بە داستان وەریبگرین نەوەک ئەفسانە" کاتێک بە زمانی عەرەبی وەردەگێڕدرێت دەبێت بگوترێ "قصص نەوەک اسطورە" چونکە ووشەی اسطورە کە لە قورئاندا هاتووە بەمانای درۆ وِ ناڕاستیی دێت و مانایەکی نەگەتیڤی هەیە "{إنْ هَـذَا إلاَّ أَسَـاطِيرُ الأوَّلِـينَ} ". هەروەها لە قورئاندا

هاتووە "{نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ} "بەیە ئەوە ڕاستە کە گوتاری دینی لەسەر چیرۆکگەل بینا کراوە. هەر لە سەرەتاکانەوە فەلسەفە "فەلسەفەی کلاسیک لە یۆنان" لە خوێندنەوەی میتۆلۆژیای یۆنانییەوە پەنا دەباتە بەر سەرجەم ئامرازەکانی کە عەقڵ دەستبەریان دەکات لە بیرکردنەوە و شیکردنەوە و بەڵگاندن و سەلماندن لە پەنــاو ئەنجامگیری و تێگەیشتنــدا لە کاتێکدا و لە بەرامبەردا مێتافۆڕ، هێما و ئاماژەکان کە لە نێو ئەدەبدا هەیە و هەروەها لە نێو پانتایی گوتاری دینییشدا بە شێوەیەکی گشتی.
ئەو سێ پەرەگرافەی سەرەوە، سێ لە چەندین تەوەری نێو ئەو گفتوگۆیەی محمد ئارکۆنن لە بەرنامەی مەسارات لە کەناڵی ئەلجەزیرە لە ساڵی ٢٠٠٨ لەبارەی ئەو جۆرەی توێژینەوەی ئەکادیمی و لێکۆڵەرانی دنیای عەرەبیی ئیسلامییەوە بە مێژووی عەرەبیی ئیسلامیی و هەروەهــا سەروەر و بالادەستکردنی جۆرێــک لە تێگەیشتنی وەهابییانەی سەلەفیی سعودیی بۆ دین و هەژمونکردنی لە ئاستێکی جیهانییدا.

زمان، یادگە و خەیاڵگەی کۆیی

فەربوونی هەر زمانێک سەرباری جۆراوجۆرێتی لە زماندا لەلای هەر کەسێک، کرانەوەی کلتوری و فەرهەنگی لەگەڵ فەزیلەتی شارستانیی و ئاشنابوون بە یەکێک لە ڕێگەکانی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مرۆیی و یەکێک لە ڕێگەکانی داهێنان و بەشێک لە کەلەپوری مرۆییە. ئارکون سەبارەت بە کۆمینەکان دەڵێت "هەر تاکێک لە کۆمینەیەکی زمانیی لە هەر ووڵاتێکدا ناچارە سەرباری زمانی باوانیی وەکو کۆمینەیەک، زمانی فەرمی ووڵاتەکەش بزانێت کە زمانی خوێندن و زمانی دەوڵەتە. زمان بە توندی پەیوەندیدارە بە دەوڵەتەوە. فەربوونی زمانێک جگە لە زمانی باوان، بەدەستهێنانی سامانێکی کلتوری و شارستانییە بۆ هەر کەسێک. زمان یادگەی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵێک مرۆڤێکە. فەربوونی هەر زمانێک، ئاشنابوونە بە جۆرێکی دیاریکراوی تێگەیشتن و بیرکردنەوە، ڕێگەیەکی دیاریکراوی داهێنان لەلای کۆمەڵێکی مرۆیی، هەر بۆیە یونسکۆ داکۆکی لە مانەوەی زمانەکان و ڕێگریکردن لە لەناوچوونیان دەکات وەک بەشێک لە توراسی مرۆیی"

چواردەی ئەم مانگە "سێپتەمبەر" دەیەمین ساڵیادی کۆچی دوایی بیرمەندی گەورەی "جەزائیری-ئەمازیغی" دنیای عەرەبی و ئەوەی ناودەبرێت بە جیهانی ئیسلامیی، محمد ئارکۆنە، توێژەرێک بە پاشخانێکی توێژینەوەی فیکریی ڕەخنەیی ئەکادیمیی زیاتر لە چل

ساڵییەوە لە مێژوو، گوتار و بونیادە فیکرییەکانی دنیای عەرەبی و مێژووی ئیسلامیی بە خوێندنەوەیەک و تێگەیشتنێکی جیاوازەوە لە خودی دەقی قورئانیش. ئارکون، سەرەڕای زمانی ئەمازیغی کە زمانی باوانی بووە وەکو کەمینەیەک، زمانی عەرەبی، زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزیشی زانیوە. زۆرینەی کتێبەکانی بە زمانی فەڕەنسی نوسیوە و هەندێکی کەمیانی بە زمانی ئینگلیزی نوسیوە.

ئارکۆن خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەندی ئەنترۆپۆلۆژیی بە بەشێکی گەورە لە مێژووی فیکری ئیسلامیی و بە هەندێک لە تێکستەکانی وەکو"الحکمە الخالدە بە فارسی جاودان خرد"ی ئبن میسکەوەی "ئیبن میسکەوەی، زانایەکی گەورەی ئیسلامیی-ئێرانیی سەدەی دەیەمی زایینییە" دەکات. فرە ڕەهەندیی توێژینەوە و نوسین و کتێبەکانی ئارکۆن، وایکردووە ببێتە یەکێک لە زانا و توێژەرە "یەکەمەکان" گەورەکان لە خوێندنەوەی مێژووی فیکری ئیسلامی، ڕەخنەی گوتاری دینیی، شیکردنەوە و ڕەخنەکردنی بونیادە عەقڵییەکانی دنیای سیاسی عەرەبیی و بە تایبەتی ڕەخنەی شیکاریانەی بە توێژینەوە و خوێندن لە ئاستی زانکۆیی و ئەکادیمی لە دنیای عەرەبییدا. ئەم نوسینە وەکو یادخستنەوەیەکە لە توێژەرێکی گەورەی مێژووی ئیسلامی و دنیای عەرەبی کە نزیکایەتییەکی ئێجگار زۆری بە دنیای ئێمەشەوە هەیە. قسەکردن لە مێژووی زیاتر لە چل ساڵیی توێژەرێکی وەها گەورە کات و ڕووبەری نوسینی فراوانتری گەرەکە. تەنها ئاماژەکردن بە کتێبەکانی و ڕانانییان، بە خۆی لە نوسینی کتێب نزیکدەبێتەوە. گرنگە جەدەل و مشتومڕێک کە نوسینەکانی ئارکون لە نێوەندی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی عەرەبییدا دروستیدەکات، لە دنیای ڕۆشنبیری و فیکریی ئێمەشدا دەنگدانەوە و گفتوگۆی لەبارەوە هەبێت.

خوێندنەوەی ئارکون یەکێک لە پێویستییەکانی دنیای ڕۆشنبیریی ئێمە و دنیای ئەکادیمی و کایەکانی بەرهەمهێنانی زانستیی ئێمەیە. تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئارکون، هیچی کەمتر نییە "ئەگەر زیاتریش نەبێت" لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی فەیلەسوفان، کۆمەڵناسان و نوسەرانی خۆراوایی.

منم، کاوەی جوانیی ... ئەوەش، مەرانەی بەشەرەفیی ... ئەحمەد ڕەسوڵ

ئەگەر ئێوە نە تەنە زەوی، بەڵکو ئاسمانیشتان تاریک نەکردایە،
من بەشی خۆم تیشکم دەبوو.
ئەگەر ئێوە هێندە دڵرەقییتان نەبارانداییە،
دەی منیش وەک سارایەکی بێکەران لە نەرمییدا نەدەبوو.
ئەگەر ئێوە، هێندەی گەردی سەر ڕوومەتی بێگەردی منداڵێک
ئاکارتان لە نێو ئەمەدا دەهێشتەوە،
منیش ئێستا هێندە بێڕەحمانە لە دووریی منداڵەکان و
منداڵەکانیش هێندە دەهەڵقرچێنەرانە لە دووریی من
نەدەسووتان.
...
ئای چەند بە سەخاوەتەوە پێشوازیمان لێکردن ئەمە و
چ میهرەبانانە هەموو میهری خۆمان پێشکەشکردن.
ئای چەند بەد هاتن ئێوە و چ دزێویتان لە ڕەحماندا ڕوواند.
ئای چ حیلەبازانە هاتن ئێوە و چ دڕندانە ئەژنۆتان لەسەر سنگمان چەقاند.
...
من بەم هەموو ناسکییەوە کوا تاقەتی شەڕی ئێوە و هەموو دڵڕەقییەم هەیە،
من بەم هەموو جوانییەوە کوا حەوسەڵەی جەنگ لە دزی ئێوە و هەموو دزێوییەی ئێوەم هەیە.
ئێوە چۆن توانییتان تخوبە دوورەکانی دزێوییش تێپەڕێنن!
ئێوە چ جۆرێک بوون لە خراپیی، کە ئیتر خراپیی لە دەرەوەی تەعریف مایەوە.
ئێوە کوێی کام پیشەگەرانەی دەشکاندن بوون، کە هێندە بلووری جوانیی ووردوخاش کەن.
ئێوە چ [illegible]یەکی زەوی بێوەفایی بوون،کە هێندە بتوانن خائینانە بژین.
ئاخر خیانەت و دەشکاندن تا سنورێک دەتوانن هەبن،
ئێوە لەوەشتان تێپەڕاند.
ئێوە چ ئەهریمەنزادەیەک بوون کە ئەهریمەنیش حاشاتان لێبکات.

ئاخر خراپەش تا سنورێک ئەریمەنانەیە،
ئێوە لەوەشتان تێپەڕاند.
…
من کاوەم، هێندە جوانم، لە جوانییدا دەمرم.
من کاوەم، هێندە ناسکم، لە ناسکییدا هەڵدەوەرێم.
…
لە ناسکییدا هەڵوەرین، وەک هەڵوەرینی گەڵا بە شنەیەک،
کێ لە ئێوە دەتوانێ!
لە جوانییدا لە مردن، وەک ئاوابوونی غوباریی دەنگ، دەنگی چڕینی ئەوین،
کێ لە ئێوە دەتوانێ!
توانەوەی من، وەک توانەوەی ئێوارە بە بێدەنگیی لە شەودا،
کێ لە ئێوە دەتوانێ!
من توانیم، لە ناسکییدا، لە جوانییدا، لە توانەوەدا.
…
ئەگەر ئێوە تەزقاڵێک غیرەت و کەرامەت، هێندەی سەرە دەرزییەک جوامێرییتان بوو بووایە،
من بەم هەموو شەهامەت و جەسارەتەوە، بەم هەموو عیزەتی نەفسەوە نەدەمردم.
....

کاوە، ناوی ئەو کەسەی کە لە هەڵەبجە ڕۆژی ٢٦ ی جولای ٢٠٢٠ لە باخی گشتی خۆی خنکاند، ناوەکی سیمبولیکە بۆ هەموو ئەوانەی دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە کۆتاییهێنان بە ژیانیان بە ئارامیی و ڕزگاربوون لە ماندووبوون و تراژیدیای زیندەگییان دەگەیەنێت. جا ئەو هۆکارانەی لە پشت ئەو خودلەناوبردنە چ دەسەڵاتدارێتییە بێباک و نابەرپرسیارەکەی بزووتنەوەی کوردایەتی بێت، چ دەقەڵەقیی و فشاری کۆمەڵگا بێت یان بێئومێد بوون و بێهیوابوون لە نزیکان و دەستانێک کە ڕۆژانێک جێگای ئومێد و متمانە بووبن. واتا لە هەر دۆخێکدا کاتێک ئینسان لە دۆخی بێچارەییدا خودکوژی بە بێ هیچ زیانێک بۆ ئەوانیدی دەکاتە ڕێگاچارە بۆ دەربازبوون لە بێئومێدی و دڵتەنگییە قووڵە بێکۆتاییەکەی جۆرێک لە ئیستاتیکا یان جۆرێک لە بەرائەتی تێدا دەردەکەوێت وەک ئەوەی هەموو ئەوانیتر بەرپرسیار و تاوانبار بن لە ئاستیدا. بەهەرحاڵ ئەم تێکستە دەرکەشانی ئەو ڕەگەزە ئیستاتیکی و ئەو ڕووبەرە لە ناسکیی و پاکییەیە کە دەشێت لە نێو خودی کردەکەدا و هەروەها دەکرێت لە نێو خودی بکەرەکەدا هەبێت. ئەمە ستایشی کردەی خۆکوژی یان هیچ کردەیەکی توندوتیژانە نییە، بەڵکو هەرخەی ئەو کۆتاییهێنانە بە خود وەک جۆرێک لە غەدر دەبینێت

ک□ ه□مووان ل□ ب□رامب□ر خ□کوژدا تیایدا ب□شدارن ب□ش□و□ی□کی نا□است□وخ□. دیسان□و□ و□ک دووبار□کردن□و□ ستایشی خ□کوژی یان هیچ ج□ر□کی توندوتیژی نی□ ئ□م ت□کست□ ه□ند□ی نیگای□کی شیعریی□ ل□و ت□نها ک□وتن□و□ی□ی ئینسان ل□ د□خی دوورک□وتن□و□ی ت□واو□تی ل□ ه□مووان و ب□ □ادد□ی□ک ک□ ئیتر □□گای □□های د□ربازبوونی ل□ ک□تی زیند□گی، ت□نها ل□و کرد□ی□دا د□بین□ت.

ئ□حم□د □□سو□

سیستم ل□ ئاست جددی□ت و گا□ت□جا□یی … ئ□حم□د □□سو□

ئ□ت□ر□تی ل□س□ر دیسپلین و یاسا بیناد□کر□ت.

ک□ د□□□ین یاسا د□ب□ت ه□□ما ب□ ئ□و□ بک□ین چ □ست□ک ل□ یاسا؟!

یاساگ□ل□ک ک□ ک□شوه□وای ف□زای گشتی د□ک□ن□ ک□شوه□وای ن□و د□زگاکان، د□زگاکانیش قاندراو ب□ ه□وای□کی خنک□ن□ر. ه□وای یاسا توند□کانی چاود□ری و سزا. واتا ه□وا□دان ب□ سیمیلاریز□کردنی ف□زای گشتی “جا ف□زای گشتی- واقعیی و□ک شو□ن□کانی پ□کگ□یشتن و ک□بوون□و□ی هاونیشتمانییان ل□ باب□ت پارک، ناو□ند□ کلتوری و ف□ره□نگیی□کان، ش□قام و قاو□خان□کان …هتد ب□ت یان ف□زای گشتی- م□جازی و□ک ت□□□کانی پ□کگ□شتنی ک□م□□ای□تی و ما□پ□□ و □ووب□ر□کانی د□رب□ینی بیرو□ا و گفتوگ□ی خ□□ک ل□ □□گای ه□□□کانی ئینت□رن□ت و ئام□ر□ ت□کن□ل□ژی□کان□و□ ب□ت” ب□ ف□زای ن□و د□زگا بیر□کراتیی□کانی ج□ست□ی ئ□ت□ر□تی خ□ی. یاساگ□ل□ک ک□ نو□ن□رای□تی ئ□ت□ر□تی د□ک□ن دژ ب□ ه□ناس□دانی ئازادان□ی تاک□ک□س□کان.
ل□ر□دا یاسا ب□ج□ی ئ□و□ی ئازادیی ف□راه□م بکات و بیپار□ز□ت خ□ی د□ب□ت□ م□ت□ک□ دژ ب□ ئازادیی تاک□ک□س□کان. ک□س□کان د□ب□ت □□فتار و گوفتاریان ل□ چوارچ□و□ی یاسا و دیسپلین ب□ت، ه□□ب□ت یاسا و دیسپلین ک□ ل□ خزم□ت ئ□ت□ر□تیدای□. واتا یاساکان و □□نمایی□کان ک□ ب□س□ر د□زگاکاندا داد□سپ□نر□ت و دواتریش ه□و□د□در□ت ه□مان ئ□و ئ□تم□سفیر□ ک□نت□□□کراو و د□ستب□س□رداگیراو□ی ن□و د□زگاکان

بگوازرێتەوە بۆ نێو فەزای گشتی. واتا هەمانشێوەی ئەتمۆسفیری نێو دەزگاکان، ئەتمۆسفیری فەزای گشتییش کۆنترۆڵبکرێت و دەستیبەسەردا بگیرێت.

لەم جۆرە سیستمەدا ئۆتۆریتی هیچ نیە جگە لە دەسەڵاتدارێتی بەسەر کۆمەڵگا وەک ڕووبەرێکی گشتیی کۆمەڵایەتی، گروپ و تاکەکەسەکاندا بەمەبەستی هەرچی زیاتر بێدەنگکردنیان کاتێک سیستم پێویستی بە بێدەنگییە "هەڵبەت لەم دۆخەدا بێدەنگیی مانای نەبوونی بەرەنگاری و ناڕەزایەتی دەگەیەنێت" وە دەنگپێهەڵبڕینی کۆڕئاسایان کاتێک سیستم پێویستی بە ماڕشی گەورەیە بۆ نمایشیی هێز، توانایی و گەورەیی خۆی. واتا لە نێو ئەم جۆرە سیستمەدا نە بێدەنگیی، بێدەنگیی ئینسانەکان خۆیانە و نە دەنگهەڵبڕینیان، هاتنەدەنگیی ڕاستەقینەی ئینسانەکان خۆیانە. بەڵکو هەم بێدەنگیی و هەم دەنگهەڵبڕینی خەڵک "لەم دۆخەدا"، بێدەنگیی و دەنگهەڵبڕینی سیستم خۆیەتی، بۆیە ئیتر شتێک نامێنێت بەناوی دەنگ و بەرجەستەکردنی کۆمەڵگا بە ئەوەی لە نێو هەناویدایە، بۆیە شتێک بەناوی ئازادیی تاک و گروپەکان لەمجۆرە سیستمەدا نەک ناتوانێت هەبێت بەڵکو دەبێتە هەڕەشە بەسەر سیستمەوە.
بۆیە ئەم جۆرە لە سیستم بەگشتی، دۆخی جدییەت و وابەستەیی دەکاتە دۆخی باو و زاڵ لە ژیانی ڕۆژانەییدا. دەزگاکان و فەزای گشتیی دەبنە شوێنی نمایشی یاساکان و دیسپلینەکان بە ئامانجی کۆنترۆڵکردن و بەڕۆبۆتکردنی تاکەکەسەکان.
ئۆتۆریتی "لەمجۆرە سیستمەدا" واتا دەسەڵاتی بێسنوور و لەدەرەوەی کۆنترۆڵ و چاودێریی بازنەیەک لە کەسانی سەروویاسا و سەروولێپرسینەوە بەسەر تەواوی دەزگاکاندا، بەسەر دەسەڵاتدارێتی خۆشیدا. واتا ئەم جۆرە لە سیستم نە کۆمەڵگا و تاکەکەسەکانی کردووە بە ئامانجی خۆی بەمەبەستی لە خزمەتدابوون و پاراستنیان، وە نە بەرژەوەندی گشتیی و ژیانی پێکەوەیی ئینسانەکانی کردووە بە ئامانج، تەنانەت نە یاساکان و دەزگاکانیشی کردووەتە ئامانجی خۆی، بەڵکو ئەوەی لە ئامانجیدایە و لە هەناویدا چێنراوە بە لەخزمەتدابوون و پاراستن، دەسەڵات و ئۆتۆریتیی بازنەیەکی بچوکە کە دەشێت بنەماڵەیەک بێت یان زیاتر وە یان گروپێکی پێکهاتوو لەگەڵیەکدا یان هەندێجار تەنها کەسێکە لە لوتکەی هەڕەمەکەدا.

سیستم وەک ڕوخسارێکی گرژومۆن، گاڵتەجاڕیی وەک دژوەستانەوە بە سیستم

ئیتر لێرەدا سیستم و ئۆتۆریتی دەیانەوێت بچنە هەر کونج و

کلبرکو و هیچ پنتک نمنتو ل ژیانی کمگا و ووبری گشتییدا دستیانپانگیشتبت و ب یاسا و ئمر و نهییکان دیسپلین و کنتنکرابت. بی سیستم هموو ووبرک ب جدیت و سمییتی خی دادپشت. واتا سیستم، هم دزگاکان و هم فزای گشتی "واقعی و مجازی" دکات شونی بلاغ سمییکان و قس و گوتار جددیکانی دسات خی. بام لردا دبت هما ب ئو بکرت، ک پشتر باسلوکرا ک بدنگی و دنگهبینی خک ئو کاتی ک سیستم دیوت، واتا سیستم دیاریدکات کی ئینسان بدنگ بت و کی دنگی هبت. بهمانشو سیستم خی ئوش دیاریدکات ک چن و کی و تا چند بمان هی کمیدی و نوکتباز بین. واتا ئو سیستم ک دمانکات بوقی دنگدانوی نوکت و گالتجاییکانی خی. ئترتی ل هند ساتدا "ک زر نیین" نوکتیک و کمیدیایک دنت گ و ل دوای ئوو ئم بمان هی پبکنین و نوکت و فشقیاتکی ئو چندین جار بینو و سرسام ببین پی ل شادیهنیی و خندزاییدا. تنانت لم دخدا ئگر تاککسکان پکنینان نیات و نوکتکی ئترتیی و سیستم ب نوکتکی خش و خندهن نزانن و دانن، دکون بری دژ ب دیسپلین و دژ ب یاسا و لو دژ ب سیستم.

بوپیی ئم جر ل سیستم هر ناجددییبونک ب درچوون ل دیسپلین داد نت و هر جر گالتجاییک ب لقبوونی دساتی خی دزانت، هبت جگ لو ساتنی ک خی برهمهنی ناجددییبوون وک پشتر هماى ب کرا، بی هموو کات و ل هر شونک سیستم ل گای یاسا اگینراو و انگینراوکانیو، ل گای دیسپلین استوخ و نااستوخکانیو، شوناسیی جدییبوون و سمیبوون وردگرت. جدیت و سمییبوون سر ب سیستم و ناجددییبون و نارسمییبوون دبت لاساریی و بگویی ل ئاست سیستمدا. لرو گالتجاییی و فوکاهت مانای یاساشکنیی و لادریی "لادان" وردگرن و دبن دوژمنی سیستم. ل دخکی وهادا هر جر فشقیات، نوکت و گالتجاییک ک بدر ل پدان و متی دسات و سیستم بت "واتا ل دروی ئو سات و مبستن بت ک سیستم و ئتریتی خی برهمهنی ئو فشقیات و گالتجایی" و وک کردیکی یاخیگران و دژ ب سیستم للاین سیستمو و وک کردیکی ششگانی ئازایان و ئازادان للاین خکو هژماردکرت.

کاتک باس لمجر ل سیستم دکرت و ئو خواست توندی دساتخوازیی ئامای پدکرت، خبخ مرج نی ک سیستم و دساتداریتیک ل بردممداندا بت ل بابت کریای باکوور و

بەدەر لەوە نەتوانین بە ناونانی هیچ سیستم و ئۆتۆرێتییەکیدی بەکاریبهێنین. سیستمێک و دەسەڵاتدارێتیەک کە لە کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە “بە تایبەت و بە دیاریکراوی لە دوای کەوتنی بەعسەوە لە ٢٠٠٣” پایەدارە و کاری بۆ دەکرێت لەمجۆرە سیستمەی بەڵام هێشتا توانایی داپۆشینی هەموو درز و کەلەبەرەکی نێو کۆمەڵگای ئەمەی نییە و هێزی لەنێوبردنی ئەو پەڕاوێزەی خۆ بەرجەستەکردنی خۆیەک “بە هەموو شێوازەکانیەوە” ی نەبووە. واتا خواستەکی توندی دەسەڵاتخوازیی و هیرارکیەتەکی ئۆتۆرێتی کە هەنگاو بەرەو دامەزراندنی سیستمێکی لەوجۆرە دەنێن ئامادەن، بەڵام هێشتا توانایی سەراپاگیری و دیسپلینی نەگەیشتەتە ئاستی کۆنتڕۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی تەواوی ڕووبەری گشتی و هەموو کۆمەڵگا.
کۆمەڵگای کوردی لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ ەوە “هەڵبەت پێشتریش ناڕەزایەتی و بەرەنگاربوونەوەی سیستم بە جۆری جیاواز و لە وێستگەی جیاواز و لەسەر ڕووداو و بڕیاری جیاواز هەبوون، بەڵام مەودایەکی کۆمەڵایەتیی بەرفراوانیان نەبووە، بەڵکو ئەوە لە دوای ٢٠٠٥ ەوەیە کە نارەزایەتی و توڕەیی خەڵک بە جۆری جیاواز تەعبیر لە خۆی دەکات و لەسەر ئاستێکی گشتیی و کۆمەڵایەتیی بەرفراوان خۆی بەرجەستە دەکات” دەستیکردووە بە ئەزموونکردنی هەموو ڕێگاکانی بەرەنگاریی و بەرجەستەکردنی ناڕەزایەتی و توڕەبوونەکانی خۆی لە ئاست دەسەڵاتدارێتیەک کە جگە لە بەرژەوەندییەکانی خۆی و پترکردنی هەژموونی خۆی بەسەر کۆمەڵگاوە هیچیدیکە نازانێت. لە ساڵی ٢٠٠٦ و سوتاندنی مۆنیومێنتی شەهیدانی کیمیاباران لە هەڵەبجەوە تا ئێستا ڕێگاکانی نارەزایەتی توندوتیژانە، سوتاندن، خۆپیشاندانی بەردەوام و گردبوونەوەی بێشومار و تا دەگات بە ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی و دواتر بە هاوار و توڕەبوونەکانی سەر تیڤی و وتار و نوسین لە مەدیا و ئەم چەند ساڵەی دواییش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەڵام بە درێژایی ئەم هەموو ساڵانە و لە تەنیشت هەموو جۆرەکانی نارەزایەتی و کردەی بەرەنگارییەوە، شێوازێکی دیکەی بەرەنگاریی و دژوەستانەوە بە سیستم، بە دەسەڵاتدارێتی و بە تاکەتاکەی دەسەڵاتدارانیش و لەسەر هەر ڕووداو و دیاردەیەک، شێوازێکی کاریگەر و زوو بڵاوبووەوە بە نێو کۆمەڵگادا، شێوازی شیعری ساتیری، نوسینی کۆمیدی، کاریکاتێری ڕەخنەگرانە و فشقییات بە یاسا و دیسپلیەکان، ڤۆیسی قەشمەریکردن بە سیستم و ڤیدیۆی گاڵتەپێکردن و پەڕابواردنی هەندێجار، بە سیستم و دەسەڵاتدارێتیەکە، هەندێجار بە دەزگاکان و دەسەڵاتداران بووە. ڤیدیۆی گاڵتەجاڕانەی زۆر بڵاوبووەوە بە نێو خەڵکدا لە نموونەی ڤیدیۆکانی کۆچکردوو کاک عەبدوڵڵا هەڵەبجەیی، چەند ڤیدیۆکەی کاک سەردار “لەبەینی دوو

کەوانەیا" لە ماوەی پێشوو، هەروەها لەم چەند ڕۆژەی پێشوو ڤیدیۆی کەسەکە لە پشت "وابزانم" بلۆکەکەوە بەشێوازی چاوشارکێ لە سەر کۆمپەینی "کوا٤٠٠ملیارەکە؟".
لەوانەیە هەندێک وابزانن یان وایادەگەیەنن کە گوایا ئەو شێوازە لە ڕەخنە و دژوەستانەوە بە ڕووی دەسەڵاتداراندا، بەکاریگەر و تەنانەت جۆرێکە لە خۆخاڵیکردنەوەی بەئەنجام کە کاریگەریی لەسەر هێوربوونەوەی تووڕەیی خەڵک دادەنێت لە پێنا نەبردنە بەر ڕێگاکانیتری بەرەنگاریی. بەڵام من بەپێچەوانەوە دەیبینم، جگە لەوەی یەکێک لە ئامرازە گرنگ و ئاسانەکانە بەدەست خەڵکەوە بە فشاردانان لەسەر دەسەڵات و دەسەڵاتداران و تەنانەت بەڕاددەیەک دەتوانین بڵێین کاریگەرە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی میللیی و کۆیی لە بەڕووداوەستانەوەی دەسەڵات و دەسەڵاتداراندا، ڕێگایەکی کاریگەریشە لەسەر دەسەڵاتداران بەڕاددەیەک هەندەی وێنەی دەزگایەک یان دەسەڵاتدارێک بە چەند ڕستە و گوزارشێکی قەشمەرجاڕانەوە دەزگاکان و دەسەڵاتداران بێزار و نیگەران دەکات، لەوانەیە بە چەندین ئامرازی دیکەی فشاردانان نەتوانن ئەو کاریگەرییە جێبهێڵن لەسەر دەسەڵاتداران. قەشمەریپێکردن و تانەلێدانی دەزگاکان بە گوزارش و وێنەی گەپئامێز و فشقیاتئامێزەوە دەتوانێ زەبرێکی کاریگەرتر بێت کە لە شکۆی ڕەسمیی ساختەچییانە و قاوغی بەتاڵی جدییانەی دەسەڵات و دەسەڵاتداران بدرێت.

گەڕان بەنێو جەنگەڵەکاندا ... ئەحمەد ڕەسوڵ

دەڕۆم تا فەرامۆشیی لە هەموو شتێک،
دەڕۆم تا شلبوونەوە، تا بەهەڵمبوون،
دەڕۆم بە نێو جەنگەڵەکانی ڕۆح،
بە دوای قالۆنچەیەکدا کە بێتاقەتە لە خۆی، دەگەڕێم.
بە دوای کرمێکدا کە نیگەرانیی دایگرتووە،
بە دوای گەڵایەکدا کە بەر لە وادەی خۆی کەوتە خوارەوە،
بە دوای ژیژکێکدا، کە نەرم نەرم لەنێو ئارامییدا،

گل□یی□کانی د□رھ□ق ب□ د□ر□قیی باران،
ل□ س□ر □□گای یاد□و□ری خ□ی د□نوس□ت□و□، د□گ□□□م.
ب□ دوای □□ش□بای□کدا، ک□ و□کو چ□ق□□ د□لوور□ن□ ل□ تاو ئازار،
د□گ□□□م.
تاق□تی ئ□و□م نیی□، بچم□ ب□ر تاڤگ□ی ج□نگ□□□کان،
ئاسود□ ل□ پ□رشبوون□و□ی تیشک و د□□پ□ ب□خ□یا□□کانی ئاو بن□□م.
د□چم□ ن□و ج□گ□□□کان تا ل□ قوو□اییدا بگ□م□و□ ب□ لمی ناک□تای
ئ□ند□ش□کان،
بگ□م□و□ ب□ س□راب و بگ□م□و□ ب□ د□ی س□وزیی بیابان.
تا س□وزایی د□خ□م□و□ ن□و د□ی ژیان، د□گ□□□م.
...
ناچم□ ن□و ج□نگ□□□کان□و□، تا ل□ پای د□زین□و□ی
گو□□کی د□گم□نیی پ□□خ□ند□زا*،
ھ□ستی ناواز□یی بچ□ژم.
ناچم تا ب□ن□و م□ستیی شن□ی بادا ت□پ□□ ببم.
ناچم تا خ□م ل□ ش□ و ب□نی ت□□ی در□ختان ھ□□ک□شم.
...
د□چم□ ن□و ج□نگ□□□کانی د□روون
ب□دوای □ازی خ□ح□شاردان و
نھ□نیی□کانی □اکردندا، د□گ□□□م.
خ□ح□شاردانی ئینسان ل□ خ□ی و
□اکردنی ل□ ئ□وانیدی.
ب□ دوای ک□شفی خ□فریودانی شادمانیی
ب□ ت□پ□□ بوون ب□ ز□ماندا، د□گ□□□م
ب□ دوای ت□گ□یشتن ل□ □است□قین□ی د□ت□نگیی و
ح□قیق□تبوونی تراژیدیادا ب□ ت□دابوون
ل□ ن□و کاتدا، ل□ ھ□ر شو□ندا، د□گ□□□م.
د□چم□ ن□و قوو□ایی ج□نگ□□□کانی د□روونم،
تا □□شنایی، تن□ک تن□ک
ھ□□□ژم□ ن□و د□روونی ش□و.
ب□□ام ھ□ر ت□پ□□یین ب□ ج□نگ□□□ک□ندا
ت□پ□□یین□ ب□ ش□ودا، تا دوایی ش□و، ھ□ر ش□و.
د□چم□ ن□و ج□نگ□□□کانی نائاگایی،
تا ئاس□ی□کی □ووناک بد□م ب□
د□ی تاریکی بوون.
ب□□ام بوون ل□ ن□و تاریکیدا
د□توان□ چ پ□نج□ر□ی□ک و چ ئاس□ی□کی ھ□ ب□ت

□□ش نەبێ؟!

…

دەچمە نێو جەنگەڵەکان

جەنگەڵەکانی خەیاڵ و جەنگەڵەکانی زمان.

بە دوای ووشە دروستکراوەکانی نێو خەیاڵی ئەهریمەن و

ڕستە کوژراوەکانی نێو سەری جەنگدا، دەگەڕێم.

بە دوای تیشکە تاریکەکانی ئاسمانیی ساردیی خەیاڵ و

دیمەنە ترسناکەکانی داڵغەدا دەگەڕێم.

بە دوای مانادا لە نێو خەیاڵییی بێڕەنگیی زماندا، دەگەڕێم.

دەگەرێم لە نێو قووڵایی جەنگەڵەکانی زمان و تاریکستانە چڕەکانی خەیاڵ.

دەچم تا لە نێو خەیاڵەکیدی و زمانەکیدی

وون دەبم تا بگەڕێم.

دەگەڕێم بە مانایەکیتر.

تا مانایەکیدی بە زمان و مانایەکیدی بە خەیاڵ بدەم،

لە نێو خەیاڵ و لە نێو زمان، مانایەکیدی بدۆزمەوە.

تا دەزینەوەی مانایەکیدی، وون دەبم.

…

دەڕۆم بە نێو جەنگەڵەکان، دەگەڕێم.

دەگەڕێم تا وونبوون.

....

▪ پەڕخێندەزا: ووشەیەکی داتاشراوی هەر سێ ووشەی پەڕ “پەڕەی گوڵ” ، خێندە و تەزانە. واتا پەڕەی گوڵ کە خێندەی تەزا بێت.

□ی□ … کۆرۆنا … ئەحمەد ڕەسوڵ

“بازرگانی و هەر جۆرە چالاکی و جوڵەیەکی مرۆیی پەکی کەوتبوو. خەڵکی بە توندی نیگەران بوون بەرامبەر دەردێک کە بووەتە هۆی تێکدانی ئەو شێوە ژیانەی کە دەقیان پێوەگرتبوو لەگەڵ ئەو خوو و نەریتە باوانەی کە هەست و دەروونی ئەوانی لەسەر ڕاهاتبوو. بەڵێ خەڵک تووشی شڵەژان، ترس و توڕەیی لەو پەتا تازەیە هاتبوون چونکە تاعون بووبووە لەمپەر لە بەردەم هەست و خوویاندا لەلایەک و

بەرژەوەندییەکانیشیان لەلایەکی دیکەوە. بەڵام بەرەنگاربوونەوەی تاعون کوا بە گوێرەی هەست و بەرژەوەندییەکان بەڕێوەدەبرێ؟!"

ئەوەی سەرەوە پەرەگرافێک لە نێو ڕۆمانی "تاعون The Plague" ی ئەلبێر کامۆیە لە ساڵی ١٩٤٧ بڵاوکراوەتەوە کە باس لە سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی تاعون دەکات لە شاری کەناردەریایی "وەهران Oran"ی جەزائیر لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستدا. شاری وەهران "ئۆران" لە مێژووی خۆیدا چەندین جار بڵاوبوونەوەی پەتا و تاعونی بە خۆیەوە بینیوە کە دواهەمینیان لە ساڵی ١٩٤٤ دا بووە. هەڵبەت کە هەموو ئەو جارانەی پەتا یان تاعون لەو شارە بڵاوبووەتەوە، ژمارەی توشبووان و قوربانییان ڕێژەیەکی زۆر نەبووە.

ڕۆمانەکە چەندین کارەکتەری جودا و دژبەیەکی تێدایە لە باری بۆچوون و جیهانبینییەوە لە ئاست کێشەگەلی وجودی و هەم لە باری بەرپرسیارێتی و ڕژدبوون "جدیەت" ەوە لە ئاست ژیانی کۆمەڵایەتی و فەزای گشتییدا. ئەم بیر و تێگەیشتنە جیاوازانە لە گفتوگۆیەکی قووڵ و درێژدان لەمەڕ پرسگەلی جوداوە، بەڵام ئەوەی کە هەمووان دەخاتە نێو یەک بەرەوە و وادەکات هەمووان هاوشانی یەکدی ڕاوەستن، بڵاوبوونەوەی تاعونە.

دکتۆر بێرنارد ڕیۆ کە پاڵەوانی سەرەکی نێو ڕۆمانەکەیە، کەسێکی بیرفراوان و ڕۆشنبیرە کە پیشە و زانستی پزیشکیی وەک ڕێگایەک بۆ بەرجەستەکردنی لەخەمدابوونی ئینسان و بەتەنگەوە چوونی مرۆڤ دەبینێت و فریاکەوتنی ژیان و ڕزگارکردنی ژیان بە کاری هەرە سەرەکی و لەپێشینەی خۆی وەک ئینسانێک بە تەنیشت هەموو ئینسانەکانی دیکەوە، هەم وەک پزیشک کە پیشەیەکە بە تەنیشت هەموو پیشەکانی دیکەوە و پتر نیە و زانستی پزیشکییش زانستێکە بە تەنیشت هەموو زانستەکانی دیکەوە، دەبینێت. دکتۆر ڕیۆ لە پەیوەندییەکی قووڵ و پڕ گوتوبێژدایە لە تەک کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی کە لە دەوروبەریدا دەژین، کە پیشەی جیاواز و پلەی خوێندەواری و بڕوانامەی جیاوازیان هەیە. دکتۆر ڕیۆ لە سەردان و دەواکردنەکانیدا بە نەخۆشەکانی هێندەی ژیانپێبەخشینەوە و چاککردنەوەیانی بە گرنگە هێندە ئەوەی بە گرنگ نیە کە وەک پزیشکێکی زیرەک و دانا ببینرێت، هێندەی پێبەخشینی ئاسودەیی و ئارامیی دەروونیی بە نەخۆشەکانی و پێشکەشکردنی ڕێز و خۆشەویستی بە ئەوانی پێ گرنگە هێندە کەڵەکە کردنی سەروەت و سامانی بە گرنگ نیە. هێندەی زیندەگیی، جا هی هەر کەس بێت، بە گرنگە هێندە پارەوپوڵی بە گرنگ نیە.

ڕیۆ هەر لەسەرەتای دەرکەوتن و کەم کەم بڵاوبوونەوەی تاعونەوە، کە کەم کەم و دواتر زیاتر و زیاتر هاتنەوە دەرەوەی مشک و جرجەکان بەنیوە مردوویی و لە دەخی گیانەڵادا لە زێراب و سەرەنوێلک و شوێنەکانی دیکەوە و دەرکەوتنیان بە مردوویی لە هەر کون و قوژبنێکدا هەمای سەرهەڵدان، دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی پەتایەک بوو کە دواتر بوو بە تاعونێکی ترسناک و کوشندە، ڕیۆ هەر زوو دەرکی بە گەورەیی و دڕندەیی تاعونەکە کرد و بۆیە تەواوی ووزە و توانای خۆی کۆکردەوە و خۆی بە تەرخانکرد کە بەو هۆیەوە پێڕا نەدەگەیشت بە دەواکردن و ئاگالێبوون لە هاوسەرەکەی خۆی کە نەخۆشییەکی درێژخایەنی هەبوو.
“یەکەمین شتێک کە تاعون بە دیاری بە هاووڵاتیانی ئێمە هێنای، نامۆبوون بوو. واتا غەریب بوونی مرۆڤ بە شار، شەقام، شتەکان و مرۆڤەکانیدی”
دوای ماوەیەک، گشت دەروازەکانی شارەکە داخران و شارەکە بە تەواوی دابڕنرا “بە قەولی ئەستا کەرەنتینquarantine یان کەرەنتایم quarantime کرا” لە شوێنەکانیدی، کە ئەمەش بوو بە هۆی لێکدابڕانی خەڵک لە نزیکان و خۆشەویستانیان. واتا تاعون بوو بە هۆی لێکدابڕان و ئاگالێنەمانی خەڵکی لەیەکدی تا ڕاددەی نامۆ بوونی خەڵک بە یەکدی و تەنانەت نامۆبوون بە شوێن و شتەکانیش.

ڕیۆ لە گفتوگۆکانیدا هەندێ بە قووەی ئەرگیومێنتسازیی دەکات دەربارەی هاوکاری و هاودەردی بە مرۆڤ تا ئەوەندەی ئیمکان و لە توانا و تێگەیشتنماندا بێت نابێت کەمتەرخەمی بکەین بە هەر کەسێک کە پێویستی پێمانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێداهەڵگوتن و ستایش یان پاداشت و سوپاسێک کە بەدەستی بێنین لەوپێوەندەدا. ئەنجامی گوتوبێژەکان بەو بارەدا دەکەوێتەوە کە هاوڕێیانی ڕیۆ خۆبەخشانە چەندین گروپ و تیمی تەندروستی پێکدەهێنن بۆ هاوکاریکردن و فریاکەوتنی ئەوانەی تووشی تاعون دەبن و کارئاسانییکردن بۆ پزیشک و پەرستاران لە نەخۆشخانە و ناوەندەکانی چارەسازییدا. هەندێ ژمارەی تاعونلێدراوان زۆر دەبن تا وایلێدێت بواری خواردن و خەوتن هەندێ کەم دەبێتەوە بۆ پزیشک و پەرستاران هەروا بۆ خۆبەخشانی تیمە فریاگوزارییە تەندروستییەکان بە ڕاددەیەک تەنها چەند کاژێری کەم خەوتن و تەنها دوو ژەم خواردنی بەپەلە، بەڵام ڕیۆ هەندێ شەو هیچ ناخەوێت و هەندێ شەویدی تەنها چەند کاژیرێکی زۆر کەم هەروەها خواردنیش تەنها ژەمێک.

لە وەها دەخێکدا، یەکێک لە خۆبەخشانی تیمە فریاگوزارییەکان کە

هاو□□ی□کی □ی□ی□ و ل□ گفتوگ□کانیاندا بیروب□چوونی جودا و ه□ند□کجار دژ ب□ بیروب□چوونی □ی□ی ه□ی□، ل□ کاتی س□رقا□بوون ب□ تاعونل□دراو□کی ز□ر ب□ت□م□ن ک□ خ□ی ل□ بن□مادا ن□خ□شیی دیک□شی ه□بوون، و□ ب□و ه□کار□ی ک□ تاعونل□دراوان گ□ل□ک ز□رن و فریاناک□ون، ه□رو□ها ه□مووان □وون د□زانن ک□ کابرای ز□ر ب□ت□م□ن د□مر□ت، ب□ج□ر□ک ه□ر خ□ پ□و□ س□رقا□کردن□ک و د□واکردن□کی ن□ک نایگ□ی□ن□ت□ چاکبوون□و□ ب□□کو ناتوان□ت چ□ند □□ژ□کیتر زیاتر بخات□ س□ر ژیانی ئازاراویی و واو□تریش هیچ چار□س□ر و ت□دا م□سر□فکردن□کی د□وا و د□رمان ت□نان□ت ن□ک □□ژ□ک ب□□کو چ□ند کاژ□ر□کیش ناخات□ س□ر ت□م□نیی، ب□ی□ هاو□□ک□ی □ی□ د□□□ت با واز ل□وان□ ب□نین ب□ خ□یان بمرن ک□ ه□ر د□مرن ه□رچی بک□ین و ن□ک□ین، ب□ج□ی ئ□و□ ب□ خ□□کی دیک□و□ س□رقا□ بین و ئ□و د□واود□رمان□ ک□ هات□ت□ کزی و ز□ر ک□م بوو□ت□و□ ب□ ئ□وانی دیک□ ب□کارب□نین ک□ □□نگ□ ئ□نجام□کی ه□ب□ت. ب□□ام □ی□ و□ک ه□میش□ ب□چون□ ن□گ□□□ک□ی خ□ی پات□ د□کات□و□ و د□□□ت:
